# دەربار

خوسرەو جاف

٧

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# دەربار

خوسرەو جاف

بەرگی حەوتەم

ناوی کتێب:دەربار – بەرگی حەوتەم
نووسینی:خوسرەو جاف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤٥٩
نووسیاری – تحریر: فەخرەدین ئامێدیان
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٤٠)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

## ٩١

من نازانم تۆ چ ناوێکی لێ دەنێی: خوا، ڕێکەوت، نووسراو، چوزانم... هەروا بوون، سروشت یا کرداریێکی ڕەها و بەرەڵا لە چوارچێوە دیارییەکاندا. کە بەخۆما دەچمەوە دەنوارم سەرتاسەری بوون و ئەندێشە و ناخمت داپۆشیوە و پەیتا پەیتاش داتگرتووەتەوە، یەک بەدوای یەکدا شەپۆلەکانی ئۆمێد، مل دەنەن و بەو ئەندازەشە لە شێوە و شەمایلت نزیکتر و دەسەمۆتر دەبم.

ئیتر بوومەتە گۆڕەپانی ململانێی بوون و نەبوون و لە بێدەنگستانی تەواجودما دەمێک ملکەچی کپی و ماتەمی و پەل و پۆ قرتاو دەستەپاچە و ئاواتەخواز وەک نارنجۆکی تەقیو بەسەر هەستەکاندا پەخش و بڵاو دەبمەوە، دەمێکی دی لام وایە بۆش و بەتاڵ و پڕو پووچم. ئەمن لەوەی دڵنیام میوانێکی پێنەکەوتووی دونیای پڕ لە ڕەنگ و زەرافەتم و ڕێم کەوتووەتە دەوروبەرێک، پێی نامۆم و نەڕیشووم لە زەویدا گیرەو هاوارەکانیشم بێ تەکبیرە. من دان بەوەدا نانێم دەڵێن عیشق کوێرە؛ عیشق بەشێکە لە حەقیقەت. حەقیقەتیش لە جویەی دوو چاو، بگرە هەزاران چاوی هەیە؛ بۆیە هیچ دەسەڵاتێک نەیتوانیوە بۆ هەمیشە حەقیقەت کوژبێت. لە حەقیقەت گەڕێ. دوێنێ بیرم لە تۆ دەکردەوە ئاوڕم لە بێستوون دایەوە. سەرپۆپەکانی هەور و هەڵاو تەم و مژ دایگرتبوو. لە بێستوون و خۆم وردبوومەوە، تاروپود و ناخ و دەروونم کەوتنە لەرزین و حەشۆکە، ئەوی ئەندامم هەیە وەک پەڕی بەر

با هاتنە لەرزین. تەنها دڵم نەبێت لە ڕیتم و لێدانی خۆی نەتەرازابوو. ترس و تۆقیان و تەماح لە دڵی مندا لانەوازە؛ ئەوی تیادا خاوەنی باوەو ناوە، تەنها تۆیت و تویێی پڕە لە تۆ، سڕە بۆ هەوەسەکانی دی و حەزە گومراکان. تۆ بۆ خۆت ئازادی چۆن چۆنینم تێ بفکریەت. ڕۆژێک لە ڕۆژان تێفکریەیت و خۆت بدوێنی، لاساری و عەقڵ و ویژدان بخەیتە تای تەرازووەوە؛ دڵنیام خۆت سزا دەدەیت و هاوارە بێ وەڵامەکانم هەنۆز لە گلارەو سۆمات دەرفێنێت و عەرەقی پەشیمانی و دوودڵی دەنیشێتە ڕوخسار و ڕووت و ئەو دەم نووشراوو زامی زۆراو بێ سوود و هیچی هیچ.

همایون گیان!

ناخ و دڵ و دەروونم دەکولێت، ئا لە تاودا ملّق دەدەن. نازانم وا تاوم گرتووە هی گڕوکڵپەی دەروونی پڕجۆش و خرۆشی خەڵکە بێ بەش و مەحروومەکەیە وا واگیری منیش بووەو دە چەندان بڵێسەی خستووەتە ناخ و بیر و ئەندێشەمەوە؟ ڕۆژ بەڕۆژ شار و شەقامی وڵات و دەوروبەر گورج و گۆڵانە بەرەو ململان و دەواو دەرمان دەڕوات. بەندە ئەوەندە لە زەد و بەند و بیگرە و بەردەی سیاسەت و بۆچوونەکان ئاگادار نیم؛ بەڵام ئەوەی دەزانم دونیاکەی وڵاتمان قۆناغی گۆڕاوە و دەنگمان دەگاتە پەردەی گۆیەکان. ئەو گۆیانەی وا ساڵەهای ساڵە لە هاوارەکانمان کەڕ و بێ دەربەست لە دوورەوە تێیان دەنواڕین. وا بۆمان هاتوونەتە جواو و لە دوورەوە پڕوپاگندەی سوودبەخشی جوان و بزەی هان و گوڕی ململانمان زاخاو دەدەنەوە. من بۆ خۆم لەگەڵ خۆما بڕیارم داوە لەم ململانەدا ئەوی لە دەستم بێت، بیکەم. وەنەبێت لەبەر شۆڕدنەوەی تانەو ناتۆری خەڵکی بێت

دەرحەق بەبابم، کە هاوکار و دەست و پای ساواکە و گوایە دڕو

ملهۆڕی سەر بەدەوڵەتی نێو شارە. نا گوێم لەوەی پڕبووەو هێندەی بیر لێ ناکەمەوە، ئەوە وژدانمە بەرەو دونیای ململان و تەقالا هانم دەدا تا بەرەو جادە و شەقامی داواکان هەنگاو بنێم، لە دەریای میللەتا بوومە دڵۆپێک...

شەهباز دەیبۆڕان. سەبری دەینالآند و ئەی خوا مەرگ و بوەستە و ڕاویسە و لە سەرخۆی بەدەما دەهات. فەرهاد لە ژوورەکەیدا دەنگی گرامە ئستریۆکەی کردبوویەوە. شرین پێنووسی فڕێ دا و خۆی گەیاندە ژوورەکەی فەرهاد:

– ئەمە نێو دەنەی چی؟ بۆ خۆت لە خوێندن و خوێندنەوە دەستبەردار بوویت، دەتەوێ ئێمەش وەک خۆت لێ بکەی؟

فەرهاد بەسەر قەرەوێڵەکەیەوە ڕاکشابوو. شرین دەیقیژاندە سەریدا. فەرهاد بێ دەنگ جووڵەی نەدەکرد، شرین هەروا لە ناوەڕاستی دەرگادا ڕاوەستابوو. قیژەی بڕییەوە، پێی سەیربوو فەرهاد وەڵامی ناداتەوە. وردە وردە لێی نزیک بوویەوە گەیشتە ڕاسەری. سەرەتا لەسەرخۆ وتی:

– فەرهاد! فەرهاد! دەستی گرت و لەپی خستە سەر ڕوومەتی و لە پڕ قیژاندی:

– دایە... دایی... دایی ی...

دایکی شەهبازی پێوە لکابوو. لەخوارەوە پەشۆکاوانە وەڵامی دایەوە:

– کچێ! چییە؟ چی بووە؟

– بگە، فەرهادا پەرێشانە.

دایکی پاڵێکی بەشەهبازەوە نا و دوو پلەی کردە یەکێک و خۆی گەیاندێ. شرین سەری فەرهادی چەپ و ڕاست دەکرد. سەبری دەیدا بەسنگیداو دەیوت:

– ڕۆڵە ڕۆ! ڕۆڵە ڕۆ!

شرین قیژاندی: کاتی ئەمانە نییە، بڕۆ دەرودراوسێکان بانگ بکە با بیگەیەننە بیمارستان. تا تەواو نەبووە، فریاکەوە. دایکی بەپەلە بەرەو خوار و کووچە و کۆڵان وەدەرکەوت شرین کەوتە سنگ وشاردنی و پوو بەدەمییەوە کردن: نە جارێک و نە دە. فەرهاد وردە وردە ڕەنگی سووربوویەوە. شرین جامێک ئاوی ساردی هێناو پەژراندییە سەر و گەردنیا. دراوسێکان گەیشتن. بەهەزار حاڵ فەرهادیان گرتە کۆڵەوەو لە دوای ماشینی یەکێک لە دراوسێکانا ڕایان کشاند و پرتاو بەرەو بیمارستان وەڕێ کەوتن. سەبری دەگریا. شەهباز لە ئەخۆم ئەخۆمی خۆیدا بەردەوام بوو. چەند ئافرەتێکی دراوسێ بەدیار سەبریەوە دانیشتبوون، دڵخۆشییان دەدایەوە: بەخوا هیچ نییە، سەرمای بووە. یەکێکی دی دەیوت بزانە لە کۆینە شتی پیسی خواردووە "مەسموم" بووە.

دوان پێکەوە چپەیان دەکرد: ئەوی من بەو کوڕەوە دیم، پەرکەمە... مەگەر کەفی لا دەمیت نەدی؟

ئەوی دیکەیان بۆی دەسەلماند:

– مشتێک نموونەی خەروارێکە... ئاماژەی بۆ شەهباز کرد و وتی:

– ئەوە نییە بەبەرچاوتەوە؟ دیارە ئەم خێزانە لە بنچەکدا پەرکەماوی و شێت و وێت و ناتەواون. لام وایە هی بەرەی باوکیان بێت دەڵێن: باوکی ئاغا ڕەحمان لە شێتخانەدا مردووە. سەرەتا فێی هەبووەو دوایی لێی کۆن کردو ناچار سپاردیانە شێتخانە و لەوێ مرد و تەواو. فەرهاد نە پەرکەماوی بوو و نە نەخۆشییەکی میکرۆبی و ئەنگەلی تێیدابوو بەڵکو مژێکی زۆرتر لە ئەندازەی خۆی هیرۆئینی هەڵکێشابوو.

هاتو چۆو ڕەسم و ڕەواڵی زیندانی قەسری قەجەر لە ڕۆژانی هەینیدا دەگۆڕا. کەس و کاری فرە نێزیکی زیندانی (وەک دایک، باب، خوشک و برا) بەپێی یاسا مافی دیتنی بەندییەکانیان پێ دەدراو ئیتر هەر بە بەیانییەوە خەڵکی لەبەر دەرگای زینداندا ڕیزیان دەبەست و چاوەڕوان دەبوون؛ لە نۆی بەیانیدا دەرگا دەکرایەوەو یەک یەک بەپێی پرس و جۆیەکی تایبەت و پشکنینێکی پڕ لە وردەکاری دەرۆیشتنە ژوورەوە. برێک کیسە بەدەست و برێک بەدەستی خاڵی بەرەو قاوشی دیدار ڕێنما دەکران.

زیندان لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە بەڕێوە دەبرا. ساواک و دەستگای بیگرە و بەردەکانی دی هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەزیندان و بەندییەکانەوە نەمابوو. ئەگەر نیازیان بەدیتنی یەکێک لە بەندییەکان بایە، دەبوا دوای مۆڵەتدانی چەند لایەنێک ئەو دەم بەندییەکانیان دەدی. زۆربەی زۆری پۆلیسەکانی زیندانی قەسر تەواوی تەمەنی خزمەتگوزارییان لەوێڕا بەسەر بردبوو؛ گۆشە و کەنار و بەرد بەبەردی زیندانیان دەناسی و لەوە گوزەشتە سەدان داستانی درۆو ڕاستی چۆنیەتی ڕووداوەکانی پێشووی نێو زیندانیان دەزانی و هەریەکەیان بەجۆرێک دەیانگێڕایەوە. ئەگەر بەسبەینێدا لە هەمان کەست بپرسایە بەجۆرێکی دی دەیگێڕایەوە. لە خودی ناسرەدین شاوە بیگرە تا موزەفەردین شا و محەممەد عەلی شا و شەڕی

مەشرووتەو ئەحمەد شا و تا بیگرەو بەردەی ڕەزاشاو زیندانی قەسر پڕکردن لە دەسەڵاتداران و خانەکانی کورد و عەجەم و تورک و بەلوچ و عەرەبی ئێرانیان دەوت و دەگێڕایەوە.

ڕۆژانی هەینی بەندییەکانیان لە قاوشێکدا کۆ دەکردەوە؛ هەتاوەکو ئەوانەی بڕیاری مەرگیان بەسەردا درابوو، لەو کۆکردنەوە بێ بەش نەدەکران.

یاسەمین چاو بوو لە دەر، چرکەژمێر لە قوژبنی نزیک بەدەستشۆری تەوالێتەکەوە دانیشتبوو. خەڵکەکە هەر یەکە بەدەردو گرفتاریی خۆیەوە پلکا بوو. کەس کات و هەوەسی چاودێری و وردبوونەوەی کەسی دیکەی پێیەوە نەبوو. تازە ئەگەر هەوەسی ئەوەشی هەبووا پیادا ڕانەدەگەیشت، ئەوانەیان دەهێنا بۆ قاوش کەس و کاریان لە مێژدا ناویان نووسیبوو و لە دەرەوە چاوەڕوانی مۆڵەتی بەژوورەوە چوونیان دەکرد. یەک کاتژمێر دیتن لە نێوان ئازیزاندا ئەویش لە زیندانی قەسردا بەو پەرۆشی و چاوەڕوانی و کەمیی ماوەیە هەر بەخۆیاندا ڕادەگەیشتن و لە دەورو بەرو ئەملا و لایان ورد نەدەبوونەوە. سەخت خەریکی دەردەسەری خۆبوون و بەس.

یاسەمین پەنجەکانی بەزۆران داو چەند کرتەیەکیان لێوە دەرهات و لێوی وشک بووبوو، بەزمان تەڕی کردو لەبەر خۆیەوە وتی: سیروان لێیشت نەدەم هەر دەمبەی؟ چی لە دەست دەدەم؟ سەرکەوتم کەوتم، نەکەوتم بەدەرەک! بەچحانم! هەر من وپەتەکە نییە؟

گروهبان ئازەری بەخۆی و لەشە کەتەکەیەوە دەستی خستبووە پشتی؛ بەحاڵ و نەحاڵ پەنجەکانی دەگەیشتنە یەک. لەسەر خۆی لە ژوورەوە بۆ خواری قاوشەکەی دەپێواو ژێری پۆستاڵەکانی بزمار ڕێژ

دەکرد و پینەچییەکانی مامیلی دەیانزانی لای خۆشە بزماری ناڵی ولاخی بۆ بەکار بێنن. کە هەنگاوی دەنا دەنگی پۆستاڵەکانی لە قاوشەکە وەدەر دەچوو .لە تەواوی پرسنلی زیندان کۆنتر و قەڵەوتر و درۆزنتریش بوو. دەیوت: ئەوانەی وا لەم زیندانەدا ئیعدام کراون. تاپوی زۆربەیانم دیوەو گفت و گۆیان لە گەڵا کردووم و کە زۆرت بدوانا دەیوت: ئەم زیندانە پڕە لە جنۆکەو هەر شەوی لێ دێت تا بەربەیان شایی لۆغانیانە، شتێکە ئێوە نایبینن. لەگەڵ مندا زۆربەیان هاوڕێن و بەزۆریش یەکێک لە خۆیانیان لێ مارە کردووم و دوو منداڵیشم لێی بووەو یەکێکیان ناوی "بەرخی"یە و ئەوی دیکەیان "کەرخی"یە. ئەگەر بتپرسا بۆ بەرخی و کەرخی؟

دەیوت:

- بەزمانی جنۆکە یانی با و باران.

لە پیاسەکەیدا بێ ورتە چاوی دەکردە تەشیلە و بەچەپ و ڕاستدا دەیچەرخاند. بەندییەکان دەیانزانی هەر هەیکەلەو ئازاری بەکەس ناگا. تەواوی ژنە بەندییەکان یەک ڕەنگ جلیان لە بەردا بوو. یاسەمین لە دەرگاوە هەیکەلی دایکی بەدی کرد و کە زۆرتر نزیک بوویەوە بەدەست ئاماژەی بۆ کرد و دایکی بەرەو لای ڕۆیشت و تەنها دەستی لە ژێر عاباکەیەوە وەدەرهێنابوو زەمیلەیەک پڕ لە میوە توند توند هەڵقەکەی دەوشاردو هەنگاوی دەنا. لەگەڵ یاسەمیندا یەکتریان لە ئامێز گرت و یاسی چرپاندی بەگوێیدا: خۆ داپێویستەکانت هێناوە؟

- هێناومن.

- ئەی برادەران؟

- لە دەرەوە چاوەڕوانن.

پێکەوە دانیشتن. یاسەمین بەوردی دەوروبەر و دوور و نزیکی دەپێوا تا بزانێت لە ژێر چاودێریدا هەن، کەسێک لێیان ورد بووەتەوە. بەدرۆ خۆیان گرفتار و پەک کەوتوانە دەدایە چاو. لە ژێر لێوەوە بەدایکی وت:

– مۆرەکە لە کوێدایە؟

– دووریمەتەوە ژێر زەمیلەکەوە.

– ئەی عەباو پانتۆڵەکە چی؟

– دوو عابای یەک ڕەنگم بەسەرەوەیە دوو پانتۆڵیشم لە پێدایە.

یاسەمین نیوچە ئاوڕێکی لە کاتژمێری سەر دیواری قاوشەکە دایەوەو وتی:

– وا پێنج دەقیقەی ماوە بۆ جەرەسی تەواو بوونی کات. هەستە بڕۆ ناو تەوالێتەکەوە... عەبا و پانتۆڵەکە لە جێگەی دیاریکراودا دانە و وەرە دەرێ دایکی بەرەو ئاودەستخانەکەی نزیکی وەڕێ کەوت و زۆری نەخایاند هاتە دەرەوەو یاسەمین بەزەمیلەوە خۆی بەتەوالێتا کرد... میوەکانی خستە نێو پوتێ پارچەو پیسیەوەو دوروومانی ژێر زەمیلەکەی هەڵتەکاندو مۆری وەدەرهێناو نەخشاندییە سەر بازوویدا هەمان نەخشەو ڕەنگی زیندان. لە نێو تەوالێتدا مایەوە تا زەنگی تەواو بوونی تەرخان کراو لێدراو عابا بەسەر زەمیلی خاڵی بەدەست دەست و بازووی مۆرکراوی لە عابا وەدەرخست و لەگەڵ دایکیدا خۆیان خستە ڕێچکەی خەڵکەکەوە. لە قاوش وەدەرکەوتن و حەوشەشیان بڕی و لە دەمی دەرگادا هەرکەسە مەچەکی مۆرکراوی خۆی نیشان دەداو لە دەرگا دەڕۆیشتە دەرەوە.

یاسەمین دڵی وەک چۆلەکە لە سنگیدا دەفڕی و هەستی بە وشکی

زار و گەرووی دەكرد. دڵخۆشیی خۆی دەدایەوە:

– چیـــتـــە یاسی؟ ئەوە بۆ وا زەبوون و دەســـتـــەپاچەو پەرۆش و پەشـوكـاوی؟ تۆ بۆخـۆت هەزار جـارانت وتووە سـەرێكەو هێناوتەو نایگەڕێنیتەوە. ئیدی سەر هەمان سەرەو سەربڕەكانیش هەمان. ئەو دڵەخورپەت لەچیدایە؟ دایكیشی لە ترسا بەمولەق دەڕۆیشتە ڕێگەوە. لەبەر خۆشەویستیی یاسی چووبووە ژێر ئەو كارە پڕ لە مەترسییەوە؛ لە دڵا ســـەدان ئیـــمـــام و وێردی بەدڵا دەهات. یاسی لە پێـــشـــەوە، دایكیشی بەدوایدا. یەك دوو كەسێكی مابوو بگەنە بەر دوا خـاڵی پشكنین، كابرای یاساوڵ نەڕاندی ڕاوەستن. هەركەس لە لای خۆیەوە ڕاوەستا. یاسی پێی وابوو پێیان زانیوە یا لە نێو برادەرانا خەبەرچین و ڕاپۆرت نووس و چاوســاقی ســاواك بەبەرنامــەكــەیان زانیــوەو دەستیان ڕۆبووە. ئیتر لەو یەك دوو دەقیقە ڕاوەستانەدا سەد بیری جۆراو جۆری بەمێشكدا برووسكە ئاسا دەهات و دەچوو. هێندەی نەخایاند ئیمبولانسێك لە دەرەوە هاتە نێو دەروازەی قەسرەوە... ئیمبولانس ڕەت بوو؛ كابرای یاساوڵ ئاماژەی بۆ دووبارە حەرەكەتی ڕێچكەی خەڵكەكەی كرد و كەوتنەوە ڕێ. یاسەمین زەمبیلەی خاڵی بەدەست و دەســتی مــۆركــراویش ڕوو بەیاســاوڵ بوڵەند كــردو لە دەروازەوە دەرچوو دایكیشی بەدوایدا. لە پەنجـا مــەتری دەرگــادا ماشینی برادەران لە كاردابوو. چەك بەدەست ئامادەی هەر ڕووداوێك لە پاركینگ هاتنە دەرەوەو دەرگـایان بۆ یاسی و دایكیـان كـردەوەو گورج و گۆڵ و توندو تیژ لە دەوروبەری زیندانی قەسر دووركەوتنەوە. دوای یەك كاتژمێر سەر ژماری، هەستیان بەكەم بوونی یەكێك لە بەندییەكان و یاسەمین كرد. زەنگی سەرتاسەری زیندان بەرز بوویەوە.

لە سەرپەرشتی گشتیی زیندانەوە تا سەر پۆلیسێکی ڕووتەڵی بێ خەت و تەختەوە خۆی ئامادەی سزاو زیندان کرد و چاوەڕوانی دەستووری فەرامێنی باڵادەستان چرکە ژمێریان دەکرد. لە هەموویان پەرۆشتر و واق وڕماوتر گروهبان "ئازەری" بوو. لەپی بەیەکدادەداو دەیوت:

- من دەڵێم ئەم زیندانە پڕە لە جنۆکە باوەڕم پێناکەن. ئەمە کاری ئەوانە. گومانم نییە ئەو کچە زڵف بڕاوە مێردی بەیەکێک لەوان کردووەو یارمەتییان داوە؛ ئەگینا ڕاکردن و زیندانی قەسر؟

وڵات بەرەو ئاشوفتەگی دەڕۆیشت. ساواک هەیبەتی لەرزۆک و خەڵکی ترسی و تۆقیانی خستبووە لاوە. خۆپیشاندانی زانکۆکان و خەڵکە زۆرەکە دەستی پێکردبوو. ڕۆژنامەکان هاتبوونە خوێندن و پەلار گرتن و سەرزەنشتی دەوڵەت و دەستگاکان. بەسبەینێدا مانشێتی ڕۆژنامەکان زۆربەی زۆریان دەربارەی ڕاکردنی یاسەمین بوو: تیرۆریستە جوانکیلەکە بەند و کۆتی قەڵای سەنگبارانی شکاند...

خەتەرترین "چریک" لە دەروازەی زیندانی قەسر وەدەرچوو... دەڵێن بەپێی مامەڵەیەکی هەبەو هاتیە... دەست خوێناویترین چریکیان لە زیندانی قەسر بەرەڵا کرد.

## ٩٣

فەرەح سەری دادابوویە سەر ڕۆژنامەی "لوموندا". سەری هەڵبڕی لی لی دی چاو بەگریان ڕاوەستاوە. بەبیری هاتەوە بانگی نەکردووە سەرسامانە تێی دەنواڕی. "لی لی"یش بارانی فرمێسک بە ڕوومەتیا دەچۆڕا. لەپڕ خۆی پێڕانەگیراو چۆکی داداو ڕمایە سەر پاو پل و کەوشەکانی فەرەحداو بەدەم گریانەوە دەیوت:

- بەقوربانت بم! بەفیدات بم! پەیتا پەیتاش پاو پلی فەرەحی ماچ دەکرد.

فەرەح ڕۆژنامەی خستە لاوەو هەردوو شانی لی لی گرت و سەری بەرز کردەوە. بەدەنگە گڕ و نێرانەکەی یەک دووجار وتی:

- کچێ چیتە؟ چییە بۆ وا دەکەی؟ چیت لێ قەوماوە؟

- بەفیدات بم! فریام کەوە، بمبەخشە گەنجی وەلیعەهد، بیکەرە قوربانی جقەی تاجی پەهلەوی!

- دە بڵێ بزانم مەبەستت لە چییە؟ ناشێ یارۆی کوردە بڵێیت؟

- با فەلامەرزم بۆ ڕزگارکە. شاهەنشا بەخشەندەیە، "نیکخواە"ی بەخشی کە قەسدی گیانی موبارەکی کرد و تازە ئەوەسا سەرپەرشتی دەستگایەکی پان و بەرینی ڕادیۆو تەلەفزیۆنە. لی لی دیسانەوە کەوتەوە سەر پاو پلی "فەرەح" دا.

فەرەح بەهەردوو لەپی دوولای ڕوخساری وشارد و وتی:

– وەک دەزانی ئەو کابرایە بڕیاری مەرگی بەسەردا دراوە. ئاوا بڕیارێک تەنها لە تواناو دەسەڵاتی خودی شاهەنشایە؛ ڕەنگە ئەوەت زانیبێت؟

– ئەوەی دەزانم، ئەویش دەزانم عەلاحەزرەت هیچ داوایەکی عولیا حەزرەت ڕەدناکاتەوە؛ بەتایبەت لەم سەردەم و بارودۆخەدا.

– کچەتیوە! دیارە ئازارو دەردو ژانێکی زۆرت چێژاوە. خوا حەقی چەند ساڵەی هەرزەگی و بێ بەندو بارییەکانتی لێ کردوویتەتەوە، کردوویەتی؟

– عولیا حەزرەت! بۆ حەوت پشتم بەسمە. ئەگەر ناچار نەبامایە ئەوەندە ڕوودار نەدەبووم، کەسێک دەستی لە بەرنامەو پرۆژەی ڕفاندنی "وەلیعەهد"دا بێت و داوای بەخشینی لە عولیا حەزرەت بۆ بکەم. ئەمە پویەی ڕوو هەڵماڵیایی و شەرم نەکردنە.

– ئەوەندە بۆی پەرێشانی؟

– تا سەر سنووری مەرگ خۆشم دەوێ؛ بەڵام تا من دەمێنم بۆ جارێکی دی نایبینم. ئەمە بەڵێنە و لە حزووری عولیاحەزرەتدا دەیدەم.

– تۆ فێرە دانی، دەترسم ئەم دانەشت وەک ئەوانیدی وا بێت، مەگەر ناتناسم؟

– بێ شک عولیا حەزرەت تاروپودو دەمارە مووەکانیشم دەناسێت... وەک فەرمووت، پەروەردگار حەقی ڕابوردووم لێ دەکاتەوە.

تا ئەو دەمە لی لی لە زەویدا لەبەر پای "فەرەح"دا چوارمشقی لێی دانیشتبوو. تاوێک چاوی بەسەر گوڵی مافوری سەر زەوییەوە بوو تاوێکی دی زەبون و داواکارانە دەینواڕییە ڕوخساری "فەرەح"دا.

– هەستە بەسە. دایە من بێکەسم و داماومت پێناکەوێ. داوایەک بەخەتی خۆت بنووسە بۆ عەلاحەزرەت، بۆ خۆم دەیدەمە دەستییەوە دڵنیابە شاهەنشا ڕازی دەکەم.

لی لی هەستایە سەرپاو دەستی "فەرەح"ی ماچ کرد و گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی.

تەلیفۆنی بندەستی "فەرەح" زرنگایەوە.

– ڕەزا تۆیت؟

فەرەح تۆزێک ڕاوەستاو ئینجا وتی:

– من لام وا نییە وەزعی وڵات بەو شێوەی تۆ دەیڵێیت خراپ و بەرەو خراوتر بڕوات. دووبارە ڕاوەستاوە ئینجا وتی:

– باشە زەرەری نییە ئێوارە سەعات هەشت وەرن. هوشەنگتان لەبیر نەچێت. بەم حیسابە تۆو فەرەیدوون و لی لی و هوشەنگ دەبنە چوار کەس. چاوەڕوانتانم. فەرەح دەستی بردەوە بۆ ڕۆژنامەی لۆمەند و چەند دێرێکی لێ خوێندەوەو شریقەی ئاسمان پەنجەرەی ژوورەکەی لەرزانەوە. فرەحیش ڕاچەڵەکی ڕۆژنامەی خستە لاوە. کەوتە بیرەوە: خۆ وەڵا ڕەزا ڕاست دەکا. وڵات بەرەو ئاشوفتەگی دەڕوا. شایش نەخۆشە. ڕاستە عومر بەدەست خوایە؛ بەڵام دکتۆرەکانی هێندە ئومێدەوار نین. لە ئاشوفتەگی و هەراو بەزمدا شا مرد، چی؟ وەلیعەهدیش یەشتا منداڵە. لەمانە گوزەشتە بەردەوامی لەسەر شێوەی ڕابوردوو بەخۆ کوشتنی سیاسی دادەنرێت. پشت و پەناکانمان دزو دەخەڵ و درۆزنیشن. زۆربەی زۆری ئەم بەزمە لەژێر سەری دام و دەستگاو پڕوپاگندەی BBC دایە، ئەوانن خەڵکی هان دەدەن.

دەرگــا کــرايەوە. لی لی هـاتە ژوورەوە، نـامــەکــەی دا بەدەســتی فەرەحەوە. چاوی پیاخشان. سەری بۆ لەرزانەوەو وتی:

– ئەمــشــەو دەیدەمــە خــزمــەتی، بـیـخــەوە بیـرم. ســەعـات هـەشت کومسیـۆنێکی گرنگم هەیە؛ تۆیشی تیادای. بزیسکەو چەخماخەی ئاسمان، ئێوارەی تارانی ڕۆشن دەکردەوە. گرمە گرمی هەور پەیامی بارانی دەگەیاند. پایز تەکی دابووە بەرەوە. فەرەح لە نووسینگەکەیدا دەهات و دەچوو. دەیزانی هەواڵی نەخــۆشــیی شــا درزی کــردووەو گــەیشــتــووەتە گــوێی بڕێک و دەربارو دەوڵەت بەتەواوی تواناپانەوە دەکــۆشــان ئەو هـەواڵە بەدرۆخــەنەوە. بڕێک لە دکــتــۆرەکــانی شــا سووربوون لەسەر ئەوەی شا خۆی بگەیەنێتە بنکە پزیشکەکانی وڵاتە ئەوروپاپەکان؛ فەرەحیش پێی وابوو. شا نەدەڕۆیشتە ژێرو لە ئێران وەدەرچوونی بەهەڵە دەزانی. لی لی شــریتی بیــرو خــەیاڵی فــەرەحی پچڕاندو وتی:

– قـوتابیـانی زانکۆی تاران ڕژانە نێو شــەقـامـەکـان و بەپێی دوا هەواڵ دوانزەیان لێ کوژراوە.

– جا ڕاستە، یان قسەو وتی وتییە؟

– لە ساواکەوە تەلیفۆنیان بۆ کردم.

– دیارە چەکـمـە ڕەقـەکـانی سـپا و پۆلیس لە کاریاندا بەردەوامن. نەمرم کلک و گوێیان دەکەم و هەر یەکەیان توورِ دەدەمە قوژبنێکەوە. چووە لای تەلیفۆنەوەو ژمارەی باداو بێ سەلاو وتی:

– ڕاستە دوانزە قوتابی کوژراون؟

فــــەرەح ئاڵۆزی و تورەبوون لە دەنگ و ڕەنگ و ڕوویدا هـوەیدابوو. نەیهێڵا کابرای ئەو لای تەلەکە قسەکانی تەواوکا، ئاڵۆزانە وتی:

– جا هەشت کەمە؟ هەشت بەشەر، هەشت قوتابی دەزانی یانی چی؟ تەلیفۆنەکەی بەتوندی داخست و دەستەکەی شۆڕبوویەوە سەر زەویدا لی لی پڕی دا دەستەکەی خستەوە سەر جێگەی خۆی.

لی لی وتی:

– قاوەیەک بهێنمە خزمەتت؟

فەرەح نەیوت نەء. هێندەی نەمابوو بۆ سەعات هەشت. لی لی هاتە ژوورەوە قاوەی لەبەر دەست "فەرەح"دا داناو وتی:

– جەماعەت هاتوون و لە ژووری کۆبوونەوەدان. فەرەح یەک دووجار سەری لەرزاندەوەو مژێکی لە قاوەی بەر دەستی داو بەپەنجە ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەی "تایمس"ی لەندەنی سەرمێزەکە کردو وتی:

– چاوت لێیە چی نووسیوە؟

دەڵێن ئێران بەسەر گرکانەوەیە. وابڕوا چەکمەڕەقانی لای ئێمە خۆشبێت ڕاست دەکەن بەسەر گڕکانەوەین. فەرەح بەرەو ژووری کۆبوونەوە وەڕێ کەوت و "لی لی"یش بەدوایدا. ڕەزاو فەرەیدوون و هوشەنگ بەرزە پا هەستان، فەرەح تەنها وتی:

چۆنن و دانیشت. چەند کاغەزێک لە نێو فایلێکدا لەبەر دەستیدا دانرابوو. بەخوێندنەوەیانەوە خۆی خەریک کرد و بێ ئەوەی سەر بەرزکاتەوە وتی:

– خۆ هەواڵی کوشتنی قوتابیانتان بیستووە؟ ڕەزا وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ قوربان بیست کەس.

– هەشت کەس.

– نەخەیر قوربان! بیست هەر کوژراون، جگە لە برینداران. بەڕای

ئێمـە ئەگـەر بەرگریی ڕاسـتـەقـینە لەم وەزعـە نەکـەین، ئەم ژمـارەی کوژراوانە ڕۆژ بەڕۆژ زۆرتر دەبێت و سـەرئەنجـام دەوڵەت و دەسـەلاتی شـاهەنشـاهی پەهلەوی دەکەوێتە مەترسـییـەوە. ئەگـەر عولیاحـەززەت پیادا نەگات و سوکانی کەشـتییـەکە بەدەسـتـەوە نەگرێت کار لەکار دەتەرازێت.

– مەبەستتان لەمەی چییە؟ یانی چی سووکان بەدەستەوە گرم؟

– مـەبەسـتـمـان لەوەیە بۆ لەمـەولا شـاهەنشا با سـەڵتەنەت بکا نەک دەوڵەتداری. لەمـانەش گـوزەشـتـە وەک جـەنابت دەزانیت و ئێـمـەش دەیزانین شـاهەنشـا نەخـۆشـەو وڵاتیش نیـازی بەگـۆڕانکاری هەیە، ئەمەش هەر بەعولیاحەززەت دەکرێت.

– باشە بەڕای ئێوە کەی دەست پێبکەین؟

– هەرچی زووتر باشتر.

– لە کوێنەوە دەست پێبکەین؟

ڕەزا فـایلێکی لە بەردەسـتـدا بوو، کـردییەوەو چاوێکی پیا خـشـاند و وتی:

– ئێـمـە گـەیشـتـوینەتە باوەڕێک لەم قـۆناغـەدا "سـاواک" و بوونی سـاواک دوژمنی بابە کـوشـتـەی دەوڵەتی شـاهەنشـاهیـیـە. یەکـەمین کـارێک سـوودبەخش بێت و دەوای دەردی ئـەمـڕۆ بکا لەناوبردنی "ساواک"ە. ئەم دەسـتگایە بووەتە هـۆی ناو و ناتۆری فرە ناپەسـەند و ناجـۆر دەرحـەق بەدەوڵەتی شـاهـەنشـاهی، نەک لە ئێـراندا بەڵکو لە تەواوی جیهاندا. دووهەم: سـوپاو جووڵانەوەی ئەفسـەرەکان و چرنۆک گرتنیان لە بارودۆخی سیاسەت بە زیان و زەرەری ئەم قۆناغەیە.

سێـهەم: دوورخستنەوەی دەم و چاوە ناسـراوەکانی دەوڵەت و ئـەگەر

بکرێت زیندانیکردنیان؛ بەتایبەت هوەیدا. بێ شک خەڵکەکە ئارام دەکاتەوە.

چوارەم: ئەگەر شاهەنشا بۆ خۆی ڕاستەوخۆ ئەمەی ئێمە نووسیومانە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا بیخوێنێتەوە زۆر گرفتاری ئاسان دەکا.

پێنجەم: ئازادکردنی بەندییە سیاسییەکان. سەرئەنجام مۆڵەتدان بە بەرەو دەستە سیاسییەکان بۆ جووڵانەوەی سیاسی و بەشداربوونیان لە دەوڵەت و دەستگا جۆراو جۆرەکاندا. ڕەزا ڕاوەستاو فەرەح وتی:

– تەواو؟

– بەڵێ قوربان، تەواو.

– لەگەڵ تەواویدا هەموو بۆشی دەکۆشم و گەشتوومەتە ئەو باوەڕە ئەگەر دەسەلاتی پەهلەوی بیەوێت بەردەوام بێت نیازی بەگۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە لە تەواوی بۆچوونەکانیدا. کەواتە ئەرکێکی گەورەو گرانمان کەوتووەتە ئەستۆ و نە شیاوە چاو لە بەرژەوەندی وڵات بپۆشین. دڵنیا بن بەچنگ و دان شەڕی خۆم دەکەم و ئێوەش لەم شەڕەدا زۆرتان کەوتووەتە سەرو نابێت درێخ بکەن. ئەم وڵاتە بەهەل و مەرجێکی سەخت و دژواردا تێدەپەڕێت، نیازی بەتەقالای هەمووانە بەتایبەت ئێوەمانان. دەوری مارخۆرە ناسراوەکان تێپەڕیوە. ئێوەی گەنج و جەوان دەبێت بکۆشن ئەم وڵاتە کۆنە ساڵە ڕوح و خوێنی تازە بکەینە لەش و پەیکەری. کەواتە دەور دەوری ئێوەیە. ئا، دەڵێم ئێوەیە.

من نیگەران و ناڕەحەتی خۆم نیم؛ وەک دەزانن سەرتاسەری ژیانم پڕە لە ڕوداوو بیگرەو بەردە. ئەوی بۆی بەپەرۆشەوەم دایکمە. ئەوەسا بەم تەمەنەوە دووچاری ئاوا دەردەسەرێکم کردووە؛ ڕەنگە بەرگەی ئەم هەڵکوت و داکەوتە نەگرێت و بمرێت، ئەو حەلە خۆم نابەخشم.

– ڕاست دەکەی؛ بەڵام چارەیەکی دیکەمان نەبوو. هەر دەبوا وامان کردبا. ژیانی تۆمان لە مەرگی دایکت لا گرنگتر بووە.

– نەدەبوو ناسنامەیەکی ساختەو دەستکردتان بۆ یەکێکی دی دروست کردباو دایکم دووربایە لە ئاوا پەرێشان حاڵییەک؟

– با بیرمان لێ کردبوویەوە. ترسمان لە ئەگەرەکان بوو ئەگەر بەوەیان بزانا خودی بەرنامەکەو ئازادیی تۆ دەکەوتە مەترسییەوە. زۆریش نیگەرانی دایکت مەبە ئەوە جێگەیەکی دوور لە مەترسی و پڕ لە ئاسایشمان بۆ ڕێکخستووە، جێگەی مەترسی نییە. وەک ئاگاداری دونیای ئەمڕۆیش وەک دوێنێ نییە. ساواک پەل و پۆی قرتاوە، کەوتووەتە هەوڵی خۆیەوە. شیرازە بەرەو تێک چوون و پەرێشان حاڵی دەوڵەت و دەسەڵاتی پەهلەوی دەڕوا. بەدایکتا ڕاناگەن.

– ئەی بەخۆمانا؟

– بەخۆمانیشدا. دونیاکە سەیرە، دەبێ ئێمە بەوانا ڕاگەین و دەستنیشانیان کەین، کەمیان پێ نەکردووین.

– دەیالا!

– لەم پیا ڕاگەیاندنەدا تۆی تیا نیت؟

– منی تیا نیم؟ مەگەر بەکەیفی ئێوەیە؟

– برادەران لایان وایە تۆ بەئەندازەی خۆی زەجر و ئازار و دەردەسەرت دیوە. نەشیاوە بۆ لەمەولا وەک چریکێکی سادەو ڕووتەڵ بڕۆیتە مەیدانەوە. ئێمە بڕیاری دیکەمان داوە.

– ڕای خۆمتان وەرگرتووە؟

– ڕای تۆ دەزانین و بۆیە نەمان پرسیوەو چارەت نییە هەر دەبێت بەگوێمان بکەیت. ڕێکخراو سەرجەم بڕیاریان دا کە وا بەفەرماندەری گشتیی ڕێکخراو هەڵتبژێرن و هەرواشمان کرد تێکڕا تۆمان هەڵبژاردووەو تەواو.

– باشە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت لەکارە ئیجرائییەکاندا بەشداری نەکەم.

– بەشداری دەکەی، بەڵام وەک فەرماندەر نەک فەرمانبەر.

– پێم خۆشە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ برادەرانی دەستەی بالای بەڕێوەبردنا بکەم. بەڵام هوشیار بن هەمان بەلا و گرفتاریمان بۆ دروست نەبێتەوە. وەک دیسان بوونە هۆی شەهیدبوونی چاکترین لاوانی ڕێکخراو، مەگەر نا؟

– با، ئەو سەردەمانەمان لێ بەسەرچووە. با وەک گەلێک گرانمان بۆ تەواو بووە، ئاگاداری دەوروبەر و ئەملا و لاین و دۆست و دەستمان لە زۆر جێگە و شوێندا پەیدا کردووە و ڕۆژ بەڕۆژیش ئەندام و لایەنگیری زۆروزەبەنەمان پێوە دەلکێن. ئەگەر ڕات لەسەر بێت خەریکی

خۆپیشاندانێکی بەربڵاوین لە زانکۆی پیشەسازیدا. وەک ئاگاداری ئەودەمەش لایەنگیرانی باشمان لەوێ هەبووە.

- خۆت دەزانی من هەمووی هەفتەیەک نییە هەوای ئازادی دەکێشم و یەشتا ئەسپێ و ڕشکی زیندانم پێوەیە. تا دەشت و دەرێک نەکەم و بەچاوی خۆم و لە نزیکەوە هەڵینەسەنگێنم ناتوانم هیچ بڵێم. بێ گومان ئێوە ئاگادارتر و لە من باشتری لێ دەزانن. هەر بڕیارێک بدەن بێ گومان لە ڕووی چاوساقی و لێزانینەوە دەیدەن. ڕاستی پرسیارێکم هەیە؛ ئێوە هیچ ئاگاداری "فەلامەرز ئینتیزامی" هەن ماوە؟ مردووە؟

- لە دەمێکەوە چاوەڕوانی ئەم پرسیارە بووم؛ درەنگ کردت.

- ڕاستت بووێت دەترسام بۆیە نەمدەکرد؟

- ئەگەر مردووبێت چی؟ نیوەی ڕاستەی لەگەڵ خۆدا بردووە، دەتوانم بڵێم کردووە.

- ئاوا؟

- بێ شک.

- کەواتە مزگانیت بدەمێ هەفتەی پێشوو بەرەڵا کراوە.

- بەرەڵا! کورە مەڵێ!

کابرای برادەر دووسێ جار سەری بۆ لەرزانەوە. یاسەمینی خستە گومانەوەو نەیوێرا دووبارە بپرسێت چۆن؟

- لی لی بەخشینی تایبەتی شای بۆ وەرگرت و پەتەکەی لە گەردنی وەدەرهێنا. ئەڵبەتە بەهۆی فەرەحەوە.

یاسەمین هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا و تەزووی ئاسایش و ئارامی کەوتە سەرتاسەری لەشییەوەو لەسەرخۆ وتی:

- ئێ چیتر؟

- شا بەمەرجێک بەخشیویەتی لە ئێرانا نەمێنێت؛ بۆیە یەکراست لە بەندیخانەوە بەرەو فرۆکەخانە بردوویانەو ئێستا لە شاری "پاریس"دایە.

- ئێوە پێوەندیتان لەگەڵدا هەیە؟

- رۆژانە. ئاگاداری ئازادبوونی تۆیشە. سەرەتا باوەڕی نەدەکرد، بەمەحاڵی دەزانی.

- سەلماندی؟

- ئەڵبەتە؛ بەڵام بەزەحمەت. با ئەویشە بڵێم لە خۆشیدا باوەڕی نەدەکرد کە لە مەرگ ڕزگارت بووە.

- من قەرزاری ئەو کوڕەم. ئەوەندە خراپم لەگەڵا کردووە، شا نەیکردووە، ساواک نەیکردووە. هەرچی بەسەرا هاتووە بەهۆی منەوە بووە. من دووچاری ئاوا ژیانێکم کردووە دیارە وەک وەبا وام، واگیرم واگیر.

- وا تێمەفکرە. بۆ دوژمنانی گەل و وڵات وەبایت.

- ڕاستی وتت دەست و دۆستی زۆرتان پەیدا کردووە. لە نێو چ توێژ و تۆپەڵ و کۆمەڵێکدا زۆرتر قسەتان دەڕوا؟

- بڵێم هەموو لایەنێک درۆم نەکردووە.

- ئەی سوپا چی؟

- ژاندارمری، پۆلیس، هێزی ئاسمانی، هێزی پیادەی سوپاو بەشەکانی. لە تەواویدا دۆستان و یارانی خۆمانمان هەیە. هەتا وەکو گاردی شاهیش.

یاسەمین کەوتە بیرەوە. ساتێک بێدەنگ بوو، کابرا شریتی بیری پچڕاند و وتی:

- چییە لە بیردای؟

- ڕاست دەکەی لە جۆیەی ئەوەی بیر لە دەوڵەت و دەستگا داپڵۆسینەرەکانی دەوڵەت کەمەوە شێوەی کاری برادەران، ئاشوفتە بیر و ئاڵۆزی کردووم و هەروا سەرسامیشم. ئەگەر بەخۆمانا ڕانەگەین دەزانی کڵاومان با بردوویەتی؟

- دەڵێی چی بکەین؟

- لەم ڕۆژەدا دەستگاکانی شاهەنشاهی تیادا سەگ خاوەنی خۆی ناناسێت و دەڵێی چی بکەین؟

- تۆ نەتفەرموو ناوت چییە؟

- بۆت گرنگە؟

- ناکرێت پێکەوە هاوڕەزم و هاوململان بین نێوی یەکدی نەزانین.

- ناوم ئانوشە.

- ئاغای ئانوش! دوو داوام هەیە. یەکەمیان هەرچی زۆرتر لام خۆشە لەگەڵ برادەراندا لە نزیکەوە ئاشنا بم و دووهەمین لام خۆشە لەسەر لایەنگیرانی نێو هێزی ئاسمانیدا زۆرتر کار بکرێت و لە ناحیەی بیرو ڕاو ڕوحیەو ئامادەبوونەوە ئامادە کرێن.

- هەر ئەوەندە؟

- نەخەیر. دەمەوێ بزانم ئامادەی کار و بار و ئەنجامدانی فەرامێنی ڕێکخراو هەن؛ ئەگەر هەن تا چ ڕادەیەک وە لێیان بپرسن لە نێو هێزی ئاسمانیدا چ بەباش دەزانن تا بکرێت؟

– دەتوانم بڕۆم؟

– ئا، بەمەرجێک لە کۆبوونەوەی داهاتوودا وەڵامی ئەو پرسیارانەت بەلاوە بێت.

– سەرچاو! بەدوعا!

– بەدوعا!

– پێم سەیرە بەم وەزعە ئاشوفتەی نێو تارانەوە یەشتا وەرزشکارانی تا شەوان دەستبەرداری خۆیان نین و دەبینی چۆن بەسەر لاشەی ئەلبورزدا ڕێچکەیان بەستووەو بەرەو پۆپە دەڕۆن؟

– لە مێژەوە تا شەوانێ یەکێک بووە لە ئاداب و نەریت و ڕەسم و ڕەوالّی ئەم شارە؛ هەتا وەکو لە سەردەمی شای "دەف ژەن"ەوە تا بەئەمڕۆ.

– دیارە باش ئاگاداری مێژووی ئێرانی؟

یەکێک لە برادەران وتووێژی نێوان یاسەمین و ئانوشی بڕی وتی:

– لە کۆنی کۆنەوە ڕەنگە لە سەردەمی ماد و هەخامنشیانیشەوە تا شەوانی مەرجێکی سەرەکی سەربازی و مەردانەگی نێو میللەتەکانی ئێران بووە. لام وایە ئێرسێکی نەتەوایەتییە بۆمان ماوەتەوە؛ بۆیە هێندە زۆرە و ڕۆژانی هەینی خەڵکەکە دەکەونە ئەم چیاو هەڵدێرگایە.

– دیارە ئەم وڵاتە یەشتا قارەمان پەروەرە.

یەکێکی کە وتی:

– میللەتێک شێرە ژنێکی وەک "یاسەمین"ی تیادا بێت لێی مەترسە.
یەکێکی دی وتی:

– کاک "کامبیز"! وتەکەت ڕاست کەرەوە: "شێرە کچ".

- ببوورە "شێرە کچ".

یاسـەمین گەیشـتبووە دەوروبـەری "چل". چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاو دەکرد. گوڵلە چاوێکی پوکـەڵ و نەخـتـێکیش لە کـەپووی گـرتبـووە. کە کـامـبـیـز وتـی شـێـرە کچ، کـەوتە بیـری ڕابوردوو و قـسـەی یەکـێک لە ئاشنایانی نێو کۆلێژی میعماری و دەوروبەری کە وا کێ کـراسی کێی هەڵداوەتەوە تا بزانێت کچە یا ژنە. بزەیەکی شاراوە کـەوتە سـەر زاری و ئاوڕێکی لە کاتژمێری سـەردەستی دایەوەو وتی:

- کەسێک ماوە نەهاتووبێت؟

ئانوش وەڵامی دایەوە:

- تەنـها هـاوڕێ مـەندان نەگەیشتووە.

یاسـەمـین ئاوڕێکی لە دەوروبەری دوور و نزیک دایـەوە. شـاری تاران لە ژێر دامێنـی چیای ئەلبورزدا تەم و مـژێکی خەس و خـۆڵ دایگرتبوو، بێ ئەوەی لا بەلای برادەرانیەوە بکا وتی:

- ئەشـهەدو جێگەیەکی شـاعیـرانەو زیرەکـانەتان هـەڵبژاردووە. سـەر ئەم چیـایە دوورە لـە شـوبهــەو خـتــورەو چاو بڕکێ جـا با دەسـت پێ بکەین.

سـەرەتا دەمـەوێت لەگەڵتانا ئاشـنا بم.

ئانوش ناوی هـەر حـەوت کەسەکەی وت و وتی:

- بەچاکی دەزانم تـۆزێک دەربـارەی کـارو کـردەوەشـیـان بدوم. ئیـتـر کـەوتە باسیـان کـە ئەمـەیان پسـپـۆڕی کاروباری تەکنیکی تـەقەمـەنییـەو ئەوەیان نـیوە پزیشکێکە بۆ خـۆی، ئەمــەیان تەک تیـر ئەندازە یـانی لە تفـەنگچـیـەتیـدا چاوی مـار وەدەر دێنێت. ئیـتـر یەک یەک پیـاهـات تا گەیشتە سـەرخۆی، وتی:

– بەندەش فیدای هەمووتانم.

یاسەمین بەسەر گابەردێکەوە دانیشتبوو. ئەو حەوت کەسەکەش بەدەوریدا لە نزیکەی "قولەک چال"دا. خەڵکیش لە دوورەوە ڕێچکە سەرو خوارو بەرەو ژوور دەهاتن. ڕوو بەئانوش وتی:

– چیت کرد لەگەڵ برادەرانی هێزی ئاسمانیدا؟

ئانوش لەسەرخۆ پەنجەی دەستی دەتەقاند؛ ئارام وەڵامی دایەوە:

– ئەوانەی جێگەی باوەڕن –مەبەستم باوەڕی تەواوە– لەگەڵیاندا کۆبوومەوەو پرسیارەکانی جەنابتم ئاراستە کردن. یەک دووانێکیان وتیان:

– ئێمە دەتوانین هەرچی تەقەمەنی زەخیرە هەیە بیتەقێنینەوە. بڕێکیان وتیان:

– دەتوانین چەند چەک بڵێن بۆتان بهێنین. دووان سیانێکی دیکەیان وتیان: دەتوانین کە ئەفسەرەکان لە یانەی ئەفسەراندا بەنانخواردنەوە خەریک دەبن، دەستدرێژیان لێکەین و زۆریان لێ بکوژین. یاسەمین هەروا ئارام گوێی دەگرت. ئانوش قسەکانی تەواو کردبوو. یاسەمین ئارام و بێدەنگ ورتەی لە دەم وەدەر نەدەهات؛ لەپڕ چۆنیەتی دانیشتنەکەی گۆڕی و هاتە قسە:

– برایان پێم سەیرە ئێوە بەم ڕوحییەتەوە چۆن چۆنین دەتوانن دەوڵەتێکی پسپۆڕ لە کوشتن و بڕینی وەک دەوڵەتی شاهەنشاهی پەهلەوی لە نێو بوەن؟ لە کاتێکدا بارودۆخ لەهەموو شتێکدا لەهەموو بابەتێک لواوەو ڕەخساوە بۆ هەموو کارێک و هەر بەرنامەیەک. ئەمن نازانم ئەمانەی وا بیستم و وا لە دەستدایەو ئامادەن، بۆ کەی هەڵتان

گرتووە. برادەران زۆربەیان سەریان داخستبوو. یەک دووانێک بەچوکولّ خەتیان لە نێو خۆڵدا دەنەخشاند.

دەڵێم کاتی ئەوە هاتووە ڕێکخراوەکەمان بکەینە دەستەگوڵی نێو میللەت و لە تەقالاو تێکۆشانا خۆمان بکەینە پێش قەرەوڵ و سەرئەنجام خەڵکێکی زۆرو زەبەنەمان لێ کۆبێتەوە، دەبێتەوە؟

ئانوش سەری بەرز کردەوە:

– دەڵێیت چی بکەین؟ چی؟

– چی بکەین؟ کارێکی وا دەکەین تەواوی هەواڵدەرەکانی دونیا باسمان بکا. وەک ئەژدیها پێیانەوە دەدەین. ئەو لایەنگیرانەی ئامادەی دەستڕێژ کردنن لە یانەی ئەفسەران، باشترین بەرنامەو پڕۆژەیە بۆ ئەم ڕۆژە. بۆ ڕێکوپێک بەئەنجامدانی ئەو کارە دووان یان سیان لە ئێمەشیان لەگەڵا بەشدار دەبێت؛ ئەڵبەتە یەکێکیان من دەبم.

تەواوی برادەران یەک دەنگ هاتنە بانگ:

– نەخەیر؛ ئێمە بەوە ڕازی نابین. تۆ دەبێت لەو کارانەوە بەدوور بیت؛ هەر نەبێت لەبەر کاروباری ڕێکخراویش بووە دەبێ لە کەنارەوە بیت. ئەمڕۆ کە ڕێکخراو نیازی بەتۆ هەیە بوونت لە دونیای سیاسی ئەمڕۆدا بۆ ڕێکخراو و میللەتەکەش سوودبەخشە. نەشیاوە لە ئاوا کارێکدا ببیتە بەر گوللەیەکی وێڵەوە.

– باشە بەگوێتان دەکەم؛ بەڵام دەبێ ئەوەتان لا ڕوون بێت ئەم بەرنامەیە گەلێک گرنگە؛ هەم بۆ ناووباوی نێو وڵات و خەڵکەکەوە هەم بۆ پڕوپاگندەی دەرەوەش. ئینجا ڕوو بەئانوش:

– چەند کەس لەو برادەرانە ئامادەی ئەو کارەن؟

– پێم وایە پێنج کەس بوون.

– پێنج زۆرە، سێ کەس لەوان و دوو کەس لە ئێمە بۆ تەقە کردن و پێنج کەسی دیکەیشمان بۆ پارازتنیان و کشانەوە. یانی سەرجەم دە کەس. لەوە زۆرتر بێت دەبێتە بەلبەشو. بەم حیسابە پێنج لە خۆمان پێنج لەوان. مەرج نییە ئەو پێنجەی خۆمانە لەم حەوت کەسەی ئەیرا بێت، بەڵام با کەسانێکی بەئەزموون و نەترساو بن. ئەم کارە بۆ ڕێکخراومان گەلێک گرنگە؛ دەبێت وەستاکارانە ئەنجام درێت و هەرچی زووتریش بێت باشترە.

– مەبەستت لە زوو چەند ڕۆژی دیکەیە؟

– کاک ئانوش! ئەمڕۆ ڕۆژی دەست وەشاندنەو شوێن پا قایم کردن لە نێو میللەتدا. زۆر کاری نەکردوومان لە پێشە. دەستگاو دەوڵەتی شا شەلەشەل دەڕۆن بەڕێگەوە. مەنگ و مەلوول و زەبوونن. دەبێت بەهەموو جۆرە چەکێک ڕسوایان کەین. نەگاتە هەفتەی داهاتوو توێ ئەم کارە ئەنجام درێت.

– ئەوڕۆ هەینییە، تا سێشەممەی داهاتوو ئەنجامی دەین باشە؟

– باشە. بەمەرجێک بەوردەکارییەوەو دوور لە هەڵەو هەڵەشەیی؟

– دڵنیابە بەدڵی تۆ دەبێت. لەم باسانەدا بوون یەکێک لە برادەران وتی:

– وا مەندانیش گەیشت. یاسەمین مۆڵەتی چاک و چۆنی بە"مەندان" نەدا و پرسی:

– مەندان خانم بۆ وا درەنگت کرد؟

– ڕێ بەندان بوو، داوای لێبووردن دەکەم.

– داواکەت نا پەسەندەو لێبووردنیشت شیاو نییە. بۆ خۆت یەکێکی

لە ئەندامـانی سـەرکردایـەتی. ئەوی تۆ وا بکەیت و بەڵگەی ڕێ بەندان بۆ درەنـگ کـردنت بـهـێنینـەوە، هەی لە ئـەندامــانـی پلەی پـایین. [ڕوو بەبرادەران] نامـەیەکی سـەرزەنشتـانە ئاراسـتـەی "مـەندان" خـانم بکەن بۆ ئەوەی جـارێکی دی پێش هەمـووان ئامـادەبێت. یاسـەمین هەسـتـایە سەر پاو وتی:

– خۆشـحاڵم بەئاشنـاییتـا. ئومێدەوارم هەموومان لـە ئاستی شـیاوا بین و هەست بـەگرنگی ئەرکەکـە کەین، وا خـسـتـوومانـەتە ئەسـتـۆی خـۆمـان. مـەندان خـانمیش نابێت لە بڕیارەکـەی من زویر بیت، لە پلەی گەرمـای "٥٥"ی کـوت و عـیمـارەی عیـراقدا مـەشـقیـان پێ کـردووم و لێشـیان داوم تا باشـتر بەرگەی دژواری و ناهـەمواریيەکان بگرم، بۆیە ڕەفتارو کرداری ساواک نەیتوانی بمـهاڕێتە سەر یەکدا.

مەندان فرمێسک بەڕوومەتیا شۆڕ بوویەوەو بەپەڵمەگریان:

– من موسـتـەحەقی ئەو سـەرزەنشـتـەم و دەبوا حیسابی هەمـوو شتم کـردبا. ئومـێدەوارم ئاوا هـەڵەیـەکم لێ دووبارە نەبێتـەوە. شـەرمـەزاری لای هـەمووتـانم.

یاسـەمین ڕووبەڕووی ڕۆیشت و لە ئامێزی گرت و ڕوو بەبرادەران:

– سـەرزەنشـتـە نووسـراوەکـەی ئاراسـتـە دەکـەن با زەنگ بێت بۆ هەمـوومـان تا قـەدر و قـیـمـەتی کـات بزانین؛ ئەگـینا وەک شـمـشـێـر دەمانبڕێت. ئانوش وەڵامی دایەوە:

– فەرمان موتاعە!

کەواتە با بڵاوەی لێکەین. هەر لەیراوە.

ئانوش وتی:

– من و کامبیز لەگەڵتا دەبین. یاسەمین بەڕووسەر بەستنەوە خەریک بوو، برادەران یەک و دووان بەرەو خوار بوونەوە. شاری تاران نرکەو ناڵەی دەبیسرا لە چەند لایەکەوە تەقە دەهاتە گوێ. لەسەر کۆلانەکاندا گەنج و لاوانی گەڕەک بەکۆمەڵ دەبینران. خەڵکی ولات بەئێوارانـدا ڕادیۆ بەدەست گوێ لە ڕادیۆ بەدوای ئیزگەی «bbc»دا دەگەڕان. ئیتر «bbc» فووی پیادەکرد درۆ و ڕاستی هەڵدەڕێژا. دەچووە نێو بەندیخانەکانەوە لە تازەو کۆنی باسی دەکرد. تازە هوەیدا گیرابوو برێکی دیکەی سەردەمدارانی دەوڵەت چووبوونە دەرەوە. هەر باس باسی حکومەتی نیزامی بوو دەبیستـرا. بەو باسەی چەکەرەو ترس و دوودڵی دەکەوتە دلانەوە.

دوعایان دەکرد ئەفسەرێکی چەکمە ڕەق و ملهوڕ هەڵنەبژێرن بەفەرمانبەری حکومەتی نیزامی. کاتێک تیمسارێکی بوودەڵەو گرینۆکی پڕوپووچیان هەڵبژارد، قوتابخانەو سەردەمدارانی ئەفسەری سوپای ئێران کەوتنە خۆیان و زانییان کلاویان با بردوویەتی. دەربار جۆرێکی دی تێدەفکریەت ئەرزش و نرخ و قەدرو قودرەتیان بۆ داناناو هەڵەشانە لای وایە ئاوایە مەردوم داری و تیمسارێکی گیر و گەواری وەک ئەزهاری دەوای دەردەو بیگرەو بەردەی ولات هێمن دەکاتەوەو چاوساقەکانی نێو سوپا دەیانزانی جەڵەو و ڕەشمووی دەسەلات بەدەست فەرەح و چەند لووسکەیەکی دەوروبەریەتی و شا ڕۆح و ڕەوان و وزەو دەسەلاتی لە دەست داوەو "فەرەح" تەواوی قۆزاوەتەوەو خستوویەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

## ٩٦

فەرهاد تازە لە بیمارستان وەدەرچووبوو، زەجرێکی زۆری کێشابوو هیرۆئین کێشانی خستبووە لاوە. درِی و ملهورِیی رەحمانی باوکی هاتبووە سەر تکاو تەمەننا لە کاتێکدا فووی لە چای نێو ژێر پیاڵەکەی دەکرد:

– کورِم ئێمە هیچ؛ بەڵام تۆ بەزەییت بەخۆتا نایەتەوە؟ ئەمە وەزعەکەتە وا دەیبینی. ئەم شاری کرماشانە نییە نەزانێت هوکارەی هیرۆئینی. وا لە سایەیی خواوە تەرکت کردووە. بەئاسانی دەتوانی ژیان و زیندەگییەکی نوێ و تازە دەست پێکەیتەوەو لە چەوت رەفتاری دوورکەویتەوە.

شیرین رۆژنامەی دەخوێندەوە لە پشتی پەرِەکانەوەو وتی:

– تەیری گوڵ عاشقی داری زەقنەبووتە.

– گوێت لێیە چیم پێ دەڵێت؟

شیرین رۆژنامەی لادایە لاوە روو بەباوکی:

– من کەی لەگەڵ ئەومە. وتارێکە دەربارەی چۆنیەتی پێوەندی نێوان "ساواک و شا" نووسراوە. من مەبەستم لەو نەبووە.

– کچە تیوە! تۆ چیتە لەم بەزمە کاتێک ناوی شا دەبەی برِۆ دەمت بشۆرە ئەو حەلە ناوی ببە.

– قوون درِاوەو بەڵمە برنجی تێ دەئاخنن. برِۆ نێو شەقام؛ بارانی

جنێوه بەسەر شا و دەسەڵاتی شادا دەبارێت. خۆمە تاوانی من نییه، هی منە؟

– ئا، هی تۆیە. لە ماڵی مندا خراو بە شا وتنی تیا نابیسرێت تێگەیشتی؟

– زەمانێکە تێگەیشتووم. سەیر لەوەدایە تۆ لەسەر ماڵت دەڕۆیت و یەشتا تێنەگەیشتوویت.

– دەی وەرە تێم گەیەنە. بەڕای خانم توێ چی بکەم؟ سبەی منیش وەک ئەو بێ سەروپێیانە بکەومە نێو شەقامەوەو بڕووخێ و بژی دەست پێبکەم؟ ئەوەت دەوێ؟

– مەسەلەکەی ئەوەی نییە من بمەوێ یا نا...دایکی قسەکەی شرینی بڕی:

– کچێ... تۆ چیتە لەم باسانە؟ شا، شایە. شا نیوەی ئیمانە.

ڕەحمان سەری هاتبووە لەرزین ڕوو بەسەبری:

– ئەمانە کەفی سابوونن، گەوجن. چەند دەستەی گاردی شاهەنشاهییان بەسە. شتێکە دەوڵەت جارێک موداراتیان دەکا؛ بەڵام خەریکە چەقۆکە دەگاتە سەر ئێسک، ئەو دەم دەکەونە لاڵکانەوەو پەشیمانی.

– کەواتە تەواوی میللەتی ئێران بێ ئیمانن. ئەوسا هەمووی یەک دەنگ و یەک ڕەنگ هەڵساون.

– بەهیچ جۆرێک وانییە. کچم تۆ نازانیت، ئەوە دەوڵەتە دەوڵەت. دەوڵەتیش سیاسەتی خۆی هەیە، جەڵەوی بۆ گێرەشێوێنەکان بەرەلا کردووە تا دنک دنک و دانە دانە بیانناسێت. بەلاتانەوە وایە شاهەنشاهییەک هەزاران ساڵ ڕیشووی لە زەویدا بێت، بەقسەی

چەند سەر لێشیواو و مێزەر زلێک بڕواتە لاوە؟ ئەوە مەحاڵە، ئەوە خەیاڵە.

– باوە! تۆ دڵی خۆت خۆش دەکەی.

فەرهاد هەڵساو وتی:

– لای ئێوەمان خۆش، کاروباری وڵات تاو و توێ کەن؛ من دەڕۆمە دەرەوە. ڕەحمان ئاوڕێکی ناڕازییانەی لێ دایەوە، لەبەر خۆیەوە وتی:

– ئاغا بۆ کوێ تەشریف دەبەن؟

– نازانم. تا دێمەوە وەزعی وڵات بخەنە لایەکدا لە بیرتان نەڕوات سەرەک وەزیری تازەش هەڵبژێرن. شەهباز تازە لە خەو هەڵسابوو. چاوی دەپڕوان. پەیتا پەیتا بەسەر دەیدا لە شانی دایکی و دەیوت:

– ئەخۆم... ئەخۆم.

ڕەحمان لە دڵەوە شانازی بەشرینەوە دەکرد و دەیوت خۆزگە تۆ کوڕ بایتا نەک فەرهاد و ئەو پارچە گۆشتە... پێوەدانی دەرگای حەوشی هاتە گوێ. لەبەر وەدەر چوونی شەهباز دەبوا دەرگاکە توند پێوە درابا تا نێرو مێکەی تیکەڵ بانا.

فەرهاد لە کووچەوە دەرچوو. ئەو دەیزانی بەرەو کوێنە دەڕوا مانگێک لە بیمارستانا نووستن، بەدەواو دەرمان و ژان و تەپاوتلی شەوگاری پڕ ئازاری هیرۆئین تەرک کردنەوە، بەزۆر دەرگا لێکلۆم کردنەوە بەڕۆژانی نیوە بێ هۆشەوە هەمووی لە بیرو ئاوەزو ئەندێشەیدا پۆل پۆل دەهاتن و دەچوون. دەیویست یەکەمین کەسێک بزانێت وا هیرۆئینی خستووەتە لاوە "سودابە" بیەت. دای لە دەرگاو ڕاوەستاو دەرگا جیڕەیەکی لێوە هات و ئەندام و پەیکەری سودابە پڕ پڕی دەرگاکە بووبوو؛ بنێشتی دەجوی، ئەبرۆی چەپی بەرز کردەوەو موزیکەرانە وتی:

– ئاغا نافەرمووێت ناوی چییەو خەڵکی کوێیە؟

– لێمان گەڕێ، بابێینە ژوورەوە.

– سودابە یەک دوو جار چاو و ئەبرۆی سەکن و فول کرد، ئینجا وتی:

– ئاخر هەی لە قەحپە بوو! ئەمە یەک مانگە ملت بۆ کوێ شکاندووەو وا ئێستا گەیشتوویتە من؟

– دەیەڵی بێمەماڵەوە یا نا؟

سودابە دەرگای چۆڵ کرد و کەوتە پێشەوە. فەرهاد بەدوایدا بەرەو ژوور. فەرهاد لەبەر خۆیەوە وتی:

– بەخوا جوانە تامن تۆ بگرم، تۆ منت گرت. سودابە لای کردەوە:

– چیت فەرموو؟

– چیم فەرموو. لە جۆیەی ئەوەی من گلی کەم تازە تۆ خۆت ئاڵۆزاندووە. یەک مانگی ڕەبەقە لەسەر تەختی بیمارستانم پرسیارێکت نەکردووە.

– حەتمەن ویستووتە گاندان تەرک کەی. مەگەر سیمرخم بۆن بە بن باڵمەوە کەم و بزانم بۆ کوێ ملت شکاندووە. تاوێک هەردوو ڕاوەستان. بێدەنگی لە نێوانیانا ئارام خشەی باڵی دەبیسرا. سودابە وەرگەڕایەوە لای فەرهاد و لە کاتێکدا یاری بەدوگمەی کراسەکەی فەرهاد دەکرد ژنانە لە سەرخۆ وتی:

– ئاخر فرە بەتاسۆتم. لە خۆمم دەپرسی ئەو هەتیوە حیزە نازدارە بۆ وا لێم ناپرسێت؟ تۆ بڵێی سەری لە جێگەیەکی دیکەوە گەرم بووبێت؟ ئینجا فەرهادی پەلەکێش کرد بەرەو ژووری نووستن و پەلە پەل کەوتە خۆ داماڵان. بلووزەکەی لە هۆڵەکەدا توورداو دامێنەکەشی

کەوتە لایەکەوە، شۆرتەکەشی وا تووڕدا کەوتە سەر پەڕەیەک لە پەنکەی بنیمچەوە. بەوەو ڕانەوەستا لەخۆ داکەندنی فەرهادا ڕۆیشتە هانایەوە، ئیتر ئالآن بەیەکداو تێکەڵاو بوون.

ئێوارە بوو درەنگ تاریکی دای دابوو سودابەو فەرهاد شل و شێواو مەنگ و خومار لە باوشی یەکدیدا نیوە هوشیار ماندووی تێهەڵچوونێکی چەند جارە هەر یەکە جیاواز بیریان بەرەو دۆڵ و دەربەندی گرفتاری خۆیان دەچوو. لە پڕ مێردەزمەئاسا عەباس تیغی لە نێوان دەرگادا ڕاوەستابوو، بێ دەنگ تێی دەنواڕین. فەرهاد لە پێخەف وەدەرهات، بەخۆ کۆکردنەوە خەریک بوو، سودابە هەروا ڕاکشابوو. ڕوو بە عەباس:

– چییە دەڵێی داهوڵی شتێک ڕووی داوە؟

فەرهاد لە ژێر باڵی عەباس تیغییەوە لە ژوور وەدەرچوو. عەباس لە پاینی سەریرەکەوە دانیشت و تەزبیحێکی سەوز ڕەنگی لە گیرفان دەرهێناو ئالآنییە پەنجەکانیداو هەروا سەیری زەوی دەکرد ژمێراو لەسەرخۆ وتی:

– ئەزانی ناخۆشت کردووە؟

– ئاغا نافەرمووێت خۆش بەلایەوە چییەو چۆنە ؟

– خۆش ئەوەیە وەزیفەت بزانی، نەک ئاوا بەرەڵا.

– جا تۆ لە ژیانتا بۆ جارێک مانای ڕاستەقینەی وەزیفەو ئەرکی سەرشانت زانیوە. تا بەخەڵکی بڵێیت بەخوا جوانە.

– فێرم دەکەی؟

– جا هۆش و عەقڵی فێربوونت بەلاوەیە؟

– دوایی زمانت دەبڕم. بزانە چۆنم لەگەڵ قسە دەکەی.

– ناسوپاسیت گەیشتووەتە ئەوپەڕی. ئەگەر من نەبم دەزانی چیت بەسەر دێت؟

– چیم بەسەر دێت؟ تۆ نا چەقۆکێشێکی گەوادی دی.

– وتم زمـــان درێژی بەســـە. مـن نەبم لە بەیانیـــیـــەوە دوولنگەت بەئاسمانەوەیە تا بەرەبەیان بێ فلس و ئانەو قەرانێک. ئەوی دەیدەیتە من کەمە، دەبێ بیکەیتە دووبەرانبەر؛ ئەگینا کارێکی وات بەسەردا دێنم سەگ بۆنت پێوە نەکا.

– هەروا، ئەگەر تۆزەکێک مەردانەگیت تیادایە دەیکەی. ئاخر تۆ گیراوەیەکی لە نامەردی و ناپیاوی. عەباس قیڕاندی: سەڵیتە و تا توانی ماڵی بەڕوخساری سودابەدا. سودابە قیژاندی و چرای خوێندنەوەکەی ژوورسەری وەچنگ هێناو تا توانی ماڵییە ڕوخساریدا. خوێن بەڕواڵەتیدا شۆڕبوویەوە. کە لەپی لە ڕوخساری داو خوێنی دی، چەقۆی لە گیرفانی دەرهێناو تا توانی یەک دوو چەقۆی تا مشتەکەی لە لەشی سودابەدا نوقم کرد و لە ژوور وەدەرچوو. سودابە ڕووت و قووت تەختی زەوی بوو. عەباس گورج و گۆڵانە لە ژوور وەدەرچوو فەرهاد بەرەو ڕووی هات بەفەرهادی وت:

– ورتەت لە دەمەوە بێت گوێ تا گوێ وەک کارە کۆرپە سەرت دەبڕم. فەرهاد خۆی گەیاندە سودابە. ڕوانی خەڵتانی خوێنە، بەڕاسەریەوە دانیشت. دەستی خستە سەر ڕوومەت و سەرو زوڵفی سودابە چاوی کردەوە.

– نارەحەت مەبە ئێستا دەتگەینمە دکتۆری بیمارستان.

سودابە دەستی فەرهادی وشارد و ژمێراو لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە:

– لەوەی گەڕێ. من لەوەی ماندووترم وا تێی دەفکرێی، تا ئەیراو

بەس. نیازم بەئاسایش هەیە کە لە ژیانمدا بۆ ساتێک بەخۆمەوە نەدیوە.

ئەگەر منت خۆش دەوێ، تا دەمرم بەجێم مەهێڵە. ئەو بەڵێنەم دەدەیتێ؟

- دەیدەم؛ بەڵام باسی مردن مەکە. زامەکەت هی مردن نییە ئەگەر لێم گەڕێی بتگەیەنمە بیمارستان هەموو شت ڕووبەڕایە. سودابە تا دەبوو ڕەنگی زەردترو بێهۆشتر دەبوو.

فەرهاد کەوتە بیری خۆیەوە: کوشتنی سودابەیان خستە گەردنم چی؟ عەباس وا وەک بسکی بانان بۆی دەرچوو من بەدیار ئەم مەیتەوە دانیشتن لە عەقڵەوە دوورە. یەک دووجار سودابە سودابەی کرد سودابە چاوی هەڵهێنایەوەو وتی:

- ئاو.

فەرهاد چوو بەلای یەخچاڵەوە. سودابە خوێنێکی زۆری لێ ڕۆیشتبوو. فەرهاد هەر بەپوتری ئاوی بەدەمەوە کرد، سودابە بەدژوار هەناسەی دەدا.

فەرهاد لەبەر خۆیەوە چی بکەم چی بکەمی دەکرد، وای بەباش زانی لە ماڵ وەدەرچێت. بۆچی خوێنێکی ناحەقی نەکردووی بخەنە ئەستۆی. ئاخر تۆ بەڵێنت بەو ژنە داوە، با بۆ یەک جاریش بووە مەردانەگیت لێوەشێتەوەو بەڵێنێک داوتە بیبەیتە سەر. لەلایەکی دیکەیشەوە ترس دای گرتبوو: هەتیو بەڵێن و مەردایەتی چی... دوایی چۆن سەر لەم قوڕە وەدەردێنیت؟ سودابە بەحاڵ و نەحاڵ برژانگەکانی دەلەرزێتەوە. لەپڕ سێ چوار پۆلیس خۆیان کردە ژووردا. فەرهادیان قۆڵ بەست کرد. هەرچی هاواری کرد ئەو کەسی نەکوشتووە، مەرگ و

ئەویان تەنها پێکەوە دەستگیر کردبوو، ئەفسەرەکە دانوینایەوە سەر پەیکەری ڕووتوقووتی سودابەدا. سودابە چاوی هەڵهێنایەوەو لەسەرخۆ دووسێ جار وتی:

– عەباس تیغی کوشتمی، فەرهاد بێ تاوانە. هەرچیشم لێ بەجێ ماوە دەیبەخشمە فەرهاد. ئەوەی وت و بۆ هەمیشە لە جیهان وەدەرچوو. فەرهاد تۆقیاو و ئاشوفتەو سەر لێشێواو ڕوو بەئەفسەرەکە وەک بیستت من بێ تاوانم.

– بۆمان دەرکەوت، بەڵام هەر دەبێت لە گەڵماندا بێیت چونکە جگە لە هەواڵدەرەکە تەنها تۆ زیندوو و بینەری تاوانەکەی.

– هەواڵدەر؟

– بەڵێ. هەواڵدەر کابرایەک تەلیفۆنی بۆ کردین و کەوا ئافرەتێک لەم ماڵەدا کوژراوە؛ ئەگینا ئێمە خۆ غەیب نازانین ناپرسیت چۆن گەیشتینە ئەیرا؟

– ئەی نامەرد خومە ویستوویەتی لە قوڕە ڕەشەی چوارزەوەرم نێت و خوێنی سودابەم لە گەردن نێت.

قەینا وێڵەڕێم، ئەمما...

چپەی ئەندیشەم دەگاتە پەردەی گوێی زەمان. ململانی وژدان و واقعییەتی تفت و تاڵ، دابڕان یا پەیوەند، مانەوەو گەڕانەوە، نیشتەجێبوون لە سێوەری دامێنی دەواری دووردڵی و بێتاقەتیدا، تەنهایی و شەڕی زات و نیازەکان، بەرگەگرتن تا سنووری مردن، ڕووبەڕووی ترس و تۆقیان یا چوارچمک لێوەدارا کردن و ڕێگەی گومڕایی گرتن.

ئەوسا لە خۆم دەپرسم حەقمە وام بەسەرهاتووە؟ دەکرا وا نەبووما؟ بۆ هەمیشە دوورکەومەوە یا بەردەوام بم؟ نەبووما؟ بۆ خەڵک بژیم یا خۆم؟ ئەوی من دیومە بەخۆشی و ناخۆشییەوە ڕاستەقینەی ژیانی سیاسی سەردەمە، هەرچەندی لێ بدوم کەمە. ئەوسا لەم غەریبستانە ئەوی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە، شەقامی غوربەت پێوان و لە دوورەوە تەماشاکردنی باوان. خۆرە ئاسا بەربوومەتە پەیکەر و وجودم.

ڕاستە بوومەسە نموونەی ململان و نیشانەی دیاری داپڵۆسان و ئەمما یەشتا دەرگاکان ئاواڵەیە. منی ڕۆژهەڵاتی خەڵکی سەرزەوی هەتاو و خەڵک و خوا و ناوچە جۆراوجۆرەکان، منی ڕۆشنایی مژ دوور لە دڵ، دوور لە دیدار، بێ کەڵک، دوور لە خەڵک، لە گوزەرگاو دەربەندی نامۆیی و تەنهاییدا بۆچە تەسلیمی ستەمی دوور وڵاتی بم؟

لەم هەڵسەنگاندنەدا ڕێگەو ڕەواڵی ململان جیاوازەو هەزار کوێرە ڕێ و بزنەڕێ دەخاتە پێش چاوان. هەرکامێکی بگریت دەتباتەوە خاکی وڵات. من ئیتر بێدەنگی ماندووی کردووم، تاریکی و بێ دەرەتانی شەوی دۆزەخی هاڕاندوومی. تەواوی وجودم پاشماوەی شاڵاوێکی بێوژدانانەیە. وا بڕۆم دەبمە گۆمێکی گەنیاو. لەم شارە پڕ لە ڕەنگ و دەنگ و ڕەنگستانەدا چیم و کێم و کوێنەریم؟

بۆچە ڕاوەستاوی؟ بەتەمای چیت؟ لە دوورەوە تەماشاکەری دیارو کوشت و کوشتاری یاران و هاوڕەزمەکانت بیت؟

ڕاستە درێخت نەکردووە، ئەوی ساواک بەسەریتا هێناوە نەبیسراوە؛ ئەگەرەکان بخە لاوە. ئیستەرەمەکان بکە وشەو واژەی سەر زارت. تۆ کوڕی تۆفانی، تۆ پاشماوەی چەپاوی، وا دەبینی هەر وەک خۆتی و ماوی. کەواتە هەستە و ڕامەوەستەو بڕۆ. هەستە بگەڕێرەوە،یارانت چاوەڕوانتن. لەولای دەریاکانەوە، وڵات و خاک و خەڵک و عشق و ململانی نێوان مەرگ و زیندەگی چاوەڕوانن. وەتەن تەنها لە نێو دڵا جێگەی نابێتەوە. ئەوی پای لە تل و دەوەنی خاکی وڵات گیرنەکا بێ ڕیشوو دەداتە چاو. دەبێتە خاوەنی ناوباوی خراو. ئەمەی تیادای خۆ خەڵەفاندنە. لەم دوورەوە ململانی چی؟ ئەوانەی وا دەڵێن بوودەڵەو سوودجو ڕاکەرێکی پڕوپووچ و خۆ بەزل زانن.

یاسەمین ڕاستی دەکرد. پەکو لەو شێرە ژنە؛ ئەشهەدو چیایەکە لە ئاسن، تۆفانێکە لە بڕیار، دونیایەکە لە ململان، دەریایەکە لە بەرنامەو پرۆژەو دارشتن.

فەلامەرز چووە لای تەلیفۆنەکەوەو چەند ژمارەیەکی بادا و وتی:

– هەلاو، من "ئاگرم". بەبرادەران ڕاگەیەنە دەمەوێت بگەڕێمەوە وڵات. بڕیارەو داومە، چاوەڕوانی وەڵامتانم. تەلیفۆنی داخست.

دوای ئازادکردن و بەخشینی لەلایەن شاوەو وەدەرنانی فەلامەرز لە ئێران، دایکی خۆی گەیاندبوویە؛ ئالەمتاجی خوشکیشی هاتبووە پاریس. دایکی نەخۆشیی شەکەر چروساندبوویەوە. تووشی تەوژمی خوێن و دڵ گەورە بوونیش هاتبوو. لارەلار دەڕۆیشتە ڕێگەوە. فەلامەرز کە دەکەوتە بیری دایکیەوە لە بڕیارەکانیدا تۆزەکێک خاو دەبوویەوە، دانی بەوەدا دەنا وڵات و بیروباوەڕ چەندە بەلایەوە گرنگ و پیرۆزن، پارازتنی ئاسایشی دایکی ئەویش مافێکی گرنگی دیکەیەو کەوتووەتە ئەستۆی. با وەک تا ئەو دەمە نەیپارازتبوو، هەرکات لەگەڵ دایکیدا ڕووبەڕوو دەبوویەوە لە شەرمدا سەری بەرز نەدەکردەوە. دایکی هەستی بەو شەرمەزارییە دەکرد و دڵخۆشی دەدایەوەو دەیوت:

– ڕۆڵە من هێندەم نەماوە. عومری خۆمم کردووە لەبەر من بۆچوون و بەرنامەی خۆت تێک مەدەو ئەوی بۆ خۆت بەچاکی دەزانی بیکە؛ من لەگەڵ دەردەسەر و بۆنەهاتا ڕاهاتووم، سەدان جار مەرگی خۆمم ویستووە؛ بەتایبەت ڕۆژانی زیندانیبوونت. خوا دەستی بەسەر ئەو ژنە خواناسەوە بێت وا تۆی لە مەرگ ڕزگار کردبوو لە چنگی ئەو خوێن ڕێژانە ڕزگاری کردی. باوەڕ بکە هەمیشە دوعاگۆیم. ناوەکەیم لە بیر دەچێتەوە، ناوێکی سەیری هەیە، ڕاستی ناوی چی بوو؟

دایکی هەرکات فەلامەرزی دەدی "لی لی" دەکەوێتەوە بیر. هەرچی دەکۆشا ناوی وەبیر بێتەوە، نەیدەتوانی. دووبارەو چەند بارە لە نێوی دەپرسی جا بۆیە فەلامەرز هەر وەخت دایکی چاو پێ دەکەوت دەیوت:

– ناوی "لی لی"یە. ئەو تەماحەشی بەفەلامەرز نەمابوو تا تروتوخمی ببینێت. لە هەرکوێدا بۆی بلوایە دەکەوتە ناو و ناتوری یاسەمین و دەیوت:

- هەرچی بەسەر فەلامەرزی منا هات و هاتووە هەمووی ئەو کچەتیوە هەڵقونە بوو. بڵێ زلف براوی دەڵەشر! چیتە لەم بکوژ بکوژە؟ ئینجا بۆخۆی دەیگلماندو دەیوت:

- لور هەروا بوون. لە مێژەوە شەڕەنگیزییان کردووەتە ڕەسم و ڕەواڵ و پیشە.

فەلامەرز بەدڵ و داو چاوەڕوانی وەڵامی ڕێکخراو بوو، یانی چی؟ بۆ وەڵامیان نەدایەوە؟ ئەو نەیدەزانی یاسەمین بەبەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراو هەڵبژێردراوە. سێ ڕۆژ بوو چاوەڕوان بوو سەرئەنجام خۆی پێڕانەگیراو دووبارە تەلیفۆنی کردەوە لە هۆی وەڵام نەدانەوەی پرسی؟ پێیان ڕاگەیاندبوو دوو سێ ڕۆژێکی دی چاوەڕوان بێت، وەڵامی دەدرێتەوە.

یاسەمین پێی خۆش نەبوو بەتەنهایی بڕیاری هاتنەوەی بدا، بۆیە داوای کۆبوونەوەی ڕابەری ڕێکخراوی کردو بێ ئەملاو لا ڕۆیشتە نێو چەقی باسەکەوەو وتی:

- وەک دەزانن هاوڕێ فەلامەرز ئەوی لە توانایدا هەبووە بۆ ڕێکخراوی کردووەو لە پێناوی ئارماجەکانی ڕێکخراودا خۆی گەیاندە ژێر سێبەری قەنارەو کوشتن برینی زرتە زەلامەکانی "ساواک". ڕەنگە ئەوشتان زانیبێت کە وا من و ئەو عومرێک پێکەوە ژیاین و تا سنووری پەرستنیش یەکدیمان خۆش ویستبوو. کە بەرژەوەندی ڕێکخراو و بیرورا هاتە پێشەوە من و ئەو ناچار بووین ئەو عشقە پاکە، ئەو ژیانە چاکە بەسەر تەتە شۆری لەخۆ بوردن و پێزیانی زات بکەینە قوربانی. داستانی من و ئەو چیرۆکێکە زۆربەی زۆری بەرە سیاسییەکان و چاوساقانی نێو میللەت دەیزانن؛ ئەگەر ڕێکەوت و تەقالای برادەران و

خێرخواکان نەبوایە دەبوو هەم من و هەم فەلامەرز ئێستا لە ژێر خاکدابایین. ئەوسا بەندە لە خزمەتتاندام و فەلامەرزیش دوورخراوەی وڵات و دەربەدەر. داوای کردووە بگەڕێتەوەو دووبارە لە وڵاتدا دەست بەکاری تەقالاو تێکۆشان بێت. ئەو لەو باوەڕەدا نییە لە تەقالاو جووڵانەوەی سیاسی دەرەوەدا سوودبەخش بێت و داوای گەڕانەوە دەکا. با ئەویشە بڵێم دوای ئەم هەموو ساڵە پڕ لە کوێرەوەری و دەربەدەری و زیندان و کوشتن و بڕینە بۆ ساتێک فەلامەرزم لەبیر نەچووەتەوەو وەک ئەوسا خۆشم دەوێ. بڕیار، بڕیاری ئێوەیە. هەرچی بڵێن وا دەکەین.

ئانوش دەستی بەرز کردەوە قسە بکا:

– ئێمە هەر یەکەمان ژیانی تایبەتمەندی خۆمان هەیە. کەسمان ئەو لایەنەی ژیانمان تێکەڵی کاروباری ڕێکخراو نەکردووە. تا ئێستا هەل و مەرجیی وا ڕێک نەکەوتووە تا بیکەین. ئەوی بەسەر هاوڕێ یاسەمین و هاوڕێ فەلامەرزدا هاتووە پۆپەی لە خۆ بوردن و کاکڵەی ڕاستەقینەی ململان بووەو ئەو تراژیدییە بووەتە وێردی سەر زاری ڕێکخراوە سیاسییەکان و هەتاوەکو خودی "ساواک" لە ناخیاندا ڕێزو حورمەتێکی پەنهانیان دەرحەق بەو لێبوردنە هەست پێ دەکرد. بەندە بەش بەحاڵی خۆم سەری تەعزیم و ستایش لە عاستی ئەو لێبوردنە دادەنوێنمەوەو هاوڕێ فەلامەرز جێگەی ڕێز و شانازیمانە. شتێکە هاتنەوەی بەو ئاسانییە نییە. ئەو دەم و چاوێکی ناسراوی هەیە و ڕۆژنامە و بونگای هەواڵ پڕوپاگندەکانی ئەورووپا و ئەمریکا کارێکی وایان کردووە بەئاسانی ناشارێتەوە. وەک دەزانن ساواک یەشتا ماوەو ڕیشەی وەدەر نەهاتووە، دەبێت بەوردەکارییەوە بەرنامەی

گەڕانەوەی داڕێژین؛ ئەگینا تووشی کێشەو مەرافە دەبێت. بەسەر ئەوەشدا ڕا ڕای هەمووانە ئەوی بڕیاری لەسەر دەدرێت دەکرێت.

هەمووان پەنجەمۆری گەڕانەوەیان کرد، کەوتنە ڕاوێژی چۆنیەتی گەڕانەوەی. سێ ڕێگەیان لە پێش بوو: یەکەم ڕێگەی عیراق، دووهەم خەلیج، سێهەم ئەفغانستان. دەبوا فەلامەرز بگەڕایەتەوە وڵات.

جارێک نامانەوێ هەست بەوەی بکەن چەک و تەقەمەنی و زەخیرە دەستی لێدراوە. ئێمە چەکتان بۆ دێنین، ئێمە بڕیارمان داوە ئەوی تەقە دەکا لە هەشت کەس زۆرتر نەبێت، چواریشمان داناوە بۆ کاتی کشانەوەو پارازتن. لەوەش دڵنیابن جێگەو ڕێگەی دوای ئەنجامدانی کارەکەمان بۆتان تەرخان کردووە. دام و دەستگای ساواک و "ڕوکنیدو" دەستی پێتان ناگا. بەباش دەزانین چەند ڕۆژێک ماڵ و منداڵتان بگوێزنەوە جێگەیەکی دی نەکا کەربازاڕی بکەن و تۆڵە لەوان کەنەوە یەکێک لە سەربازەکان وتی:

– ئێمە حیسابی ئەوەمان کردووەو وابزانم ئەوانەی خاوەنی ماڵ و منداڵن دووریانیان خستووەتەوە بۆ مەبادا. وەک دەفەرمووی با دوور بن لە کەربازاڕی...

ئانوش لوولە کاغەزی چەرخاندو بەسەرمێزەکەدا پانی کردەوە. بەقەڵەمەکەی دەستی ئاماژەی بۆ چوار سووچەیەک کرد و وتی:

– کەواتە ئەمەیانە ڕوستورانی سەرەکی ئەفسەران؟

یەکێک لە سەربازەکان وەڵامی دایەوە:

– ڕستورانی پلەدارەکان پێش ڕستورانی ئەفسەرەکانە.

– بەم شێوە ئێمە دەبێت لە نێو دەرجەدارەکانەوە خۆمان بگەیەنینە نێو جێگەی نانخواردنی ئەفسەرەکان. لە ڕاستیدا ڕێکخراو نایەوێت لە دەرجەدارەکان بکوژرێت، مەگەر بەناچاری.

– پێت وایە چەند ئەفسەر لەوێدا کۆ دەبنەوە؟

– نیوەڕوان دەگەنە سەد ئەفسەر.

– ئەفسەری پایەبەرزیش لەوێدا نان دەخۆن؟

– تیمسارەکان نانیان بۆ دەبەنە ژوورەکانیانەوە لە سەرهەنگ بەرەو خوار لەوێدان.

– مەبەستی ئێمە تەنها ئەفسەرەکانە. ئەوی ئەستێرەی بەسەر شانەوەیە بتوانین دەیکوژین ئەمە فەرمانی ڕێکخراوە. وەک وتتان لە کاتژمێری دووی نیوەڕۆدا گەرمەی نانخواردنیانە.

– لەیەک و نیو دەست پێ دەکا تا دوو و نیوی نیوەڕۆ.

– دڵنیان لە جێگەی خۆشاردنەوەمان، هەموو حیساب و لەیەکدانەوەیەکتان کردووە؟

– لەوەی مەترسە. من سەرپەرشتی گەنجینەی ئازووقەم. کلیل بەلای خۆمەوەیە. سبەی نۆرە ئیشکمە. لەوی دەتانشارمەوە بەمەرجێک ئەمشەو بگەنە پایگا.

– ئێمە لەگەڵ یەکێک لە ئێوەدا نیوەشەو بەسەر دیواری پایگادا دەگوزەرین و خۆمان دەگەیەنینە لای تۆ و تا کاتی نانخواردن، ئەو دەم دەست پێدەکەین! ئانوش هەستایە سەرپا بەبرادەرانی وت:

– بەئومێدی دیدار!

باران دایدابوو. سەیلاوی جۆگەی دوولای شەقامی پەهلەوی خوڕەی دەهات توندوتیژ بەرەو باشووری شاری تاران هاژەی دەکرد. ڕێشووڵە لانەوازەکان پۆل پۆل پەنایان دەهێنایە چنارەکانی شەقامدا. بەپێچەوانەی ئەو ساوە دەرگا پۆلاڕیزەکەی باڵیۆزخانەی عیراق، لنگە

ڕەش داگەڕاوەکانی ئاواڵە کرابوو. دوو ڕەشتاڵەی بازووڵە ئەستوور لە دوولای دەرگـــادا جنجکەیان دابوو. جــــوولانەوەوەو هات و چۆیی نائاسایی لە نێو سەفارەتدا دەبینرا. دەستگای ئەمن و موخابەراتی عیراق لە پەل و پۆ قرتاوی "ساواک" کەوتبوونە تەقالاو پەیوەند و هاتوچۆی خەڵک و ڕێکخراوە جۆراو جۆرەکانەوە؛ "پشیلە نییە لە ماڵ مشکان تلی لییانە". لەولاترەوە دەنگی "مردن بۆ شا" دەبیسرا تەقە بەردەوام بوو. گرمەو گاڵەی هەور لەگەڵ تەقەو ژاژوری دوور و نزیکدا تێکەڵ بووبوو. باران وەستابوویەوە. ئانوش دوای چەند کووچەو کۆلان بڕین و پێچ خواردن و سووڕ خواردنی نێو شەقامەکان و هوشیارانە ئەمـلاو لا پێوان، لە جێگەیەکدا ماشینەکەی ڕاگرت و پیادە بەرەو ئەپارتمانەکەی لای یاسەمین وەڕێ کەوت. بەشێوەیەکی تایبەت دای لە دەرگا و ڕۆیشتە ژوورەوە. تەواوی چۆنیەتی بەرنامەکەی بۆ باس کرد. یاسەمین بەوردی گوێی ڕاگرتبوو، پەنجەی شایەتمانی ڕاوەشاند و وتی:

– ئەگەر ئەو برادەرانە پاشقولمان لێ نەدەن، سبەی کارەکەمان بەسەر زاری تەواوی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانی دونیاوەیە.

– یانی ترسی خیانەتمان هەبێت؟

– ئەوەیان تۆ لە من چاکتری لێ دەزانی، جەماعەتی خۆتن. بەڵام خـــیـــانەت لەگـــەڵ مـــرۆڤـــدا لە دایک بووەو لە هەر کـات و ئانێکدا سەرهەڵدانی دوور نییەو شیاوەو ساواکیش یەشتا ماوەو بەیەکجاری سەری لێ نەشێواوە. تووڵ و تانجییەکانی لەمـلاو لاوە گوێ قولاخ هەن و چاوەڕوانن و ڕاوەستاون. دوێنێ لە شاری ئەسفەهاندا کابرایەکی ساواکی چەند کەسێکی لە خۆپیشاندەران کوشتووە. لە شاری

تەورێزیش لێخوڕێکی هێزی تایبەت بەماشینەکەیەوە کەوتوەتە ناو خۆپیشاندەران و زیاتر لە بیست کەسی شێلاوە. مەبەستم لەمانە ئەوەیە، هوشیار بن.

– ویستم هەواڵی هاوڕێ فەلامەرزت بدەمێ؟

یاسەمین وەک کارەبا بیگرێت ڕاچەڵەکی و ناخۆ ئاگا وتی:

– ئێ، چی؟

– دوانزەی مانگ دەگاتە شاری بەغدا و لەوێڕا دەیهێنینەوە. ئانوش یاسەمینی بەجێ هێڵا.

یاسەمین خۆی لەسەرپا پێ ڕانەگیرا ڕمایە سەر مۆبلیاکەدا. لە پشتی سەریەوە پەنجەکانی ئالاندە یەکداو نواڕییە خاڵێکی بنمێچی ژوورەکەیداو لەژێر لێوەوە بۆڵەی دەهات و خۆی دەلاواندەوە:

*ئازیزەکەم!*

*دەزانی کاتێک لە دامێنی دایکم بەربوومەوە*

*ئایم لە دەم هاتە دەرێ*

*تا بەئێستا گەلێک ساڵەو لەناو خەڵکداو لە نێو گشتا*

*وا پیر بومەو لە قاموسی عشقی تۆدا لاڵم یەشتا*

*ئایە پەیقم... ئایە واژەم*

*ئایە چوار دیواری ئاژەم*

*پێش ئەوەی شەو ئەوی ڕەنگە لەناو بواو هەڵیواسێ*

*هەمووی هەر بەڕەش بناسێ*

*هەسونە زێڕینەی خەیاڵم*

*ئاناتۆمی ڕۆژی کێشا*

*ئێستا لەناو ژان و ئێشا*

*مەرگ و باروود وتووێژی ژوانمە*

*کەژاوە دەزگیرانمە.*

*گیانی گیانان!*

*ئەگەر ئومێدی تۆم لە دڵا نەبوایە*

*تیشکی عشقت بەرپاو ئاسۆی ڕۆشن نەکردایە*

*دڵنیابە بەئاسانی*

*نەمدەتوانی*

*خاچی سەنگینی هەڵواسێنم*

*بەرەو کێوی زۆرداران ببردایە.*

بەترپە ترپی باڵی پەلەورێکدا شریتی خەیاڵی پچڕاو ڕوانی کۆترێکی پەڕو باڵ تەڕبووی ئاوارە لە هێلانە سرک و سلۆک و ترساو بەسەر کەمەی باڵکۆنەکەوە نیشتوەتەوە ئارام بەرەو لای چوو. کۆتری ئاوارە دوودڵ دەینواڕی، باوەڕی بەئارامی و بێ ئازاری یاسەمین نەکرد و دای لە شەقەی باڵ و شەوقی لالەی ژووری بەجێهێشت. شاری تاران تاریک و غەمزەدە لە ژێر باڵی گرانی شەودا دەینالاَن.

گرمەی هەور دەبیسرا. یاسەمین پەردەی پەنجەرەی دادایەوە. خەو پەل و پۆی سرکردبوو، ویستی چەند پەڕەیەک بخوێنێتەوە سەمای گڕی لالەکە تاقەتی بۆ نەهیلاو خەو بردیەوە. دەنگی ئەللاهو ئەکبەری سەربانان دەبیسرا...

خەڵکی شاری تاران لەگەڵ بەرەبەیانێکی خوێناویدا چاویان هەڵهێنایەوە. یاساوڵەکانی حکومەتی نیزامی لە گەڕەکەکانی شاردا

لەیراو لەوێ خەڵکێکی زۆریان کوشتبوو. شار ملی ڕاخستبوو بۆ پاچکەی ماشین ئالاتی داپلوساندنی سوپا. ئانوش پەیتا پەیتا دەینواڕییە کاتژمێری سەر دەستیدا. بۆنی پیازو ئاڵەت و زەردەچۆ کاسی کردبوو. کامبیز هاتبووە پژمین. چاکەتەکەی داکەندبوو هەر کات پژمەی بهاتبا توند توند دەیدا بەسەر دەم و لوتیدا. هێندە پژمی بوو هەردوو چاوی سوور هەڵگەڕابویەوە دەمارە مووەکانی گلێنەی پڕ بووبوو لە خوێن. کە دەپژمی ئانوش خۆی پێ ڕانەدەگیرا پێدەکەنی. جارەو باریش دەستی دەخشاندە سەر چەکەکەیدا. تەواوی کلاشینکۆفەکانیان لە نێو کیفی ڕاکێتی یاری تەنیسدا شاردبویەوە. کاتژمێر تەمەڵانە چرک و چرک و چرک لە یەکی نیوەڕۆ نزیک دەبوویەوە. پژمەی کامبیز کەم بووبوویەوە. پایگای هێزی ئاسمانی بێدەنگییەکی سامناک بەسەریا شەپۆلی دەدا. دوو ماشێنی ئامادە لە شەقامی دەرەوەدا چاوەڕوان خۆیان خەریک کردبوو. دووکەڵی ئاشپەزخانەی ڕستوران تەنورەی دەبەست و دەچوو بەئاسماندا گەواڵەی ڕەش ڕەشی هەور پەلاماری یەکدییان دەداو تێکەڵاو دەبوون. پێنج کەسی تراکسوت لەبەر، بەرگی ڕەکتی "تەنیس" بەدەستەوە. لە گەنجینەی ئازووقەوە وەدەر هاتن. ڕستوران کەوتبووە ڕۆژهەڵاتی دەروازەی پایگاوە هێندە لە دەروازەی سەرەکییەوە دوور نەبوو. وەرزشکارانی "ڕاکیت" بەدەست باوەڕ بەخۆیانەوە هەنگاویان دەنا هەر کەسێک چاوی پێکەوتنا وای بۆ دەچوو لە گۆڕەپانی وەرزشەوە دەڕۆن بۆ پارکینگی ماشینەکان. بەپلەکانەی ڕستوراندا سەرکەوتن هەر کە گەیشتنە هۆڵی سەربازە پلەدارەکانەوە هەر پێنجیان زنجیری کیفیان کردەوەو کلاشینکۆفیان وەدەر هێنا. دووان لە نێو دەرجەدارەکانا ڕاوەستان و یەکێکیان قیڕاندی:

– ئەگەر دەتانەوێ نەکوژریەن لەسەر زەوی ڕادەکشیەن هەر کەسێک وای نەکردبێت دەیکوژین... ئەو سیانەکەش بێ یەک و دوو کەوتنە ژاژور کردن شەلم کوێرم دەست ناپارێزم ئیتر ئای و هاوارو تکاو ناڵەو نزاو ئەبلفەزل و دوعا تێکەڵی بووبوو. لەش و مێز و کورسی و خوێن بەسەر یەکدا خەرمانەیان کرد و هەر پێنج کەس لە ڕستۆران وەدەرهاتن و بەهەڕا لە دەروازەی سەرەکییەوە وەدەرچوون و خۆیان گەیاندە ماشێنە ڕاوەستاوەکان و لەوێڕا بۆی دەرچوون.

ئەو کارە خوێناوییە تەلەسمی ترسی خەڵکی شکاند و نەترساوانە کەوتنە وەدەست هێنانی چەک و تەقەمەنییەوە. بەئێوارەدا تەواوی هەواڵدەرەکانی جیهان باسی ئەو کوشتارەی دەکرد بڕێکیان دەیانوت سێ سەد کەس کوژراوە، بڕێک سەدی دەوت و بڕێکی دی هەشتا و BBC وەک وابێت بۆ خۆی لەو کوشتارەدا بەشداری کردبێت، هێندە بەوردەکارییەوە باسی دەکرد و تام و خوێی پێوە دەکرد و دانی بەکوشتنی چل و حەوت ئەفسەردا نا.

## ٩٩

یاسـەمین کلکی چاوێلکە ڕەشـەکـەی لەسـەرخـۆ دەدا بەسـەر دندانیدا خـۆشـحـاڵی کوشـتنـی ئەو ژمـارە ئەفسـەرە بـوو کە لـە یانەی هێـزی ئاسمانیدا کوژرابوون. بەسەر تاکە کورسییەکەو لاقی نا بەسەر یەکدا لاق و پۆزی پڕی پانتـــۆڵەکـــەی بووبوو. هیـچ لۆچ و چرچیـــیـــەک لە پانتۆڵەکەیدا نەدەبینرا. سـەرجەم دە کـەسێک دەبوون، ترسـی پـەلامارو غـافڵگیـری سـاواک و دەسـتگا ئەمنیـیـەکـان لە ئارادا نەمـابوو. وڵات بـەرەو ئاشـــوفـــتـــەگی و شـــیـــرازە تێکچـــوون دەچوو. دوای وتـە پڕوپووچەکـانی شـا دەنگی شـۆڕشـەکەتانم بیسـت، لەلایەن "فـەرەح" و دەسـتـەو دایەرەکـەیەوە بـۆی نووسـرابـوو خـوێندبوویەوە وەک بانـزین بیکەیتـە سـەر ئاگردا دە بەرابـەر وڵاتی ئاشـوفتـەتر و ئاڵۆزتر کردبوو. شـەقـام و شـارەکـانـی ئێـران دەسـتـەپاچەیی و زەبـوونی شـایان لا ئاشکـەرا بووبوو. ئەوی تا ئـەو دەمـە دوودڵ و خـۆڕاگـرانـە دوور بوو لە مـشت گرێ کـردن بۆ ئەوەی لە زەوار وەدوا نەکـەوێ، لە مـاڵ وەدەرچوو ئەویش کەوتە نێو شەقام و هوراکێشان.

یاسەمین چاوێلکەکەی خستە سەر مێزی پێش دەستی و هاتە قسـە:

– ئەورۆ بـەرۆژێکی پڕ لـە شـــانازی و مـــێـــژوویی ڕێکخـــراومـــان دەژمـێـردرێت. کـارێک برادەرانـی ئێـوەو ئێـوە ئەنجـامـتـان داوە سـەرکـەوتنێکی گـەورەیە بۆ مـیللەتـەکـانی ئێـران. وەک دەبینین و دەشبیستین تەواوی هەواڵدەرەکانی جیهان دوای تێپەڕبوونی دە ڕۆژ

بەسەر ئەنجامدانیدا یەشتا هەر وەک هەواڵی یەکەم باس لێ دەکەن. ڕەنگە برێک لە برادەران لە خۆیان بپرسن کە ئەو بەرنامەیە ڕەنگە مرۆڤی بێتاوانی زۆری تیا کوژراوە، منیش لەو باوەڕەدام و واتێدەفکریەم؛ بەڵام ڕاستەقینەی ئەمرۆی ململان و تێفکرین لەیەکەوە جیان. چۆنیەتی بەڵگەو هەڵبژاردنی گرنگ نییە، مەبەست بەسەر پۆپەکەوەیەو بەلای ڕێکخراوەوە پیرۆزە. ئێمە هەموومان لە پێناوی ئارمانەکانی میللەتدا شوهەدایەکی زیندووین؛ درەنگ و زوویی هەیە. جا لام وایە تەقالاو هەوڵدان بۆ هەڕووژانی بنەماو پایەکانی دەوڵەتی شا ڕەوابێت، بەمەرجێک لە ڕووی بەرنامەڕیزییەکی دروست و لەیەکدراوەوە بێت و سبەی نەبێتە مایەی شەرمەزارییمان. بێگومان ئێوەو تەواوی جیهان ئاگاداری سووتانی سینەما "ڕیکس"ی ئابادانن و لەو مەنجەنیقەدا پتر لە شەش سەد کەسی بێتاوان سووتان. ئاشکەراکەی کارەکە خراوەتە ئەستۆی "ساواک و موساد"یش. بێگومان ئەوە دوورە لە حەقیقەتەوە. ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوەی ئەو تاوانەیان کردووە سبەی ڕسوای نێو خەڵک و دونیای ئازاد دەبن. ویستیان بەو کارەی لە زەوار بەدوا نەکەون، وەڵامێک بێت بۆ ڕێکخراوەکەمان؛ بەڵام هەی هوی دەوێ. ئێمە بەڵگەمان زۆر بەدەستەوەیە کەوا "ساواک" بەو دڕندەییە لەو کارە بێتاوانە؛ ئەما ئێمە بەرانبەر ئەو کوشتارە بێدەنگ دەبین و هیچ بەڵگەیەک ڕۆناکەین. ئەگەر بیکەین پاڵپشتە بۆ دەسەلاتی دەوڵەت و شا. لەوەیش دڵنیاین لە داهاتوویەکی نزیکدا چۆنیەتی ئەو تاوانە دەکەوێتە نێو دەم و گوێی خەڵکەکە. هەر ئەو ڕێکخراوە پێش ئاگردانی سینەما "ڕێکس" بارەگای حزبی ئێران نوین و بازاڕی "سەفای جەمشید ئاباد"ی ئابادان لەلایەن

ئەوانەوە سووتێنراوە. بۆ متمانەی زۆرتر دەمەوێت بڕێک زانیاریتان بدەمێ و چۆنیەتی سووتانەکەتان بۆ باس بکەم. ئەوی داوای دەکەم ئەم زانیارییانە هەر بەلای خۆتانەوە بێت باشترە با دەوڵەتی شا سوودی لێ وەرنەگرێت؛ قەینا تاوانەکە یەکجار دڕندانەیە. لە نێوان دیوار و پانیلە دەستکردەکانی سەردیواردا کە بەدەنگ شکێن ناو دەبریەن مادەیەکی کیمیاوی بەناوی "پونیلیت" یان جێ سازی کردبوو کە ئەو مادەیە تا ئاگر هەبێت باشتر گڕ دەگرێ و پەرەدەسێنێ و لە سووتانیشدا گازێکی ژەهراوی پەخش و بڵاو دەکاتەوە، ئەوی گیانلەبەرە دەی خنکێنێت. سەرەتا ئاگری بەبانزینی "ئوکتاوێن" کە بۆ سووتەمەنی فڕۆکە بەکاردەبرێن کراوەتەوە. کوتوپڕی گڕگرتن و بەرزبوونەوەی دووکەڵ و گازی ژەهراوی مەوداو مۆڵەتی بەتەماشاچییانی نێو سینەماکە نەداوە تا خۆ ڕزگارکەن. وەک دەزانن ئەو ژمارە زۆرە بێتاوانە بەو شێوە کرانە سووتەمەنی گڕو بڵێسەی ئاگر، خەڵکی بێ تاوانی شاری ئابادان بوون. هەروا ڕووداوێکی دڕندانەی تر هەر لە ئابادانا ئەنجام دراوە گەوجی و بێ مانای هەمان دەستەو دایەرە ڕۆشن دەکاتەوە... لەو نزیکانەدا مەزرایەکی بەراز بەخێو کردن لە لایەن کەسێکی کریستیانەوە بەڕێوە دەچوو. هەمان دەستەو دایەرەی سوتێنەری سینەما "ڕێکس"ە هێرش دەبەنە سەر ئەو مەزرایەو هەرچی بەراز هەیە لە جێگەیەکدا کۆ دەکەنەوەو بانزینی بەسەردا دەکەن و زیندوو زیندوو دەیانسووتێنن. بۆیە ئەوانەم بۆ باس کردن تا لە مێشک و ئەندیشەتانا بەرنامەی یانەی هێزی ئاسمانی و ئەو کارانەی وا بیستتان بەرئاوردو هەڵسەنگێنن. ئەو دەم پلەو پایەی ڕێکخراوی ئێوەو خەڵکی دی لە تای

تەرازوودا بخەنە بەراوردەوە. دێمە سەر باس بارودۆخی سیاسی وڵات. ئەوی لە پشتی پەردەوە لە کاردایەو بەرو ڕوودان و ئەنجام پێش دەڕوا: شا تا چەن ڕۆژێکی دی لە وڵات دەڕواتە دەرەوەو کاروبار بۆ کابینەی "بەختیار" بەجێ دێڵێت. لەژێر چاودێریی شورای سەڵتەنەت کە لە چەند کەسێکی وەک ئاغای ئینتیزام کۆنە ئەندامی بەرەی نەتەوایەتی و ئەردەڵان پیرە پیاوەکەی دەرباری شا و دادیاری گەورەی وڵات و فەرماندەی گشتیی سوپاو سەرۆکی مەجلیس و سەناو خودی سەرەک وەزیران. سەرەتا وا بڕیار بوو فەرەح بکرێتە سەرۆکی ئەو گرووپە بەڵام نەبوونی ناوی فەرەح لەو بەرنامەیەدا ئەوە دەگەیەنێت شا و کۆمەڵەکەی بەتەمای هیچ نەمابن و خۆیان دابێتە دەست ڕووداو. بەڕای من شا لە وڵات وەدەرچێت جارێکی دی سەر بەم وڵاتەدا ناکا؛ مەگەر بەقۆڵ بەسراوی بۆ دادگا کردنی. ئێوە دەڵێن چی؟ هەموویان یەک دەنگ وتیان:

– شا ڕۆیشتووە، ئا ڕۆیشتووە.

شا ماندووانە هەنگاوی دەنا. لەو یەک ساڵەدا چەندین ساڵ پیرترو لاوازترو بێ تاقەتتر دەنوا. وەک ئەوسا هەنگاوەکانی ژمێراو و لەسەرخۆ و مەغروورانە لاکردنەوەی بەخۆوە نەدەبینرا. ئیتر دوو پەنجەی نەدەخستە دوو گیرفانی سوخمەکەی و لەرزۆک و دوودڵ لەسەر بنی تالارەوە بەرەو ڕیزی وەزیرە ڕاوەستاوەکان یاپشە یاپشە بەرو لایان هات و ڕیزی وزەرای کابینە ڕیز وەستابوون. بەختیار وەک ئەوسا دەستی شای ماچ نەکرد و تەنها نەختە چەمانەوەیەک. ئیتر وەک ئەوسا جلی یەک دەست و یەک ڕەنگ لەبەر وزەرادا نەدەبینرا. هەواڵێک نە لە تەپلەو کڵاوی زەربافت و پەڕ لەلا بوو، نە لە بریقەی شمشێری زێڕین نماو حەمایلی زەردو سوورو بوو. ئەوی دەبینرا ئیمزای حورمەت و کەسایەتیی وەستاوەکانی دەکرد و دانی بەگۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ڕەسم و ڕەواڵی کۆیلایەتی و زەبوونیی زات و شێوەو ڕفتاری تازەدا دەنا.

شا ڕوو بە بەختیار:

– ئێمە نیازمان بەئیسراحەت پەیدا کردووە. ڕەنگە تا چەند ڕۆژێکی دی بڕۆین بۆ سەفەر. لەوەی گومانمان نییە بەچاکی وڵات دەبەنە ڕێگەوەو ئەوی سوودی وڵات و خەڵکی بەشەرەفی ئێرانی تیادا بێت دەیکەن. دوای تەوقە و دەستدان لەگەڵ تەواوی وزەرادا لە هەمان ڕێگەوە گەڕایەوەو لە چاو نووقم بوو.

دوای ئاشنایی شا لەگەڵ کابینەکەی بەختیاردا بەختیارردا بەختیار لە هەواڵدەرییەکاندا بڵاوی کردەوە کە وا بڕێک کاری گرنگ و پێویست هەیە بەزووترین کات کابینەکەی ئەنجامی دەدا. بەسەر پۆپەی ئەوانەوە لەناو بردن و تواندنەوەی دەستگای "ساواک"، هەروەها زیندانی کردنی دز و جەردە و تەڵەکەباز و بۆگەنەکانی نێو دەستگاکانی دەوڵەت و ئازادکردنی بەندییە سیاسییەکانە.

بە سبەینێدا خۆپیشاندانێکی گەورەیان خستە نێو شەقامەوە بەزۆرو بەڕەزا تەواوی دوکان و کۆگاکانیان داخست. شەوانی تاران تاریک و بێ کارەبا، کرێکارانی شارەوانی کاروبارو خاوێن کردنی شاریان خستبووە لاوە. نرخی بانزین دە بەرانبەر گرانترو کارمەندانی فڕۆکەخانەی میهراباد یاخی لە کاروباری خۆیان. بەرهەم هێنانی نەوت و کارخانەکان هەمووی ڕاگیرابوو. کارو کاسبی ڕۆژانەی خەڵکە زۆرەکە شەقام پێوان هوڕاکێشان و مزگەوت ڕۆیشتن و سەرئەنجام بژی و بڕووخێی نێو شەقامەکان.

دەوڵەتی بەختیار لەگەڵ ئەو هەموو ناهەمواریەدا دەست و پەنجەی نەرم دەکردو لە لایەکی دیکەیشەوە لە سوپاو تیمسارەکانی نێو سوپای ئێران دڵنیا نەبوو. ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بووبوو بەهەواڵدەری دام و دەستگای B.B.C و لە هیچ، دەیانسازان و بە ئێوارەدا لە ڕادیۆی B.B.C دا بەتام و خوێیەوە ڕازاندنەوەوە بڵاو دەکرایەوەو دەبوو بەبەڵگەی هاندانی خەڵکە زۆرەکە و بێ نرخ و بایی دەوڵەتی بەختیار و پاڵپشتی شۆڕشگێڕانی سەرتاسەری شارەکانی ئێران.

## ١٠١

یاسەمین فرمێسک بەچاوانیدا دەچۆڕا بەرانبەر ئاوێنە ڕاوەستاو وەک لەگەڵ چاوە پوکەڵەکەیدا ڕازو نیاز بکا بۆ ماوەیەک ڕاوەستاو هاتەوە سەر تاکە مۆبلیاکەو لە دەفتەری یاداشتەکەیدا نووسی: ئەمڕۆ شانزەی ژانویەی ساڵی هەزار و نۆسەدو حەفتاو نۆیە.

"شا ڕۆیشت"!

دەفتەرەکەی داخست کەوتە چاو سڕین.

## ١٠٢

یا ساوڵ... یاساوڵ
ئەوەسانێ منم دیسان من
ماڵ کاول و بریندارو خوێن ئاوڵ
دەڵێن ئەم سەردەمی ئێمە
چەرخی کامپیوتەرو شیرەی یۆرانیومە
ئا لەم چەرخ و سەردەمەدا
لەم عومرە کورت و کەمەدا
نەنگی فەرهەنگە زڕەی پێمە زڕەی پێمە
سیمفۆنیای پەردەی گوێمە
تۆو ئێوەو... ئەوان
لە شانۆیی نەنگینی ژیانا
لە باوانا
لە کاسەی سەری زەمانا
بادەی بەشوودان هەڵدەدەن
ئەوە بۆ تۆ، ئەمەش بۆ من... ئەوە بەچەن؟
زەمانێکە ئاوا فێرن
وەکو خواکان بەزمەگێڕن
ئەی مرۆڤی خاوەن فەرهەنگ
ئەوەسا منم... دیسان من

کۆتی تۆیە وا لە ملما
بنوارە خشڵی گەردنم
وارسی هەزار ساڵ دەربەدەری
بێ خەبەری، سەوداگەری، قوڕبەسەری
لە کێڵگەی خوێنی ژینا
هەر دەبێ ڕۆژێک بمێنی
لە ڕوخسارێکی نوێنا
دیسان منم
گوڵی ئاگرین دەچنم
من...
لە تۆماری پڕ لە درۆی لاپەڕەکانی مێژوودا
کۆیلەیەکی ناسراوم
هەڵقە لە گوێ و پاکراوم.
لە فەرهەنگی ئێوەی خوێنا
بێ دەسەڵات ناوبراوم
ئەری... ئەی تۆ...
وا تێنەگەی من لەبیر چوومەوە
لەگەڵ ژانا دەمسازێکی مێژووییم، دووبارە لەدایک بوومەوە...
لە زەواری گوم بوووی مێژوو بەپەلەپەل هاتوومەوە
قەینا یەشتا پەڕو پووشی دەم ڕەشەبام
گۆوی یاری بەر سم و پام
تازە لە دایک بوومەوە
بە دەم هات و نەهاتەوە ئەوسا خەریکی ئەلف و بام

ئەلف و بایی من دەمێنم
قەینا ئاوام... ئای دڵنیام
ڕۆژێک دەبێ خۆم بنوێنم
ئاگری گەورەی گەورە هەڵگیرسێنم...

یاسەمین قەڵەم و کاغەزی خستە لاوە. لەبەر خۆیەوە وتی: ئەلحەق و وەلئینساف گڕێکی گەورە هەڵگیرساوە، لە خۆڕا هەڵنەگیرساوە میللەت زەمانێکە چیکلەی بۆ گلێر دەکاتەوەو هەزاران جوان خاسی خۆی کردوەتە قوربانی بۆ ئاوا گڕێک. سەیری کاتژمێرەکەی کرد و ڕوانی ئەوەندەی نەماوە. ڕۆیشتە لای ئاوێنەوە و بەوردەکارییەوە لە ڕوخساری خۆی وردبوویەوە. چاوە پوکەڵەکەی، برناخە بڕاوەکەی هەیکەل و قەدو قامەتی بەرەو شل و شێواوی ملی نابوو. بەپەنجەیەکی پرچی سەر ڕوومەتی لادا و سەری وەرچەرخاندە چەپ و ڕاستدا و لەبەرخۆیەوە وتی: بۆم هەیە دووبارە مێردکەمەوە؛ بەڵام دوای چی؟ ئەوی هەم بوو دوو دەستی خستمە سەر سفرەی بیروڕاو وڵات. چیم لێ ماوەتەوە؟ پاشماوەی خۆمم یەشتا هەر باشە، ئەوی ڕۆژگار و شەوگاری پڕ زەجر و ئازاری بێ وەڵام و بێ دادی تاک زیندانی و سیاچاڵەکانی ساواکی نەدیبێت پلەو ئەندازەو کەیل و کێشانەی ژان و دەردەسەری من نازانێت. ئای چ ڕۆژگارێکم لێ بەسەر چووە! هەر سات مەرگم لاشرین و ئاواتەخواز بووە. تا ئەم دەمە ئەوی ئەلف و با و وشەو واژەی ئێش و ناکامی و نابەرابەری و دەربەدەری فەرهەنگی ژان هەیە پەڕەکانیم هەڵداوەتەوە و بیگرە و قیرە و نەڕەی جەلادان سیمفۆنیای پەردەی گوێم بووە.

درا لە دەرگا. لەگەڵ لێدانی دەرگادا یاسەمینیش داخورپا وەک

کچێکی تازە پێگەیشتووی ژوان نەدیو لەرزینێکی شاراوەو پەنهانی کەوتە نێو پەل و پۆیەوە. دوودڵ و لەزرۆک بەرەو دەرگا چوو. کە ویستی دەست بۆ دەستەگیرەی دەرگاکە ببا وەک دەست بۆ جانەوەرێکی ترسناک ببا، دەستی کێشایەوە دواوە. تاوێک بێ دەنگ لە پشتی دەرگاوە ڕاوەستاو لەبەرخۆیەوە وتی: هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، دەی دەرگا بکەوە. سەرئەنجام گوڕی سەندەوەو هێزی دایە خۆی و دەرگای کردەوە. هەمان قەدو قامەت، هەمان شکڵ و شەمایل فەلامەرز لەبەر دەرگادا ڕاوەستابوو.

بێ سەلام بێ کەلام بۆ تاوێک هەروا ڕاوەستان سەرئەنجام یاسەمین لە نێو دەرگادا تەکی دایە لاوەو فەلامەرز ڕۆیشتە ژوورەوە. دوور لە یەک بەسەر دوو کانابەوە دانیشتن و بێ دەنگ بێ ورتە یەکدییان تێ دەنواڕی. زیاتر لە نیو سەعات هەروا بێ دەنگ، دانیشتن و هەزاران پرسیاری بێ دەنگیان لەیەکدی دەکرد. لە پڕ یاسەمین هەڵسایە سەرپا وتی:

– نەخەیر، وانییە.

فەلامەرز وەڵامی دایەوە:

– وایەو زیاتریش.

– من ناچار بووم، ناچار. دەبوا وام کردبا.

– دەبوا وات نەکردبا وەک برادەرانی دی دەمانتوانی ژیان و ململانمان تێکەڵ کردایەو ئەم هەموو ساڵانەی ژینەمان وا نەگوزەراندا فەلامەرز دەستی بۆ لاسەری برد و بەتووڕەبوونەوە:

– سەیرکە سەرم پاک سپی بووە.

یاسەمین ئاڵۆزانە چاوێلکەی لە چاوی دەرهێناو ئاڵۆزانە دوور

تووڕی داو وتی:

– لێم نزیک بەرەوە بنوارە چاوی پوکەڵم، بڕوانە برناخی بەرگوللە کەوتووم. من پاشماوەی یاسەمینم. من هەوارگەی ژانم. تۆ وەک منت بەسەر نەهاتووە. تۆ لە کۆنگرەی زێڕینا ژیاوی، تۆ ژیانی پڕ زەرەق و بەرەقی دەرباریت بردووەتە سەرو شەوانەش لە باوشی "لی لی"دا شەوگارت بەسەر بردووە. من تەواوی کوێرەوەری ژیان و دەربەدەری و دوور وڵاتی و تەنهاییم چێژتووە. منم هەروەک خۆم مامەتەوە. منم دوای تۆ لنگم لە لنگی پیاو نەکەوتووە منم عاشقی ڕاستەقینە. عاشقی بیروباوەڕو لە گیانلەبەراندا "فەلامەرز" و بەس.

یاسەمین دای کورکاند و گریا، بەکوڵ گریا؛ گریانێکی شیوەن ئاسا. فەلامەرز لە جێگەی خۆی نەجووڵایەوە. چاوی بڕیبووە ئاسمانی پشتی پەنجەرەکەو لە پڕ وتی:

– باشە چی بکەین؟

یاسەمین پەیتا پەیتا چاوی دەسڕی، بەڵام فرمێسکەکانی یەک بەدوای یەکدا دەچۆڕایە سەر سنگ و بەرۆکیدا بەبەڵمەگریان پچڕ پچڕ وەڵامی دایەوە:

– چی بکەین؟

– ئا چی بکەین؟

– لە شەڕدا بەردەوام دەبین.

– کام شەڕ؟ شەڕی نێوان من و تۆ یان شەڕی ئازادی و هەرووژانی دەوڵەتی پەهلەوی؟

– ئەگەر لات خۆش بێت هەردووکیان.

– ئەو گورەت پێوە ماوە؟

– بۆ شەڕی شا، ئا.

– ئەی شەڕی من؟

– ئەم هەموو ساڵە بەس نەبوو؟

– لە من دەپرسی؟

– باشە لەگەڵ مندا بیبڕەوەو وەک بێوەژنێک سەیرم کە.

– دەتەوێ چی بڵێیت؟

– لەمەوبەر مێردم هەبووە و پابەندی بووم.

– ئێستا چی؟

– ئێستا جیاوازە، دونیا گۆڕاوە. تەقەلاکانمان خەریکە دەگاتە ئاکام و ژیانی منیش گۆڕاوەو گەیشتوومەتە بیر و ڕایەک ئەوی لە دەستم هاتبێت بۆ بیرورا بۆ ڕێکخراو بۆ خەڵک و وڵات کردوومە و لەوەیش گوزەشتە ژمارەی ڕێکخراو چەندین بەرانبەری ئەوسایە، جگە لە لایەنگیران.

– یانی وەختی ئەوە هاتووە بەخۆت و عشقا بگەیت؟

– من ئەوە بەتاوان نازانم، ئەگەر وا تێفکرم. وەک وتم بێوەژن بۆی هەیە دووبارە هاوسەر هەڵبژێرێت. منیش هەڵمبژاردووە، مەگەر؟

– مەگەر چی؟

– مەگەر چاوی پو کەڵ و برناخی بەر گوللە کەوتووم ببێتە کۆسپی ڕێگام، ئەگینا هەمان یاسەمینم.

یاسەمین بێدەنگ تێڕاما.

– لات وانییە ساڵ و زەمان بارمتە بێت بۆ گۆڕانی زۆر شت؟

– با، بۆ زۆر شت عشقی ڕاستەقینە نەبێت؛ با ئەم شیعرەت بۆ بخوێنمەوە...

– جوان بوو...

– قاوە ناخۆیت؟

– نا دەڕۆم.

دیسان بێدەنگی بەتەواوی توانایەوە هاتە نێوانەوە. فەلامەرز هەستایە سەرپا و ئارام لە دەرگای ئەپارتمانەکەی یاسەمین وەدەرچوو.

زیاتر لە بیست تانک بەرەو هێزی ئاسمانی دەڕۆن. بەپێی هەواڵێک لە یەکێک لە برادەراندا پێمان گەیشتووە بۆخۆی سەربازیکی "گارد"ییە وا نیازە گاردییەکان پەلاماری ئاسمانی بدەن. ئەڵبەتە لە پڕ هەڵناکوتنە سەر پایگاو شەقام بەشەقام و وەک کاری ڕۆژانەیان ئەنجام بدەن ئاوا بەڵام لە ڕاستیدا نیازی تەفروتووناکردنی ناڕازییەکانی نێو پایگایان هەیە. یاسەمین هەستی بەگەرمای لەشی کرد، بەرەو سەر دەڕوا کاپشنەکەی داکەند و ڕوو بەبرادەران:

– تا ئێستا بەگوێتانم کردووە و لە زۆر بەرنامەدا ڕاستەوخۆ بەشدار نەبووم ئەمەیان جیاوازە و چارەنووسە. ئەگەر مۆڵەتم بدەن دەمەوێ لەم بەرنامەیەدا بم. یەکێک لە برادەران سووربوو لەسەر بڕیاری ڕێکخراو.

فەلامەرز هاتە جواو:

– بەلای منیشەوە ئەم بەرنامەیە تام و چێژێکی دیکەی تیادایە. چی تیایە هاوڕێ یاسەمین بۆخۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی بەرنامەکە بکا. دەکرێت لە شەڕی دەستبەیەخەوە دوور بێت و بەرنامەش بەڕێوەبات.

برادەران بێ دەنگییەکی ڕەزایەت بەخشانەیان تیا بڵاوبوویەوە. یاسەمین چاوی بەسەریاندا خشاند و وتی:

– کەواتە ئۆکەی. سەیری سەعاتی سەر مەچەکی کرد و وتی:

کاتێکی وامان بەدەستەوە نەماوە. دەبێت گورج و گۆڵانە پیاڕاگەین. کێ ئامادەیە لەم بەرنامەیەدا بەشداری کا؟

ئەوی لە هۆڵەکەدابوو دەستی بەرزکردەوە.

– وانابێت. ئەگەر لێمان قەوماو تووشی کوشت و کوشتار هاتین ڕێکخراومان بێ خاوەن دەمێنێتەوە؛ بۆیە پێشنیاز دەکەم نیوەمان بەشدار بین و ئەو باقیمان کاروباری پێسپێراوی خۆی ئەنجام بدا. فەلامەرز هەڵی دایە و وتی:

– بەندە لە نیوەی یەکەمیانم. هەر هەمووان ڕازی بەبەشداری نەکردن نەبوون. بۆیە یاسەمین بەئانوشی وت: ئەوانەی ناویان دێنم دەمێننەوە، تکایە ناویان یاداشت کە. ئانوش ئامادەی ناونووسین بووبوو.

– یەکەمیان ناوی خۆت بنووسە... ئیتر کەوتە ناو هەڵدان کە لە ناو نووسین بوونەوە وتی:

– ئەوانەی ناویان نەنووسراوە، دووان دووان و سیان سیان بەهەر جۆرێک دەتوانن خۆیان بگەیەننە پایگای هێزی ئاسمانی وتا دەتوانن خەڵکێکی زۆر گلێر و هاندەن بۆ لەوێرا کۆمەڵ کردن.

ترسی گرتن و پەلاماری ساواک لە گۆڕدا نەمابوو. دەوڵەتی بەختیار یەکەمین کاریّ کردبووی تەواوی دەرو دەروازەی دایەرەو کون و قوژبنەکانی ساواکی تەختە ڕیزو تەفرووتونا کردبوو. تاران بۆنی مەرگی دەدا. دووکەڵی تایەی ئۆتۆمبیل سووتان و بگرەو بەردەی نێو شەقامەکان، کۆسپە دروست کراوەکانی سەر ڕێگاکان فرک و هوڕی ماتۆڕسواران هەواڵی ڕووداوێکی گەورەی دەگەیاند.

فەلامەرز لە یاسەمین نزیک بوویەوەو لەسەرخۆی وتی:

- دەتوانم لە گەڵتا بم؟ یاسەمین تاوێک ڕاوەستاو بزەیەکی شاراوە کەوتە سەر زاری و دەستی فەلامەرزی گرت و چرپاندی بەگوێیدا وتی:

- ئەگەر مردنە با پێکەوە بین. فەلامەرز وەڵامی نەدایەوە؛ بەڵام تۆزێک دەستی وشارد.

نم نم باران دەباری. خەڵک بەپەلە دەهاتن و دەچوون. لە بڕێک لاوە دە دە و بیست بیست کۆمەڵیان کردبوو. دیوارەکان زۆربەی زۆریان لە لایەن ڕێکخراوەکان و تاکڕەوەکان ڕەش کرابوویەوە. زۆربەی زۆریان پەنجەمۆرو داخوازی مەرگ و مردنی شا و لەناوچوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوییان دەکرد. فەلامەرز ماشێنی لێ دەخوڕی. یاسەمین لە پێشەوە لوولەی ساردی کلاشینکۆفەکەی دەوشارد، کامبیز لە دواوەوە. دوای ئەو هەموو ساڵە پڕ لە ژان و ئێشە، دوای ئەو هەموو دەربەدەری و کوێرەوەرییە دووبارە لە بندەستی فەلامەرزدا لە نێو یەک "ماشین" دان. بۆ کوێ دەڕوات گرنگ نییە. شەڕ بێت شایی بێت بەیادی ساڵانی ڕابوردوو. بەو شەقامانەدا دەڕۆشتن. زۆربەیان بیرەوەری سەردەمی گەنجی و زانکۆیی وەبیر دەخستەوە لای کردە لای فەلامەرزەوە وتی:

- دەزانی بیر لە چی دەکەمەوە؟

کامبیز لە دواوە بوو بەلایەوە گرنگ بوو فەرماندەری گشتی ڕێکخراو لەم هەلومەرجە دژوارەدا بیر لە چی دەکاتەوە:

- ئەوسا بەدووچاوەوە دەمنواڕییە داهاتوودا، زۆر شتم نەدەدی. ئێستا یەک چاوم هەیە بەرپای خۆم و خەڵک باشتر دەبینم گەیشتبوونە دەور و بەری پایگا. لەلایەکەوە "ماشین"یان ڕاگرت و

چەکەکانیان لەژێر پاڵتاوا شاردەوەو بەرەو دەروازەی پایگا وەڕێ کەوتن. هەر خەڵک بوو گلێر دەبوویەوە. برادەرانی ڕێکخراو گەیشتبوونە بەرەوە لە نێو خەڵکەکەدا وەک خولخولە دەسووڕانەوە. تا دەبوو خەڵک کۆ دەبوویەوە. سەربازانی هێزی ئاسمانی زۆریان تێکەڵی خەڵکەکە بوون. یاسەمین ڕایگەیاند برادەران خەڵکەکە کۆکەنەوە تا شتێکیان پێ ڕاگەیەنێت. فەلامەرز لە یاسەمین دوور نەدەکەوتەوە سەرئەنجام خەڵک کۆمەڵی کرد و یاسەمین ڕۆیشتە سەر ماشینێکی ڕاگیراو وتی:

– برادەرینە! ئەی خەڵکی بەشەرەفی ئێران! وا دەدەین لە دەر و دەروازەی ئازادی، هێندەمان نەماوە. میللەتانی جیهان پێش ئێمە بەم ڕێگەدا ڕۆیشتوون و بەخوێن ئازادییان بەدەست هێناوە. ئازادی هەرگیز نەدراوە، وەرگیراوە. ئێمەش لەیرەدا کۆبووینەتەوە نوێنەری میللەتانی ئێرانین. شایستەی ئەو ئازادیەین وا بەتەماین و لە پێناویدا قوربانیمان بۆ داوە. شا و دەوڵەتی شاهەنشاهی پەهلەوی خەویکی هەلەجەو بەلەجە بوو لە دونیای ئێمەی ئێرانیدا وا کۆڵەباری پێچاوەتەوەو بۆی دەرچووە. بۆ دەرچوونەکەشی درەنگ و زووی هەیە زووەکەی کەوتووەتە ئەستۆی ئێوە. بۆیە دەڵێم ئێوە، چونکە قۆناغی مشت گرێ کردن و شەقام پێوان و بژی برۆخیمان لێ بەسەر چووە.

یاسەمین دەستی بۆ شەش حەوت بەنگەڵەی گەورەی سەر بەچینکۆ داپۆشراو درێژ کرد و وتی:

– ئەوانە دەبینن؟ ئەو بەنگەلانەیە مەرگی دەسەلاتی شا کەم دەکاتەوە. ئەو بەنگەلانەیە دەتوانین پێی بگەینە دوا قۆناغ و هەوارگەی ئازادی. وا هێزی گاردی شاهەنشاهی بەڕێگەوەن بۆ ئەیرا بەدەستی

خاڵی پێش پێگرتنیان ئاسان نییە. ئەوەسا برایانی هێزی ئاسمانی پەیوەستیان بەگەلەوە کردووە، ماوەتەوە سەر ئێمە ڕاستەقینانە بنوارینە هەل و مەرجدا. داواتان لێ دەکەم یەک پاو یەک هەنگاو و یەک دەست بەرەو ئەو بەنگەڵانە بڕۆین و دەرگاکانی بشکێنین و تا پێمان دەکرێ چەک هەڵگرین و شەڕی ژیان و مردنی پێ بکەین. سەردەمی کوێلایەتیمان بەسەرچووە.

یاسەمین لە ماشێن هاتە خوارەوەو کلاشینکۆفەکەی لە یەکێک لە برادەران وەرگرت و ژاژورێکی کردە ئاسماندا و قیژاندی:

- برایان! وەرن بەرەو گەنجینەکانی چەک و تەقەمەنی. سەربازەکانی هێزی ئاسمانی تەواوی کون و قوژبنی پایگایان دەزانی. خەڵکەکە بێ مەبادا کەوتنە دوای یاسەمین. هەزاران کەس کۆبووبوونەوە. یاسەمین بەڕیزی کلاشینکۆف دەرگای یەکەمین بەنگەڵەی کردەوە. بەنگەڵە پڕ بوون هەزاران تفەنگ و مەتریلۆز و ملیۆنەها فیشەکی جۆراوجۆر... ئیتر هەر خەڵک بوو چەکی دڵخوای خۆی هەڵدەبژارد. بڕێک کەس شەش حەوت تفەنگی "ژێ ٠ سێ"ی کردبووە شان. بڕێک دوو ڕەشاشی گەورەو شریتەکەیان لە بەنگەڵەکە وەدەر دەبرد.

یاسەمین گەیشتبووە مەبەست. شادبوو بەوەی خەڵک چنگی لە چەک گیربووەو ئامادەی ململانی چەکدارانەیە.

چەند تانکێکی "گارد"ی شاهەنشاهی گەیشتنە پێشەو. خەڵکەکە بڕێکیان بڵاوەیان لێ کرد و زۆریش سەنگەری گرت و کەوتە بەرانبەرکێیەوە. بڕێک لە سەربازانی هێزی ئاسمانی پابەندی فەرامێنی سەربازی و وەفادار بوون بە شا و ژیانی سەربازی. کاتێک

تانکی گـاردی شـاهەنشـاهیـیـان وەدی کـرد هاتنـە مـەیدانەوەو دژ بەخـەڵکەکـە کـەوتنە شـەڕەوە. شـەڕ گـەرم بووبوو، لـە هـەر چوار لاوە ژاژوری تفـەنگ مـەترلۆزی جـۆراوجـۆر و جـارەوباریش تۆپی تـانک. فـەلامـەرز لە یاسـەمین دوور نـەدەکـەوتەوە. هەردووکیـان شـانبـەشـانی خـەڵکەکـە لـە شـەڕدا بوون. سـەربازێک لە سـەنگەری یاسـەمین و فـەلامـەرز نـزیک بووبوویەوە چەند هەنگاوێکی مـابوو لە پشـتـەوە فرسـەتیان لێ بهێنێت، فەلامەرز لای کردەوە، کابرای سـەرباز دەستی لە کاردا بووە فـەلامـەرز خۆی کردە سپـەر بەلای یاسـەمین و چەندین گوللەی بەرکـەوت. لەولا ترەوە دەستڕێژی لێکراو کوژرا. زۆری نەکێشا تانکەکانی گارد کشانەوە. خـەڵکەکە بەتـەماشا لەیەکدییان دەپرسی ئـەو کـشـانـەوەیە چۆن چۆنـینـە؟ هەرچی بـەرئاوردیان دەکـرد تێی نەدەگـەیشتن. یاسـەمین پەریشـانانـە بەدەوری فـەلامـەرزدا دەچەرخـا. سەرئەنجام لەگەڵ برادەراندا فەلامەرزی بێهۆشیان خستە نێو ماشێن بەرەو بیمارستان.

چێشت پێگەیشتبوو. ئاگر بەرەو کوژانەوە دەچوو. دووکەڵەکەی سەرتاسەری گرتبوویەوە. تەنگیان بەسەرەک وەزیرانی هەڵبژاردەی شا هەڵچنی بوو. بەختیار کەوتبووە پەلەقاژێ و ئەملاولا تا بەحورمەتەوە بڕواتە کەنارەوە. قەرەباغی و فەردوست، پڕۆژەو بەرنامەی ڕیشەکەندنی دەسەڵاتی "پەهلەوی"یان بەوردی داڕێژابوو. هەردووکیان بەچاوساقی و ئامۆژگاری هویزەر شانۆکەیان دەبردە ڕێگەوە.

سەعات شەشی بەیانی بەختیار بە قەرەباغی ڕاگەیاند تا سەعات نۆ و نیو لە نووسینگەکەیدا ئامادەبێت. وەڵامی دایەوە کە کۆبوونەوەی سەرتاسەری فەرماندەرەکانی سوپای هەیە و تا کاتژمێری چواری ئێوارە لەو کۆبوونەوەیدا گرفتارەو مەگەر دوای سەعات چواری ئێوارە لەگەڵ چەند کەسێکدا دەڕۆنە لای.

سەعات نۆی بەیانی بەختیارو ئەمیر ئینتیزام پێکەوە بەتەلیفۆن دوان و ڕایگەیاند کە شەوێ دەڕوا بۆ لای "بازرگان" و لەوێڕا دەست لە دەوڵەتداری هەڵدەگرێت. سەعات دەی بەیانی لەگەڵ "سولیوان"دا کۆبوویەوەو داوای یارمەتی و هاوکاری کرد و هیچ بەڵێنێکی وەرنەگرت و لەوێڕا بەرەو مەجلیسی سەنا وەڕێکەوت. کاتژمێری دەی بەیانی زۆربەی زۆری فەرماندەرەکانی سوپای ئێران لە ژووری "شەڕ"ی گەورە سوپاداراندا کۆبوونەوە. سێ لە پلە بەرزترین

ئەفسـەرانی سوپای شـاهەنشاهی "قەرەباغی، شـەفەقەت فەردووست" لەگـەڵ بیـست و حـەوت فـەرمـاندەی دیکەدا کـۆبوونەوە. سـوپـەهبـود حـاتەم، مـوقـەدەم، نەجـمی، نائێـبی، موحـقـەقی، بـەدرەیی، ڕەبیـعی، مـەعـسومی، ئانـی، صـانعی، حـوسـەین جـیـهانـیانی، کـازمی، بەخش ئازەر، خـواجـە نوری، خـەلعـەتبـەری، پەژمـان، برومـەند، ڕەحـیـمی لاریجـانی، ڕەحـیمی ئایکەناری، تـەباتەبائی وەکیلی و دوو دەریاسـالار حـەبیب ئـیلاهـی و مـوحـسـین زادە و چوار ئەفـسـەری ناسـراوی دیکەی کەبیر، ئەمینی، ئەفشار وە خوسرەوداد.

کۆبوونەوە دەستی پێ کردبوو. تیمسار موقەدەم هاتبووە قسە:

ـ برایان لەبەر ئـەوەی سـاواک نـەمـاوە و تـەواوی نووسـینگەکـانی سووتێنراوە، هیچ جۆرە زانیارییەکم لا نییە تا بەعەرزتانی گەیەنم.

بەدرەیی وەڵامی دایەوە:

– هێـزی پیـادە لە سـەرەتاوە وەزعـێکی نـاجـۆری هـەبوو ئەم هـەمـوو کارەساتەشی بەسەردا هات و یەکجار تەق و لەق و پەل و پۆی قرتاوە.

ڕەبیـعی بۆ ئەوەی لـەوان بەدوا نەکـەوێ: وەزعی هێـزی ئـاسـمـانی لە هەمـووان بێ سـەرو بنتـرە... من هـاتم شـەڕێکی گـەرم بوو بەهەزار حـاڵ بەکۆپتەر خۆم گەیاندووەتە ئەیرا...

محەققی هەڵیدایەوە و وتی:

– هێزی ژاندارمری لای من بەربادە. چەند ڕۆژە ئێـمە بـەجلوبەرگی ئاساییەوە دێین و دەڕۆین. سوپەهبود حاتم ئاڵۆزانە قیڕاندی:

– عـەلاحـەزرەت ڕۆیشـتووەو بـەقسـەی ئاغای بەخـتـیار گـەڕانەوەی بۆ نییـە و ئەوەسـا دەیەوێت دەوڵەتـی جەمـهووری دادەمـەزرێنێت. ئایەتوڵا خـومـەینی داوای دروست کـردنـی جـەمـهـوریەیتی ئـیـسـلامـیـیـە و

میللەتیشی لەگەڵایە. من لام وایە سوپای ئێران وا چاکە لەم ململانە خوێناوییەدا لەیرەدا خۆی بکێشێتەوەو هیچ لایەنێک نەگرێت.

تەواوی دەم و چاو ڕووی کردە سوپەهبود "فەردوست" کە بەدەستی ڕاستی شا دەژمێرێت لەسەرخۆی وەڵامی دایەوە کە وا "ئەرکی سوپای ئێران دیارو ئاشکەرایە. سوپا دیفاع لە هێرشی بێگانە دەکا و سنوور و ئازادیی وڵات دەپارێزێت نەک لە نێو شەقاما میللەت کوژیی پێ بسپێرێت". بەشێوەیەکی فەرمان بەسوپەهبود حاتەمی وت: "بنووسە". ئیتر هەمووان نووسراوی کشانەوەی سوپا و بێلایەنییان ئیمزا کرد. کاتژمێری یەکی نیوەڕۆ فەرمانی کشانەوەی سوپای لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا دەخوێنرێتەوە.

ئەم ڕاپۆرتەی واخوێندمەوە لە لایەن ئەفسەرێکی سەر بەڕێکخراومان سەعاتێک پێش پێگەیشتووە؛ منیش بەپێویستم زانی ئاگادارتان کەمەوە، کشانەوەی سوپا یانی بۆ هەمیشە لە نێو چوونی یاسای پاشایەتی لە ئێرانا. دەمەوێ ئەوەش بزانن بۆ ماوەیەکی زۆر، شارەکانمان دەشێوێ و هەرا دەکەوێتە کۆڵان و گەڕەکەکانەوە. بەناوی شۆڕشەوە زۆر تاوان و تاڵان و هەرکەس بۆخۆی دەکرێت و بەئاسانی یاسا جێبەجێ ناکرێت. ئەوەی دەمەوێ ڕایگەیەنم، دەبێ بەبرادەرانمان ڕاگەیەنن تا بتوانن لە خزمەتگوزاری خەڵکیدا درێخ نەکەن. ڕێکخراوەکانی تر چ ئایینی یا عیلمانی، هەرچۆنێک ڕەفتار و گفتاریان بەخەڵکی دەسەلمێنن، ئەوە کێشەی خۆیانە و ئێمە تەنها لە ڕۆژنامە و پەخشانەکانماندا دژ بەهەر ڕفتارێکی نەشیاو دەدوێین. ئەگەر بەگوێمانیش نەکرا لە ڕسوا کردنیاندا بەردەوام دەبین. شا تەواو؟ ئا، شا تەواو. ئومێدەوارم بیروڕای کۆنەپەرستی و کرداری

دیکتاتۆرمەئابانە سایەو تاپۆی بەسەر ئەم وڵاتەدا لە نێو چێ و خەڵکی ستەمدیدە و پێشێل کراوی گەلانی ئێران لەژێر یاسای دیموکراتییەتدا بحەسێنەوە. ئێوەش کارێکی زۆرتان لە پێشە. تا چەند سەعاتێکی دی شار بێ خاوەن دەبێ و سەرسەری و ئەوباش و سوودجو لە کۆڵان و شەقامەکاندا بڵاودەبنەوە. ئەرکی سەرشانمانە بەتەواوی برادەران و لایەنگیرانمان ڕاگەیەنن ڕێکخراوی ئێمە مەبەستی یەکەم و دووهەم و سێهەمیشی خزمەتی خەڵکە و بەس.

لەم کاتەدا یاسەمین دەدوا یەکێکی دی لە برادەران هاتە ژووراو مژدەی کشانەوەو بێ لایەنیی سوپای ڕاگەیاند کە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا بڵاودەکرێتەوە. یاسەمین یەک چەپڵەی لێدا و سەرێکی سوورڕدا و پڕ بەدەم قیژاندی:

– بڕۆ، هەڕۆ لەولاتر بڕۆیت. هەستن برادەرینە ئێستا وا شەڕێکی دیکەمان لە پێشە، ئومێدەوارم هەر نەبێت زوو تووشی نەبین.

یاسەمین لە هۆڵ هاتە دەرەوە برادەران پڕ چەک هەر یەکە بەرەو لای تاقم و دەستە و گرووپی خۆی بەڕێ کەوتن.

# ١٠٥

شنەی بای ساردی بەهاری ئازادی دەیدا لە ڕوومەت و ڕوخساری ئاڵۆز و گڕگرتووی چەکدارانی نێو سەنگەر. چاو پڕبوو لە گومان، دەم پڕی پڕی جنێو و وشەی زەق و سووک بێ بەندو بارانە. لە زۆر جێگە پەرچەمی بێ ناز و شڕۆڵی شێرو هەتاوی دەوڵەتی شاهەنشاهی بەسەربانانەوە هێنرابوویە خوارەوە. هەرجۆرە چەکێکت نیاز باتا بەلای خەڵکەوە دەبینرا. فەقیەو سوختەو کۆلکە مەلا و تفەنگ لە شان هاتبوونە نێو شەقامانەوەو بڕێک چەکداری پۆخلی ڕیشداری بێ ڕەشمو لەقاویان بەدوای خۆ خستبوو. بڕێک خۆیان گەیاندبووە گەورە مالآن و تالآن و دزی ئاشکرایان دەست پێ کردبوو. بڕێکی دی پارچەی نووسراو لە تەوێڵ "یا حوسەین یا عەلی و یا نازانم چی" و بڕێکی دی بەئەستێرەی سوور نەخشاو؛ ئیتر هەرا بوو هەرا. بەرەو هەموو کەس و هەموو شت پەلامار دەدراو خاڵی پشکنین بووبووە نیشانەی دەسەلآت و ناڕەوایی.

شکڵ و شەمایل و ڕوو ڕواڵەتێک هاتبوونە نێو شارەوە لە مێژدا نەبینرابوون. پەلامار ڕەوشتیان بوو جنێوی بازاڕی دروشمیان بوو. دەستە دەستە بەشەقامەکاندا دەسووڕانەوەو لە وەخت و ناوەختدا لە چەقی شەقاما ڕیز ڕیز قامەتی نوێژیان دەبەست و شەقامیان دەکردە شانۆیەکی بێ دەربەستانەی پڕ لە ڕیاو درۆزنی. بڕێکی دیکەیان لەگەڵ خەڵکیدا دەست بەیەخە دەبوون و ناچاریان دەکردن "بمرێت شاه بڵێن".

دوور و نزیک دەنگی تەقەو مەتریلۆز دەبیسرا.

دەستە و دایەرەی شا برێکیان لەسەر مالیان دەڕۆیشتن و نەدەچوونە ژێر ئاشبەتاڵی دەسەڵاتی شا و لە ململانێیدا بەردەوام بوون.

یاسەمین ڕووی کردە برادەران و وتی:

کاتی ئەوە هاتووە بکەوینە ڕاو.

ئانوش ئاوڕێکی پرسیار ئامێزی دایەوە. یاسەمین لە ئاوڕەکەی تێگەیشت و وتی:

- دەڵێم ڕاو ئا، ڕاو. ڕاوی دەستەو دایەرەی دەوڵەتی شاه. ئاگاداربن مەبەستم لە ڕاویان کوشتنیان نییە؛ بەڵکو بەزیندوویی گرتنیانە. زیندووبوونیان بۆ ڕیکخراو و میللەتی ئێران سوودبەخش ترە. دەتوانین سوودی باشیان لێ وەرگرین و لە دونیای ئازاددا دەسەلاتی شای پێ ڕسواکەین. یاسەمین هەڵساو وتی:

- من و چەند برادەرێک بەرەو باخی جەمشیدیە دەڕۆین؛ زۆر لەو کلک زلانەیان لەوێڕا گلێر کردووەتەوە.

یەکێک لە برادەران وتی:

- دەڵێن گەورەکان لەوێ نین.

- با لەوێن. کێ لە هوەیداو نەسیری و مەجیدی و مەهدەوی نەهاوەندی و خەلعەتبەری و نیک پەی گەورەترە؟

بایەکی سارد هەڵی کردبوو. پەل و پۆی ڕووتەڵی درەختەکانی باخی جەمشیدیە هاتبوونە سەماو گیزە گیز. گاردییەکان و پارێزەرانی زیندان دەرگایان بۆ بەندییەکان کردبوویەوەو ڕایان گەیاندبوو کە وا بۆی دەرچن و لەوێڕا دوورکەونەوەو خۆ ڕزگارکەن.

بەندییەکان سەرسامانە دەیان نواڕییە یەکدیدا. بێ دەنگ لە یەکدییان دەپرسی: چەندی بەچەندە؟ ئەوە تەواو؟ دەسەڵات شاهەنشاهی بڕایەوە؟ باشە بۆ کوێ بڕۆن؟ بۆ ئەوان کوێ لە زیندان بێ دەردەسەرترە؟ شەقام بۆنی خوێنی لێ دەهات، تەقەو نەڕە نەڕ تادەبوو نزیکتر دەبوویەوە؟

بەندییەکان بەدیار یەکترەوە ڕانەوەستان؛ حەپەساو هەر یەکە بەلایەکدا فرتەیان بۆ کرد. یاسەمین و دە چەکدار لە برادەران گەیشتبوونە دەوروبەری جەمشیدئاباد تاک و تەراک خەڵکی لە نێو پارکی فەرەح دەبینران. تەقە لە نێو پایگای جەمشیدیەدا دەبیسرا. بڕێک لە گاردییەکان و پارێزەرانی ساواک لەسەرماڵیان دەڕۆیشتن و باوەڕیان بەهەرووژانی شاهەنشاهی نەدەکرد و سەنگەریان بەجێ نەدەهیلا و بڕێک بەهەراو بڕێک لەسەرخۆ سەربەرەو خوارو سەربەرەو ژوور دەهاتن و دەچوون؛ زۆریان چەک بەدەست و تفەنگ لە شان. یەکێک لە برادەران قیڕاندی و وتی:

– ماشینەکە ڕاگرە!

یەشتا ماشین ڕانەوەستابوو، بێدەربەستانە لە دەرگای ماشێن دەرپەڕی و بەرەو کابرایەک کە لە پیادەڕەوەکەدا سەرەوخوار دەچوو لوولەی "ژێ . سێ"کەی نا بەقەبرخەیەوەو نەڕاندی:

– هەردوو دەستت بەرز کەرەوە؛ وەئیلا کون کونت دەکەم. کابرا پاڵتاوێکی ڕەشی سەرتاپای لەبەرداو یەخەی پاڵتاوەکەی هەڵدا دابوویەوە پشت گەردن و دەوری سەریداو چاوێلکەیەکی لە چاو کردبوو. هێندە بەپەلە هەردوو دەستی بەرزکردەوە، پەنجەی دای لە چاوێلکەی چاوی و کەوتە سەرزەوی. ویستی چاوێلکەی لە زەوی

هەڵگرێ، تفەنگ بەدەست لوولە تفەنگەکەی سرەوواندە بندەستی و قیڕاندی:

– بێ جووڵە نامەرد! نامەرد ئەمە خۆتی؟

برادەران دابەزیبوون کابرای چەکدار کە یاسەمینی دی قیڕاندی و وتی:

– وەرەو تەماشاکە بزانە کێمان وەگیرهێناوە، نەسیری؛ خودی خۆیەتی سەردەستەی پیاو کوژان.

یاسەمین تاوێک ڕاوەستاو لە سەرخۆی دووسێ جار بەدەوریدا سووڕایەوەو لەژێر لێوەوە دەیوت: وەڵڵا خۆ ئەوە! نەسیری بێ دەنگ دەینواڕییە سووڕخواردنەکەی یاسەمیندا. یاسەمین ئارام و لەسەرخۆ دەستی هێنایە ڕوخساریدا لەبەر خۆیەوە وتی:

– خۆمە ئەمیش خوێن و گۆشتە. دەستی برد دەستی ڕاستی گرت و وتی:

– بەچەپ دەنووسی یا ڕاست؟ نەسیری هەروا دەینواڕییە یاسەمین و لای وابوو ئەو خەڵکە تووشی هیستریایەکی شێتانە هاتوون؛ ڕەفتاریان لە عەقڵەوە دوورە. وتی:

– تێ نەگەیشتم، وتت چی؟ یاسەمین دەمی بردە بناگوێیەوە لەسەرخۆ پرسی: ئازیزگیان وتم بەدەستی ڕاست دەنووسی یاوەکو چەپ؟

لەژێر لێوەوە وڵامی دایەوە: بەچەپ، من چەپلەرم. تا ئەم دەمە دەستی ڕاستی نەسیری لە نێو دەستی یاسەمین دابوو دەستی ڕاستی تووڕداو توند توند دەستی چەپی گرت و لە ڕوخساریەوە نزیک کردەوەو ڕوو بەدەست:

– ئەرێ پێم ناڵێی چەند فەرمانی کوشتنی خەڵکیت ئیمزا کردووە؟ چەندین تۆماری پڕ ئازادی ئەم و ئەوت ئیمزاو بەرەو مەرگ بردووە؟ برادەران هەڵقەیان دابوو بەدەوری یاسەمین و نەسیریدا. نەسیری یەک دوو جار دەستی کێشایەوە. یاسەمین ئاوڕێکی ئاڵۆزو شێتانەی لێ دایەوە و پڕ بەدەم قیژاندی:

– حەرامزادە! دووبارە بەوردی کەوتەوە تێنوارینی دەست و پەنجە مانیکۆر کراوەکانی نەسیریدا. لەسەرخۆ سەری بەرزکردەوە ڕوو بەڕوخساری و ئارام و ژمێراو وتی:

– تیمساری گەورەو گران... چۆنی؟ چۆن؟

نەسیری بێ دەنگ و بێ وەڵام دەینوارییە یاسەمین دا.

– ئێ تیمسار! نەتوت شاگیانت بۆ وا بەجێتی هێلا؟ بۆ نرخ و قیمەت و بایی سەگەزل حیزەکەی خۆی بۆ دانەنای؟ ئەوی لەگەڵ خۆدا برد و ئێوەش لە چوار دیواری بەندیخانەدا پێوەند کرد. چۆنی بۆ دەچی؟ نەسیری ویستی وەڵامی داتەوە. یاسەمین قۆناغی "ژێ . سی"کەی ترنجاندە بندەستی و قیژاندی:

– لاڵ بە ناپیاو! پەشتا ماومە. ناپرسی بۆ لە پاکستانەوە هێناتیەوە؟ تۆیەک بەو خزمەتگوزارییە، تۆیەک بەو دەست و پەنجە خوێناوییەوە ئاوا پاداشتی دایتەوە؟ ڕاستە دەڵێن تەیری گوڵ عاشقی داری زەقنەبووتە. دەی فەرموو دەی پێشم کەوە.

کورم بۆ خاتری خوا تەقەلایە، هەوڵێ بدەن. کارێ بکەن بزانن ئەم باوکتانە چییان بەسەر هێناوە؟ ئەمە دوو مانگە بێ سەر و شوێن بردوویانە.

فەرهاد بەتووڕەبوونەوە پیاڵە چایەکەی دانا و بەدەنگی بەرز قیڕاندی:

– چەند جارت پێ بڵێم من هیچم لە دەست نایە. نە دەتوانم و نە خەڵکیش دەناسم. دەستی بۆ شرینی خوشکی درێژ کرد: ئەوە شۆڕشگێڕ و لە کۆڕ و کۆمەڵیاندا بەشدار و لە شەقام و کۆبوونەوەکاندا دەشیڕێنێت و لە ڕۆژنامەکاندا شیعر و میعر بڵاودەکاتەوە. شرین تا ئەو دەمە ڕۆژنامەی دەخوێندەوە؛ ڕۆژنامەی تووڕ دایە لاوە و ڕوو بەدایکی:

– چەند جار بیڵێم خەریکم بۆی. کابرا پیاو و چاوساقی "ساواک" بووە. ئەمە تەواوی شاری کرماشان و دەوروپشتی دەزانن.

– باشە خۆ پیاوی نەکوشتووە، هاتوچۆی دایەرەی دەوڵەتی کردووە وەک هەزاران کارمەندی دیکەی دەوڵەتی. بۆچی هەرکەسێکی کارمەندی دەوڵەت بێت توێی بگرن؟

– نە دای! وا نییە مێردەکەی تۆ ساواکی بووە، ساواکی. دەزانی لەم دەورەدا ساواکی بوون یانی چی؟

– بۆ هەرکەسێک شای خۆشویستبێت دەبێت بیگرن و بیکوژن؟ ئەو خەڵکە هەمووی دەیانوت بژی شا و سوێندیان بەسەری شا دەخوارد، چۆن لە ئێوارەیەکدا هەڵگەڕانەوە و هەمووان بوونەتە پێشمەرگە.

– دایە پێشمەرگەی چی؟ تۆ یەشتا لات وایە دونیا دونیای کێلەبەرزەیە. ئەوسا نەیاندەوێرا، ئێستا ئازادن و دەوێرن و خۆشحاڵن.

– خوا بکا خۆشحاڵییان بەردەوام بێت، سەیرکە دوایی چۆن پەنجەی خۆیان دەگەزن.

– بۆ کێ؟ بۆ شا؟

– چووزانم. ئەوەندەی دەزانم ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبا و فەرەی بەدەمەوەیە.

شەهباز لەرەی دەهات لە گۆشتا. بەلەرە لەر هاتە بندەستی دایکییەوە. بەئەخۆم ئەخۆم وتووێژی دایکی و شرینی بڕی.

فەرهاد ڕوو بەشرین ئاماژەی بۆ شەهباز کرد و وتی:

– ئەویش میللەتە بۆ لەگەڵ خۆتا نایبەی بۆ ناو برادەرانت؟ مەگەر بەئەندامی میللەتی نازانن؟

– ئەو لە تۆ باشترە. بەس نییە زەرەر و زیانی بۆ کەس نییە و زگماک وا هاتووەتە دونیاوە.

فەرهاد قاقا پێکەنی:

– دەی ئەم برا باشەت بدە لەبەر و بیبە بۆ لای "همایۆن" گیانت تا بزانێت چ ڕمووزنێک براتە.

سەبری نەرمە پاڵێکی نا بەشەهبازەوە ڕوو بەفەرهاد:

– ئەو بۆ لە قسەی ڕەق و ناشرین زیاتر ڕێت لە قسەی دی ناکەوە... هەر بۆ خوا بۆ دەرمان.

– خەتای خۆی نییە، بیشیوێت پێی ناکرێت.

– بۆ پێی ناکرێت؟ بۆچی توحفەی باخی زەڵماتە؟

تەلیفۆن زرنگایەوە، فەرهاد هەڵیگرت. تاوێک ڕاوەستا و بەسەر ئاماژەی بۆ شرین کرد و وتی:

– تۆیان دەوێ. شرین بەرەو لای تەلیفۆن ڕۆیشت. فەرهاد چرپاندییە گوێیدا:

– همایۆن گیانتە...

شرین یەک دووجار لەسەر یەک وتی:

– باشە... باشە. ئاوڕێکی لە سەعاتی سەر مەچەکی دایەوەو تەلیفۆنی داخست...

فەرهاد بەلاقرتییەوە وتی:

– ئەرێ ناڵێی لەسەر چ مەزهەب و ئایینێک شوو بەهمایۆن دەکەی؟ شیعە، سوونی، تایفە کامیان؟

– وەڵامی گەوج و نەفامان بێدەنگییە. بەدەم فەرهادەوە ڕانەوەستا. بۆ خۆگۆڕین بەرەو ژوورەکەی بەرێکەوت و لەوێڕا ڕوو بەدایکی:

– من دەڕۆمە دەرەوە یەک دوو سەعاتێکم پێ دەچێت. ڕەنگە هەواڵێکی باوکم وەدەست کەوێ.

شاری کرماشان ژڵێژا بوو. سەر شەقامەکان چەکدارانی سەر بەکۆمیتە و ڕێکخراوی مزگەوتەکانی شار ڕاوەستابوون؛ برێکیان بەماشێنی تازەی داگیرکراوی ئەم و ئەو فڕک و هوڕ دەهاتن و

دەچوون. برێکی دیکەیان کەوتبوونە بگیر و بکوژ. کزە بای ساردی ڕۆژهەڵات دەیدا لە ڕوخسار و دەست و پل، سۆزی هەست پێ دەکرا. "هەمایۆن"یش بووبووە خاوەن ماشێن، لێیان پرسیبا لە کوێت بوو؟ دەیوت: هی خۆم نییە و هی ڕێکخراوە. لە شوێنی دیاریکراودا ڕاوەستابوو. شیرین دەرگای کردەوە و وەڕێکەوتن. تاوێک بێدەنگ نواڕیانە شەقامدا و لەپڕ "هەمایۆن" هەڵیدایە:

– وا بزانم کارێکم بۆ باوکت کردووە، با وەک موستەحەقی زیندان و ئەزیەت و ئازارە، ڕەنگە بەرەڵای کەن.

– ڕەنگە... یا بەرەڵای دەکەن؟

– بەڵێنیان داوە بەرەڵای کەن.

– ئێ چیتر؟

– وەزع بەرەو ئاشوفتەگی دەڕو. برادەرانی حیزبوڵا بەهیچ ڕازی نابن، چاویان نییە کەس ببینن تەنها خۆیان نەبێت. وا بڕوات شا و ساواک دەخەنە گیرفانەوە. ڕۆژ بەڕۆژ هەڵقەی گەمارۆیان تەنگتر و تەنکتر دەکەنەوە.

– ڕاست دەکەی ئەوە نییە هەرچی جووتیار و لادێکانی دەوروبەریان هێناوەتە نێو شارەوە. بەجارێک ناخۆشیان کردووە.

– ڕێکخراو خۆی ئامادەی هەموو پێشهاتێک کردووە. ناچار کرێین شەڕی مان و نەمانیان لەگەڵدا دەکەین. لام وایە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕێکخراوەوە هەڵوێستی تازەمان بۆ هاتووە، بێ شک لەم کۆبوونەوەدا باس دەکرێت. بڕۆین بزانین تازە چ باسە...

## ١٠٧

ئا گادار... هوشیار دوور لە مەستی

چاوانمان کردە داردەستی

نەخەوتین...

بۆ ساتێک نەسرەوتین

من و خەڵکی بەدوای کەوتین

تاڵی و بێ حاڵی ژیانمان دی

ئەرێ قەشەی کلیسای خەیاڵم

دوای چەندین ساڵ

یەشتا لات وایە منداڵم؟

وتت: هەڵە مەڕۆنە ڕێوە... پێشتان تاشە...

وتمان: باشە

وتت: دوور بن لە دونیای ڕەنگاو ڕەنگ ئەوی لات

خۆشە، مەینۆشە

ئەوی لات خۆشە مەینۆشە

تەقالاکە... تێبکۆشە

وتت: کلیسای ئەم دەورو دەمە

میحراب... ڤیترای ڕەنگاو ڕەنگ

زنجیری زێڕی لازمە

دەوری دارەمەیت و تەتەشۆری
مزگەوت نەما
ئامان مەڵێ... برسیمە منداڵم ڕووتە
لەم دەمەدا تابووت بێ نەخش و نیگار کەی تابووتە؟
مینبەرنشین قەشەی پۆشتە
ئەی نموونەی خۆش گوزەرانی
بۆ لەمەولا... نە من مەرِم... نە تۆ شوانی
بزانە...

چلچرای پیرو تەکبیرتان بەگلگیری ئاسمانەوە ئاوێزانە پیری نارەس و خرچ کاڵ.

دەخەنە بەر ڕێبواری ماندووی ڕێگەی ئاوریشمی خەیاڵ پیرە قەشە...

هەڵە ڕۆیشتن بەرِێوە...
"نەی" حەوت شاری عشقی ئێوە
بەرەو شەقامی بەرِبەرِیەت ئێمە و ئەوانی ڕاسپارد...

ناوونیشانی مۆڵگەی بیری هەزار و چوار سەد ساڵ لەمەوبەر داتانە دەستی خەڵکەوە و... ڕاتان سپارد

بەم ئێوارە... پەتی مەینەت بینی هەمووماني وەشارد
لاچۆ، لابە، هەستە، دارەستەکەم بدەیەوە.
گاڵوکی زێرِین هەڵگرە
بۆ خۆم دەتوانم بنوارِم
لە ئاستی حەقیقەتدا هەزار قەشەی تیا دەهارِم.

- من لام وایە ئەم هەڵبەستە ئەگەر بێتو بکرێتە بەخشنامەو زمانی

حاڵی ڕێکخراو لەم هەفتەیدا سوودبەخش بێت.

– وا لات جوانە؟

– مەبەست تەنها لە جوانییەکەی نییە؛ گوایە وەڵام و ڕاگەیاندنێکی شیاوە بۆ کارو کردەوەی دەوڵەتی ئیسلامی. یاسەمین تێفکرانە هەناسەیەکی هەڵکێشاو لەسەرخۆ فەیلەسووف مەئابانە وتی:

– بەداخەوە! ولات بەرەو تاریکستان دەبەن و دەستبەرداریش نابن.

– دەستبەرداری چی نابن؟

– دووبارە ئەم خەڵکە ستەمدیدەیە دەخەنەوە نێو کۆت و بەندو ڕەنگە بەوەشەوە ڕازی نەبن و دەست بکەنە کوشتاری ئێمەمانان. ئانوش گێڕایەوە یەک دوو ڕۆژ لەمەوبەر یەکێک لە برادەرانی لای خۆمان دەڕوا بۆ وەرگرتنی تەرمی خزمێکی لە سەردخانەی گشتی. لەگەڵ کابرایەکی حیزبوڵاهیدا دەمیان تێ دەگیریەو دەبێتە هەرایان. کۆمیتەی ئەوێ دەیگرن و لەنێو سەدان تەرمی لەسەر زەوی ڕاکشاودا دەستی لەگەڵ دەستی تەرمی ڕووت و قووتی هوەیدادا پێکەوە کەلەپچە دەکەن و بەو شێوە تا ڕۆژی داهاتوو دەیهێڵنەوە؛ سەرو کارمان لەگەڵ ئاوا جانەوەرانێکدایە. فەلامەرز جگەرەیەکی داگیرساند و مژێکی لێی دا بەدەست و جگەرەوە ئاماژەیەکی بۆ یاسەمین کرد و وتی:

– ئێمە دەبێت لە ئێستاوە بکەوینە خۆمان. کەوتنە گرتن و کوشتن و بڕینمان، تا چ ئەندازە لە شاراندا ململانمان پێ دەکرێت. ساواک و دەوڵەتی شا لە مافی مرۆڤ و دەستگای ڕاگەیاندن و جیهانی ئازاد و چوزانم کۆمیتە و کۆمەڵە خێرخواکانی جیهان دەترسان؛ ئەمانە تەواوی ئەوانە بەقەڕانێک ناکرن؛ وەک چۆلەکە ملمان لە لەش جوێ دەکەنەوە.

یاسەمین چاویلکەکەی لە چاوی دەرهێناو بەپشتی دەستی بێتاقەتانە چاوی پرواندو وەڵامی دایەوە:

- لەگەڵتم، خراومان لەگەڵ دەکەن. ئەمڕۆ نەیکەن سبەی دەیکەن. ئەوەسا ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیان جۆرێک ناومان دەبەن وەک وا بێت بیانییەک بین و لە کورەی مەڕیخ هاتووبینەتە خوارێ.

- یانی دەڵێی ناچاری شەڕی چەکدارانەمان دەکەن؟

- ئەمڕۆ نا سبەی. بەدبەختی لەوەدایە شەڕی نێو شارمان پێ ناکرێت، مەگەر کوردستان. لە نێو میللەتی کورددا دەتوانین خۆمان بپارێزین. ئەوەسا لەوێڕا چەندین تاقم و گرووپ شەڕی چەکدارانەیان دەست پێکردووە. ئەوە حزبی دیموکراتە، جەماعەتی سەردار جافە، کۆمەڵەیە...

- کەواتە ئاسایشی پێش تۆفان و باو و بارانە.

- جا کوا ئاسایش؟ شەڕی ڕۆژنامە و گۆڤار و تۆمەت و جنێودانیان دەست پێ کردووە. تۆ چی دەڵێی لات وانییە کاتی ئەوە هاتوو بێت من و تۆیش دەستی پێکەینەوە؟ وا نازانم کاتێکی زۆرمان بەدەستەوە مابێت؟

فەلامەرز مژێکی دیکەی لە جگەرەکەی دایەوەو سەری خوار کرد و بێ دەنگ بەگوڵی مافوورەکەدا دەینواڕی. یاسەمین هەناسەیەکی هەڵکێشاو لەبەر خۆیەوە وتی:

- منیش بم وا بێ دەنگ دەبم... گوزەران لەگەڵ ئافرەتێکی کوێری لووت دابڕاودا ئاسان نییەو بگرە مەحاڵە.

دای لە پرمەی گریان و هەڵساو ڕۆیشتە ژووری خەوەکەیەوە. فەلامەرز هەروا بێدەنگ جگەرەی دەکێشاو لەپڕ هەستایە سەرپا بەرەو

دەرگـای دەرەوەی ئـەپارتمان ڕۆیشـت. لە ئەپارتمـان ڕۆیشـتـە دەرەوە، یەشتـا بەتەواوی دەرگای دانەخستبوو گەڕایەوەو بەئەسپایی دەرگای داخـست و هـەروا بەهێـمنی بەرەو ژووری نووسـتنەکـەی یاسـەمین ڕۆیشت. فـەلامـەرز بەئەسپایی لێیـەوە نزیک بوویەوەو بەسـەر پشـتیدا ڕاکـشـا و دەمی لە بۆقـەتەی ملی گـیـرکـرد و دەم و لێـوی خـزانە بناگوێیداو بن گوێی لێسایەوە. ماوەیەک وا بێ جووڵەو فەلامەرز پلایە لای ڕاستدا. سەریـن و ڕوخسـاری یاسـەمین تەڕی فرمێسک بووبوو، بەرەنیسکی دەدا پچڕ پچڕ هاتە قسە:

– دەزانی چەندین ساڵە چاوەڕوانی ئەم ساتەم؟ مانگان و سالآن لە بۆنتەوە دوور بووم. پلایە لای فەلامەرزداو چپە ئاسا:

– لێم گـەڕێ با تێر تێـر بۆنت کەم. دەمی خـستـە ژێر چەنـاکـەیی و بینی هەڵمـژی؛ نە جـارێک و نە دوو نـە سێ دەسـتی فـەلامـەرزیش لەکاردابوو. وەک دەست بەسـەر پشتی پشیلەیەکی دەسەمۆدا بهێنێت، نەرم نەرم پشت و سەر و زوڵفی نەوازش دەکرد.

## ١٠٨

ڕەحمان پەیوەستە سەری دەلەرزیەوە. چەند جارێک هاتوچۆی دکتۆری کردبوو، بۆ وای بەسەردا هاتووە. دکتۆر وێنە بەرداری و نموونەی خوێن و تەواوی کاروباری پێویستی بۆ کردبوو. سەری ڕەحمان لە لەزرین نەدەکەوت. سەرئەنجام بەئالۆزییەوە بەدکتۆری ڕاگەیاند: ئەوسا من وانەبووم...

– مەبەستت ئەوسا کەیە و چۆن چۆنێن بووگیت؟

– لە زەمانی شادا تووڕەباما قسەی ناخۆشم بیستبا بۆ ماوەیەک سەرم دەلەرزیەوە، ئێستا لە وەخت و ناوەختدا لێم نابڕێت.

– دکتۆر بزەیەک کەوتە سەر زاری و وتی:

– دەتوانم بپرسم لە مێژدا چ کارە بوویت؟

– سەنگ تاش بووم، ئێستاش هەر سەنگ تاشم.

– هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر ژیانتا نەهاتووە؟

– چوارپێنج مانگێک زیندانییان کردم.

– بۆ؟

– چوزانم. ئەمڕۆ بۆ هەیە. بیانووی سەد پێچ و پەنا و بەڵگەت بۆ دەدۆزنەوە. شار بێ خاوەنە، بێ خاوەن.

– هەڵەیت. شار بێ خاوەن نییە؛ بەپێچەوانەوە ئەوسا یەک خاوەنی هەبوو ئێستا سەدان بڕکەو کۆمەڵ و میرزا بنووسی نەخوێندەوار خۆی بەخاوەن ماڵ دەزانێت.

– ئەی بەقوربانی دەمت بم! زەمانێکە قسەی هەقم نەبیستووە.

– نەتوت بە چی تۆمەت و پاپێچیکەوە بەندتیان کردووە ؟

– بیانەوێ سەدانت بۆ دەسازێنن، بەتۆمەتی ساواکی بوون.

– بیانەوێ خاوەو باج لە هەر کەس بسێنن ئاوا تۆمەتێکی پیادەکەن. منیشیان بیست و چوار ڕۆژ گرت و بەهەزار تەقالاو تکاو پاڕانەوەی خزم و خوێشانم بەرەڵایان کردم. ئەوەندەی لە یەک مەدەوە. بکۆشە لە هەواو بیگرەو بەردەوە خۆت دوورخەیتەوە. سێ چوار کۆڵاژت بۆ دەنووسم، بەشێوەی ڕێکوپێک بیانخۆ؛ تۆ نیازت بەئارامی هەیە. تەواویانت کرد وەرەوە لام. دەنگی دروشمدانی نێو خیابان دەهاتە گوێ. تاک و تەراک تەقەش دەبیسرا. ڕەحمان دەستی بەرەو پەنجەرەکە درێژ کرد و: گوێت لەو شیرە شیرەیە. خۆپیشاندان و بژی و بمرێ بووەتە پیشەی ڕۆژانە. وا بڕوات نیاز بەمەرگ مەرگ نییە. سبەی و دوو سبەی دەرگامان پێ دەگرێ و زۆر کەس لە برسا دەمرێت و کاری کۆمیتەچییەکان کەم دەکاتەوە.

ڕەحمان تەوقەی لەگەڵ دکتۆردا کرد و ڕۆیشتە دەرەوە. نم نم باران دایدەدا. ئاڵۆزی و دوودڵی لە ڕوخساری هات و چۆکەراندا نمایان و شەقام پڕ بوو لە خۆپیشاندەران. ڕەحمان بۆ مەباداو نەکا بیناسن پێچی کردەوەو بەکووچەو کۆڵانا فرتەی بۆ کرد و خۆی گەیاندە کارگاکەی؛ تەنها دوو کرێکاری وەدی کرد و پرسی:

– ئەوانی دی کوان؟

وەڵامیان دایەوە:

– ڕۆیشتوون بۆ بەشداری لە خۆپیشاندانا.

– سبەی داوای مووچە و مەواجیبیش دەکەن. وا کارمان بۆ نارِواتە رێگەوە، دەرِوا؟

یەکێک لە کرێکارەکان گاڵتەئامێز:

– مام رِەحمان گوێی مەدەرێ ژیان هەر سەد ساڵی یەکەمی دژوارە. رِەحمان ئاورِێکی تاڵی لێ دایەوەو رِۆیشتە ژووری تایبەتی خۆیەوە. زۆری نەخایاند هەمان کرێکار هاتە ژووراو وتی:

– کابرایەک هاتووە دەیەوێ چاوی پێت کەوی دەڵێت:

– لەلای دۆستێکیەوە هاتووە.

– بابێتە لام. رِەحمان لە بیرو بۆچوونی داخستنی کارگادا دەپلکایە. تەواوی دەر و پەنجەرەی رِۆژگار و کاروباری لە خۆی بەسراو دەبینی. کورِێکی گەنجی کورتە بالاَ لەگەڵ کرێکارەکەدا هاتە ژوورا. هەرچی تێفکرا دەیناسێت؟ دیویەتی؟

کابرای کرێکار لە ژوور رِۆیشتە دەرەوە. کورِە هەروا رِاوەستابوو وردەکارانە دەینوارِییە رِەحماندا.

رِەحمان هاتەوە سەرخۆی و لەپرِ قیرِاندی:

– چیتە لالَی؟ چیت دەوێ؟

– چیم دەوێ؟ وەڵلا خۆ پرسیارێکی ماقووڵ و بەجێیە. شتێکم دەوێ تەمەنی بیست ساڵەو حەقی خۆیشمەو بەئاواتیەوەم.

رِەحمان پێی وابوو کابرا هاتووەو داوای ژنی لێ دەکا. سەری چەندین بەرانبەر هاتبووە حەشۆکەو لەزرین، پێی وابوو خەرەفاوە:

– هەتیو وەک بەچکەی بەشەر بدوە بڵێ بۆچی هاتووی؟

– رِاست دەکەی هەتیو بووم، بەلاَم دەورانێ هەتیویم بەسەر بردووە.

ئای چیم چێژاوە! باشم تێنوارە ڕەنگە بمناسیتەوە.

ڕەحمان وردە وردە هەستی گۆڕاو زانی هاتنی ئەم گەنجە بێ مەلامەت نییە. هەرچی دەکۆشا پەی بەهاتنی و مەبەستەکەی ببا نەدەچووە لایدا. تادەبوو گێژتر دەبوو. کوڕە زانی وا خەریکە درەنگ دەکا دەمانچەی لە قەبرغەی دەرهێناو وتی:

– وام زانی زیرەکی و دەمناسیتەوە، حەیف ناچارت کردم خۆمت پێ بناسێنم. هەروا دەمانچەی ڕوو بەڕەحمان ڕاگرتبوو، ڕەحمان جاران بێ دەمانچە هەنگاوی نەدەنا دوای هەڕۆژانی ڕژێمی شا لە ترسی کۆمیتە و پاسدارانا چەقۆیشی تۆڕدابووبە لاوە.

نامەردی ڕەفیق کوژ! بیست ساڵە چاوەڕوانی ئەم ساتەم؛ من کوڕی ئەوکەم، ئەوکە. تف لە مەردانەگیت ئاوا.

ڕەحمان خراو بەگیر هاتبوو: هەر نەمکوژی هەرچی بڵێی دەیکەم. پارە، خوێن، ژن، سوڵح هەرچی بڵێی ئامادەم. من کردم تۆ مەیکە.

– نەیکەم؟ هەر بەو ئاسانییە؟ دەست لە خەرمانێک کوێرەوەری هەڵگرم.

– ڕاستی تۆ نە تایفەی نە شیعەی نە سونی مەزهەوی تا بڵێم ئەشهەدت بخوێنی. پەنجەی هێنایە بەرەبەلودا، گوللەی یەکەمی دا لە سەر سکی و ڕۆیشتە سەری:

– ها ئاغا ڕەحمان! ڕەفیق کوشتن چۆنە؟

ڕەحمان چاوی هەڵهێنایەوە. کوڕە لوولەی دەمانچەکەی ئاخنیە نێو دەمیەوەو گوللەی دووهەمیشی تەقاند.

دوو کرێکار هاتنە ژوورا. کوڕە دەمانچەی ڕووبەڕوویان ڕاگرت و نەڕاندی:

– وەرنە پێشەوە.

دوو کرێکار تەرمی خوێناوی ڕەحمانیان لە زەویدا دی لە ترسا حەپەسان.

کوڕە دووبارە نەڕاندی:

– لە زەویدا دانیشن. ورتەتان لە دەمەوە بێت هەناسەتان دەچنم. لە ژوورەوە دەرچوو دەرگای ژووری کلیل دا و ئازا لە کارگاو گەڕەک وەدوور کەوتەوە.

خۆمە شەڕە؛ لام وابوو بەزم گێڕانی دەوڵەتە و دەیەوێ بازاڕ گەرمی و گەزافە گێڕانی خەڵک هەڵخەڵەتاندن و بیگرەو بەردەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بخاتە گڕ، گاڵتە گاڵتە، خۆمە شەڕی نێو دەوڵەتییە.

شەڕی نێو دەوڵەتی پێ ناڵێن؛ شەڕی نێوان دوو ڕەزا تاڵترین دەوڵەتی دونیایە. لە گەوجییان سوودیان بردووەو بنەمای شەڕیان بۆ ناونەتەوە و ئەوانیش گێل و گێر و گەوار. ئێمە چارەمان نییە بەدەوڵەتیان دەزانین. ئەمانە زۆرتر لە چەتە و داگیرکەر دەچن تا دەوڵەت. سەد ڕەحمەت لە شاعیر فەرمویەتی:

لە بێکەسی خۆم تۆم کەردەن وەکەس

نە وەکەسم بووی نە وەنیوە کەس

همایۆن و شرین خۆیان دابووە لا سووچی دوو دیواردا. بۆڕەو گرمەی فڕۆکەی میراژی ئێراقی ئاسمانی شاری کرماشانی هێنابووە لەرزین. هەر خەڵک بوو ڕای دەکرد. هەر گرمە و ناڵە و دوکەڵ بوو دەبیسراو دەبینرا.

- ئەشهەدو ئەم دوو دەستە و دایەرە بەناو دەوڵەتن. ئەوی بیری لێ نەکەنەوە میللەتەکەیانە. گەوج و نەفام و نۆکەرمەئابن. بنوارە لەم دوا هەناسەی سەدەی بیستەمەدا چ گۆبەنێکیان ناوەتەوە. ئاخر بڵێ هەی بێ مروەتینە بەلای ئێوەی فەرمان بگێڕەوە نەبێت، کەی باوی شەڕە تەیارە و بۆمباردومان و تۆپ و تانک ماوە. ئەوی تۆزێک فام و شعور و

فەرهەنگی هەبێت ناڕواتە عەقڵیەوە ناکۆکی چوزانم دەمارگرژی بەم شێوە خوێناوییە مامەڵەی لەگەڵ بکا.

بۆمبایەکی گەلێک نزیک تەقییەوە. همایۆن و شرین ناخۆ ئاگا لە زەویدا ڕاکشان. دووکەڵ و خۆڵ کەوانەی کێشا بەرەو ئاسمان. شرین دەستی همایۆنی وشارد:

– دەترسم؟

– مەترسە، وا دیارە دوورکەوتنەوە.

– بەخوا بەخوا دونیایان وێران کردووە. کۆبوونەوەی ئەم ئێوارەمان، فت.

– فت و زیاد. شار هەراسانەو هەرکەسە کەوتووەتە هەوڵی خۆیەوە.

– شەڕ لەسەر هەرچی بێت مەحکومە.

– ئەمانە بیر لەوەی ناکەنەوە. ئەوەسا هەزاران خەڵکی شارە سنوورنشینەکان بەڕێگەوەن و ئاوارە.

– وەکو کوێ؟

– قەسری شرین و شائەبادو چوزانم ئابادان و زۆر شاری دی. دەڵێن هیچیان نەهێڵاوەتەوە. هێرشیان کردووەتە ئەو شارانە تاڵان و ڕویەکیان دەست پێکردووە سوارەی جەنگیز و تەیموور نەیانکردووە. هەستە بڕۆین.

– سەیر لەوەدایە ئەمە وەزعەکەیانەو لێشمان دەگرن و دەمی بەندیخانەیان بۆ تەواوی تێکۆشەرانی ئەم گەلە ئاواڵە کردووە.

– بۆ لەمەولا ڕەنگە وەک جاران پیاڕانەگەن. گرفتاری شەڕ زۆر لەوەی گەورەترە وا ئێمە تێدەفکریەن.

– من بەپێچەوانەوە تێ دەفکریەم؛ بەلای ئەوانەوە ئێمە بەدوژمنتر دادەنێن و دەستمان لێ هەڵناگرن. ئەوە نییە دەستیان بەگرتنی سەرکردەکانمان کردووە. هەڤاڵ فەلامەرز دوێنێ لە بەندیخانەی شا و پەتی قەنارە ڕزگاری بووبوو، ئەوەسا لە چوار دیواری زیندانیان ترنجاندووە. من دەڵێم لە ترسی شەڕا بووە لە گەڵمانندا دڕتر دەبن. یەکێک پەشۆکاو بەهەڕا هات.

همایۆن پرسی:

– ها کاکە چی بووە وا بەپەلەی؟

بێ ئەوەی لایان بەلاوەکا:

– چی بووە؟ دەڵێن سوپای ئێراقی گەیشتووەتە چوارزەوەر بەرەو ناو شار دێن، دەپرسیت چی بووە؟

– تۆ بڵێی ڕاست بکا؟

– دوور نییە. ئاوا بۆمباردومانێک بەچاو بینین هەموو شتێک شیاوە.

– دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ماڵ. دەترسم شتێکیان بەسەردا هاتووبێت. من هاتم هەر دایکم و شەهباز لە ماڵدا بوون.

– بێم لەگەڵتا؟

– نایەوێ، بۆ خۆم دەڕۆم.

لەیراو لەوێ خەڵکی شار کۆبوونەوە، گوێیان لە ڕادیۆ دەگرت. بڕێک سەرسام و گێژ و وێژ باوەڕیان بەوەی نەدەکرد، دەیاندی، دەیانبیست. دەنگی ئەمبۆلانس دەبیسرا ڕادیۆ هەواڵی بۆمباردومانی دە دوانزە شاری دەدا.

شـرین هەڵەپەڵە خۆی گـەیاندە مـاڵ. دایکی پەرۆشـی ئەو بوو زۆری نەبرد "فەرهاد"یش گەیشتە بەرەوە. ڕوو بەشرین:

– خۆمە شەڕی ڕاستەقینەیە؟

– بۆچی شەڕی گاڵتەی ئاواش لە نێو دەوڵەتەکاندا هەیە؟

– بۆ نا؟ تا بڵێی شـەڕ جۆراوجـۆرە شـەڕی ئابووری، شـەڕە جنێو، شەڕی سیاسی، قنگەشەڕ، شەڕی سارد و شەڕی منیش تەواو.

– بۆچی لە شەڕدا بوویت؟

– شـەڕ سـوورە زەردە. تا بەئەمـرۆ توانیم بـۆ کلک بدەمـە دەمـەوەو نەڕۆمە ژێر باری سەربازی، بۆ لەمەولا ناتوانم.

دایکی دای بەسنگیداو ناڵاندی:

– هەیرۆ دەتبەن بۆ ئیجباری؟

– دایە! یا دەبێ برۆم بۆ سەربازی یا ئەتوێ بۆی دەرچم.

شرین بەگاڵتە پێکردنێکی شاراوەوە:

– بۆ کوێ تەشریف دەبەی؟

– زەوی خوا زۆرەو بەربڵاوە. ناڵێی لە پێناوی چیا بکوژرێم؟

– کێ دەڵێت بکوژریەیت. پەلە مەکە. یەشـتا ئێوارەیە. لێی گـەڕێ با بزانین دونیا بەرەو کوێ دەڕوا. وڵات ئاوسی ڕووداوە.

– ئێـوە سـیاسـی و میاسـین من لەم یارییانـە نازانم؛ بەڵام ئەوەندەی تێگەیشتووم ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبا.

– بیباو نەیبا مەبە کـەوە سـواری بەری ئوردو. یەشـتا کەس دەرگـای پێ نەگرتووی. ئەوپەڕی ئەوەیە بانگت کەن بۆ سەربازی؛ توانیت مەڕۆ، ناچار کرای برۆ و لەیرا ڕاکەرو.

– ڕاکرو چییە؟ لە کوێنە خۆم بشارمەوە؟ سەرئەنجام هەر دەمگرن و ڕاکەری سەردەمی شەڕ سزای زۆرە؛ فکری خۆمم کردووەتەوە.

شەهباز هاتە نێوانەوە: دەخۆم... دەخۆم.... دەنگی فڕۆکەیەکی بەرزەفڕ هاتە گوێ. سەبری دەستی بەسەر دەمی شەهباز دانا. هەموان بێ دەنگ گوێیان هەڵخست گرمەکە تا دەبوو دوور دەکەوتەوە.

ئێمە ناچارین هەڵوێستی ڕاستەقینەی ڕێکخراو بۆ ئەندامانمان و خەڵکی ئازادی ئێران ئاشکرا و وەدەرخەین.

له ڕاستیدا چارەیەکی دیمان بۆ نەماوەتەوە جەمهوری ئیسلامی هەرچی دەرو دەروازە هەیە لێمانی گرتووە، یا دەبێت بێ چۆن و چرا خۆمان بخەینە ژێر ڕکێفیانەوە یا بەژانتاکانمانەوە بەرەو بەندیخانەکانیان یا...

یاسەمین تاوێک ڕاوەستاو مژێکی له لیوانی ئاوی بەردەستی دا.

گوێگران بیست کەسێکی ئەندامانی دەستەی باڵای ڕێکخراو دەبوون. بێدەنگ چاوەڕوانی وشەی دوای "یا"ی یاسەمین بوون. لەسەرخۆ لیوانی دانا و چاوی خشاندە سەر دانیشتواندا وتی:

– یا دەبێت خۆمان بپارێزین. ڕەنگە بپرسن ئیدی لەگەڵ ئەم کەلە وشکانەدا و خۆ پارازتن؟

پرسیارەکە بەجێیە. ناچارین بۆ پاراستنی بیرو ڕاو حورمەتی خوێنی قارەمانانمان و ئارمانەکانی ڕێکخراو دەست بدەینە چەک. پرسیارێکی دی خۆی لێمان قوت دەکاتەوە. له ئاوا ڕۆژگارێکدا کە شەڕی نێوان ئێمەو ئێراقە، شەڕی چەکدارانە لەگەڵ دەوڵەتدا ڕەنگە تۆمەتی ناجۆری جۆراوجۆرمان دووچار کەن ئەمە خیانەتە، جاسووسییە، وڵات فرۆشتنە و شتی دی، باشە چارە؟

ئانوش هەستایە سەر پاو لەسەرخۆ هاتە قسە:

- بەندە وەک ئەندامێکی سەرکردایەتیی ڕێکخراو هەرچی لەیەکی دەدەمەوەو هەڵی دەسەنگێنم دەسەڵاتدارانی جەمهوریەتی ئیسلامی نیازیان لەگەڵماندا خراوەو پڕە لە ڕکەبەری و کینەجویی و بەتەمای دەست وەشاندنن. هەرنەبێت ئەوان لە ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان دەترسان و چەکەرەیان لە دونیای ئازاد دەکرد، ئەمانە نرخ و ئەرزش و بایییەک بۆ دنیای ئازاد دانانەن. ئەوی یاساو دیموکراتیەت و مافی مرۆڤە بەقەرانێک نایکڕن. خۆیان بەخەیات دەزانن دەیبڕن و دەیدوورن؛ تۆمەت و تاوان بەدەستی خۆیانە گرتن و بردن و مردنیش بەپێی نیاز و پێویست و بیروڕاو بەرژەوەندیی خۆیان و ڕۆژانە کار و کردەوەیان. ئەوە نییە بێ پرسین و بێ بەڵگە هەڤاڵ "فەلامەرز"یان لە چوار دیواری زیندانی قەسردا حەشارداوە. هەمان جێگەی وا لە سەردەمی شادا تیادا بووە. ئێمە وەک هەڤاڵ یاسەمین فەرمووی هیچ چارەیەکی دیمان بۆ نەماوەتەوە، جگە لە دەست بەچەک دان و خۆپاراستن نەبێت.

یاسەمین چاوێلکە ڕەشەکەی چاوی داناو وتی:

- زۆرمان بیر لێ کردوەتەوە، زۆریش کۆشاین لەگەڵ کاربەدەستانی جەمهوریەتی ئیسلامیدا بگونجێین. ئێوەش وەک من ئاگاداری تەقالاکانن. بەڵام ڕەنگە برێک لە هەڤالان لە خۆیان بپرسن چۆن چۆنی ئەو شەڕە دەست پێ بکەین؟ لە ڕاستیدا ئێمە چەک بۆ شەڕ هەڵناگرین؛ بەڵکو بۆ پارازتنی ئەو هاوالانەیە کە ناسراون. بۆ ئەو مەبەستە کوردوستانمان هەڵبژاردووە. لەوێڕا هاوبیرو ڕا و هاوپەیمانی دەست ڕۆیشتوومان هەیە و هەروەها لایەنگیرانی ڕێکخراویش ژمارەیەکی کەم نین. کاتێک شەڕ لەگەڵ دەوڵەتدا دەکەین،

هێرش بهێننە سەرمان لام وایە ئەمەیان بچووکترین مافی ڕەوامان بێت.

ئینجا یاسەمین هەستایە سەرپا و چەپڵەیەکی لێدا و وتی:

– ئەگەر پرسیارێک هەیە و نەکرابێت با بفەرموون. یاسەمین چاوی ئارام بەسەر برادەراندا گێڕداو دووبارە چەپڵەیەکی دی لێداو وتی:

– تەواو.

برادەران کەوتنە ئەوەی لە هۆڵەکە بڕۆنە دەرەوە. یاسەمین ڕایگەیاند:

– تکایە ئەندامانی نووسینگەی دەستەی باڵا با بمێننەوە.

چوار کەسیان مانەوە. یاسەمین ئاماژەی کرد تا لێی نزیک بنەوە. کە سەریان نا بەیەکەوە یاسەمین لەسەرخۆ ڕایگەیاند:

– دەمەوێ بپرسم کێ لای خۆشە لەناو شاردا بمێنێتەوە و سەرپەرشتی کاروباری ڕێکخراو بکا؟

ئانوش پرسی:

– بۆ خۆت چی؟

– من لام وایە ئەگەر لە دەرەوە بم سوودبەخشتر بم.

ئەو سێ برادەرە وتەکەی یاسەمینیان سەلماند.

دووان لە برادەران ڕایان گەیاند دەرەوەیان لا باشە تا ناو شار یاسەمین بەسەر ئاماژەی بۆ ئانوش کرد:

– تۆ چی؟

– من لام باشە لە ناو شاردا بم باشتر بێت. لای کردە لای برادەرەکەی دەستی ڕاستیەوە و وتی:

– وا بزانم هەڤاڵ "فولاد"یش لای خۆش بێت بمێنێتەوە... کە وایە هەموو شت ڕوبەرایە. ماوەتەوە سەر ئەوەی کەی دەست پێ بکەین؟ ناچارین لەم یەک دوو ڕۆژەدا دەست بەکار بین، کارێکی یەکجار زۆرمان لەبەرە؛ پیارانەگەین کڵاومان بابردوویەتی.

یاسەمین بەپەنجە ئاماژەی بۆ ئانوش کرد و وتی:

– ئێمە توانیومانە هەواڵی نێو زیندانی قەسرمان بزانین. بەلامەوە گرنگە ئەوانەی "فەلامەرز" لە زیندانەوە دەینووسێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێک پێم بگەیەنیت؛ تەنها لەبەر ئەوەی نییە خۆشەویستی منە، بەڵکو ئەو نامانە ئەندازەی ڕفتاری جانەوەر سفەتانەی ئەم تاقمە خوێنرێژە وەدەر دەخاو زۆرتر شارەزامان دەکا لە کار و کردەوەیان.

ئانوش پەنجەی خستە سەر دووچاوی.

خەڵکیکی زۆر لە مزگەوتی دێدا گلێر بووبوونەوە. زۆربەی زۆریان چەک بەدەست و چاو دەرپۆقـــیـــــوی تووڕەو ئاڵۆز، بڕێکیـــان دولاقی کلاشینکۆفەکانیان نیو کراوە لە نێو دەست و پەنجەیاندا دەوشارد، بڕێکی دی لە چەکداران لە حەوشەی مزگەوتدا هوشیارانە دەیاننواڕییە هات و چۆکەرانا.

دێی حاجی ئاباد سەرتاسەری هی بنەماڵەیەکی خاوەن زەویوزاری زۆری کورد بوو. بەپێی فەرمانی شا و گۆڕانکارییە سپییەکەی دێی حاجی ئابادیش وەک هەزاران جێگەو شوێنی دیی سەرتاسەری ئێران دابەش کرابوو؛ بەڵام بەسەر خودی هەمان بنەماڵەدا بەپێی یاسای دابەشکردنی زەویوزاری شۆڕشی سپی شا و ئەو دەمە، زەوییەکان لەلایەن چەند وردە مالیکێکەوە دەچێنراو بەرهەمی هەڵدەگیرا. بەو شێوە جوتیارانی دێ هیچیان وەبەر نەکەوتبوو. دوای هەرووژان و پێکهاتنی جەمهوریەتی ئیسلامی بەهەلیان زانی و ناڕەزایەتییان گەیاندبووە حزب و بەرە چەپ ڕەوەکانی دوورو نزیک تەواوی وردە مالیکەکان چوارمشقی لێی دانیشتبوون. خەڵکەکەی ناو مزگەوت چاوەڕوانی هاتنی حەمزە ئاغایان دەکرد، پێیان ڕاسپاردبوو لە کۆبوونەوەی مزگەوتدا بەشدار بێت. نیو سەعات بەسەر کاتی هاتنیدا تێپەڕیبوو. زۆربەی چەکداران ئاڵۆزی نەهاتنی بووبوون، سەرئەنجام لەسەری کۆڵانەوە ئارام و لەسەرخۆ هەیکەلە کەتەکەی وەدەرکەوت. لە

حەوشەی مزگەوت هاتە ژوورەوەو گەیشتە نێو دانیشتوان سەڵاوی کرد و جگە لە چەند چەکدارێک تەواوی وردە مالیکانی خزمی بەرزەپا لەبەری هەڵسان و جێگەیان بۆ چۆڵ کردو دانیشت. چەند چرکەیەک بێ دەنگ تێپەڕی. حەمزە ئاغا جگەرەی داگیرساندبوو. یاسەمین بەشێوەیەکی تۆزێک ئاڵۆز ڕوو بەحەمزە ئاغا:

– یەکەم دەبێت لە دواکەوتنت داوای لێبووردنمان لێ بکەی. ئەوە نیو سەعات دەبێت ئەم خەڵکە چاوەڕوانی تۆیە.

حەمزە ئاغا قسەی یاسەمینی بڕی و وتی:

– پێت خۆشە دنک دنک وەڵامت بدەمەوە یا دوای تەواو کردنی قسەکانت؟

– چۆنت لاخۆشە؟

– من وا بەچاک دەزانم گوێم لە سەرجەمی قسەکانت بێت ئەو دەم منیش بۆ خۆم وەڵامت بدەمەوە ئاوام پێ باشە.

– دیارە جەنابت یەشتا هەستت بەگۆڕانکاری بنەڕەتی ئەم وڵاتە نەکردووە و هەنگاوەکانت، ڕەفتارەکانت گویای ئەوەن نیاز و هەستەکانی خەڵک بەگاڵتە بگریت و مافی ڕەوای جوتیارانی ئەم ناوچەیە پێ ماڵ و بەهیچ لە نەزەردا بگری. ئێمە لەم ڕووەوە بێدەنگ نابین و ئەوی پێویست بێت دەیکەین. بەلای ئێمەوە تۆ بەخاوەن زەویزار نازانین و بۆ لەمەولا زەوی خاوەن مولک و دەربەگەکان بەپێی پێویست دابەشی دەکەینە سەر جوتیاراناو لە سبەینێوە فرت بەسەر زەوییەوە نییە و نابێت. ئەم بڕیارە تەنها بەسەر تۆدا پیادە ناکرێت، بەڵکو بیروڕاو پرۆژەیەکی ڕاستەقینەی ڕێکخراوی ئێمەیە. بەتەواوی تواناماننەوە بۆی دەکۆشین. بێ شک ئەم بڕیارە تەنها تۆ ناگرێتەوە

سـەرەتا لـە دێی "حـاجی ئاباد"ەوە دەست پێدەکەین و لە داهـاتوویەکی نزیکدا لە دێهـاتی دیدا پیـادەی دەکـەین. یەکـێک لە وردە مـالیکەکـان هاتە جواو:

– باشە ئەم بڕیارە ئێمەش دەگرێتەوە؟

– ئەم بـڕیارەی ڕێکخــراوی ئێــمــە داویەتی بۆ تەواوی ئـەوانەیـە لە زەمـانی شـادا بەپێی یاسـای "چاک کـردنەوەی زەوی زار"ی زەمـانی شـا زەوییان کێڵاوە.

کابرای وردەمالیک لەبەرخۆیەوە وتی:

– بەخوا جوانە.

یاسـەمین لە کوردی تێنەدەگەیشت وتی:

– چیت وت؟

– یەکێکی دی بۆی وەرگێڕایەوە سەر فارسی.

– دەڵێت زۆر جوانە.

حەمزە ئاغا جۆری دانیشتنەکەی گۆڕی و وتی:

– خانم قسەکانی تەواوبوو؟

یاسـەمین سـەرێکی بۆ لەرزانەوە. حەمزەئاغا هـاتە قسـە:

– سـەرەتـا جـەنابت فـەرمووت دەبێت داوای لێبـووردنتـان لێ بکەم، وەک وابێت تاوانێکی گەورەم لێوەشـابێتـەوە. چییە وەڵڵا نـیو سـەعات درەنگم کـردووە. ئێــمــە بەپێـی ڕواڵی ئاداب و نـەریتــمــان هێنـدە بێ مــەعـریفــەت و مــیـوان ناپـەروەر نین، بەڵام شــێـوەی هـەناردنەکــەتان بەلامـەوە بێ ڕێزی و ناشایسـتە هـاتـە بەرچاوم؛ بۆیە بەقەسـتی درەنگم کـرد و بەچاکی نـەمـدەزانی بۆچی لە دووی منتـان ناردووە، شـتـێکم لێ

دەزانی بەڵام نەدەچووە عەقڵمەوە ئێوە ئەوەندە گەوجانە ڕەفتار لەگەڵ ئێمەو خەڵکی ئەم ناوچەدا بکەن.

یەکێک لە چەکدارەکان ئاڵۆزانە وتی:

– چیت وت؟

حەمزە ئاغا وەڵامی دایەوە:

– ئا، ئا چاکت بیست و وتم گەوجانە.

یاسەمین ئاماژەیەکی بۆ هاواڵەکەی خۆی کرد تا بێدەنگ بێت. هەمزە ئاغا هەستاو لەسەر دوو چۆک دانیشت پەنجەی ڕوو بەیاسەمین ڕاوەشاند و وتی:

– ئێوە بۆ لاتان وایە ئەوی تێی دەفکریەن هەوەیەو لێدوانیش دەربارەی نەشیاوە؟

یاسەمین ئاماژەی بۆ کرد:

– وەڵامت بدەمەوە.

– نەخەیر با قسەکانم تەواوکەم، ئەوجەلە.

– خانمی بەڕێز! دونیا گۆڕاوە، ئا گۆڕاوە. بەڵام حەق و حەقیقەت هەروەک خۆی ماوە. پێم سەیرە لاتان وایە ئێمە نۆکەری شا و دەوڵەتی شاهەنشاهی بووین ئەمە بیرو ڕایەکی هەڵەو خراپ و کاڵە. بنەماڵەو تیرەو تایفەی ئێمە پێشمەرگەی جەمهوریەتی مەهاباد و یار و یاوەری "پێشەوا" بوونە و زۆریشمان لێ کوژراوە. هەر لەم مەجلیسەدا دووان سیانێکیان کوڕی شەهیدن و دەربەدەری و چەرمەسەری زۆریشمان دیوە. ئێوە لەو ئەشکەوتی کەوانەی دێ کە مانەوەو لەنگەرتان خستووە و لێی بەزیون و بنکەتان لێ دروست کردووە، پێمان وابووە میوانن و

لێقەوماو. میوان وا لەگەڵ خەڵکدا نادوێت. بۆچوونەکانتان بۆنی زۆرو زەوتی لێ دێت. ئێمەش میللەتێکین بەپێی ڕابوردوو مێژوو نەچووینەتە ژێر باری زۆرو زەوت بەتایبەت ئەگەر زۆردارەکەش کورد نەبێت.

یاسەمین ئاڵۆز بووبوو. بەتەمای نەبوو لە ئاغایەکی کوردە لادێی ئەو جۆرە قسانە ببیسێت. بەتووڕەبوونەوە:

– ئێمە تێکڕا تەواوی میللەتی ئێران وەک یەک سەیر دەکەین و بۆی تێدەکۆشین.

– هەڵەکەتان لەوەدایە. خۆتان بەباوە پیارەی ئێمە دەزانن و دەی برن و دەیدوورن. بۆچی ئێمە هەتیوین؟ منداڵین؟ دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە ئێوەی فارس خۆتان کردووەتە برا گەورەمان.

یاسەمین قسەی بڕی و وتی:

– من فارس نیم لوڕم لوڕ.

ئەوسا بەفارسی قسە دەکەی، لەوانە گوزەشتە ئەو برا گەورەیە لەو ماوە درێژەدا لە وێران کاری و هەژاری و ماڵکاولی زیاتر هیچی بۆ ئێمەی کورد بەدیاری نەهێناوە. بنواڕە دێکانمان، ناوچەکانمان، شارەکانمان. ئەوی مەرجی ژیانە لەم کوردوستانی لای ئێمەیە وەدی ناکرێت. وا ئێوەش دەری ماڵتان پێگرتووین وەک وابێت لە وڵاتی ئێمەدا نەپیاوی تیادایە و نەبیرو نەکردەوە. خانم! باش باش گوێم لێ بگرە، ئێمە ئەوەندە بێ سەرو پاو خام نین. لاتان وایە هەرکەس بۆ خۆیەتی؟ بەسەد دووسەد چەکدارەوە دەمان تۆقێنن؟

ئەگەر بۆچوون و پرۆژەکەتان چاکەو مەردوم پەسەندە باشتر وایە هەڵی گری و بیبەی لەو بناری ئەسفەهان و شیرازە پیادەی کەی. لەوێڕاش چیای سەخت و بوڵەند لە کوردستانی لای ئێمە زۆرترە. ئەمە

ئامۆژگارییەکە دۆستانە پێت دەڵێم. ئێمە بێ خاوەن نین، ڕابوردووی ئێمەو حزبی دیموکراتی کوردستان هێندە خوێناوییە ئێوەمانانی تیا نووقم دەبێت. فەرمووت لە سبەینێوە فرم بەسەر زەوییەکانمەوە نابێت. ئەگەر لێم دەکڕی، نایفرۆشم. ئەگەر دەیدەی بەخەڵک، کوا ئەو خەڵکەی زەوی من داگیرکا؟ ئەگەر ئێوە بۆ خۆتان داگیری دەکەن، ئەوە ئێوەو ئەویش زەوی من.

– هەڕەشەمان لێ دەکەی؟

– هەڕەشە نییە. ئێمە پەل و پۆ و ڕیشوومان لەناو زەویدایە، بەئاسانی دەستی لێ هەڵناگرین. یەکێک لە دانیشتوان هەڵی دایە:

– بەندە بەرپرسیار و چاوساقی حزبی دیموکراتم، لەم دێیەدا دەژیم. وا دیارە بەلای ڕێکخراوی ئێوەوە ئێمە قنجکێ پیازیش نین. ئەم بەزمانەتان بۆ ناڕواتە سەر.

یەکێک لە چەکدارەکان قسەی کابرای دیموکراتی بۆ وەرگێڕایە سەر فارسی. کە تێگەیشت چپەیەکی بۆ چەکداری بندەستی کردو چەکدار هەستاو کابرای دەست گرت و پێی ڕاگەیاند بەفەرمانی ڕێکخراو دەست بەسەری.

کابرا قیڕاندی:

– بۆتان ناڕواتە سەر شار بێ خاوەن نییە.

کابرایان دا لە بەرو لە مزگەوت بەقۆڵ بەستراوی وەدەربرد بۆ ئەشکەوتی کونەگورگ.

یاسەمین ڕوو بەهەمزە ئاغا:

– وەک وتم نابێت توخنی ئەو زەویو زارە کەوی؛ ئەوە لە سبەینێوە هی جوتیارانە. هەستایە سەرپاو ئینجا ڕوو بەخەڵکەکە:

– ئێمە ڕوومـان کردوەتە ئەم دەشت و دەر و چیاو هەڵەتانە لەبەر دوا ڕۆژی ئێـوەیە، تا ژیانـێکی ئازادو داهاتـوویەکی بەخـتـیـارتـان بۆ دابین کەین. بۆیە دژ بەکەللە پووکەکانی جەمهورییەتی ئیسلامـی دەستمان داوەتە چـەک و ملمـلان و ئەم جـۆرە ژیانەمـان لـە پێناوی دوا ڕۆژی ئێوەدایە. ئـەشکەوتی کونە گـورگمـان کـردوەتـە جـێگەی زیندەگیـمـان تەنـها لـەبەر پاشـەڕۆژی چینی چـەوساوەی سـەرتاسـەری ئێـرانـە، بۆیە لەوەی دڵنیـاین چینی پێشێلکراوی وڵات لە هـەرکوێ بێت، سـا فـارس بێ یا کـورد یا بـەلوج یا ئـابادانـی و ئەهـوازی لایەنگیـری بیـروڕاو بۆچوونـی ئێـمـەیەو ئێـمـەش بەتەواوی توانامـانەوە بۆیان دەکـۆشـین. داوای هـاوکـاریتـان لێ دەکـەین. دروشـمـی سـەرەکیـمـان "زەویو زار بۆ جـوتیـارە کارخـانەش هـی کـرێکارە". پێش ئەوەی یـاسـەمین لە مـزگـەوت بڕواتە دەرەوە هەمزە ئاغا وتـی:

– خـانم! پرسـیـارێکم هـەیە. چاوەڕوانی ئا، یا نـای یاسـەمـین نەبوو، هەڵی دایە:

– لە سـایەی دەوڵەتـی شـاهەنشـاهـیـیـەوەو بـرا گـەورە فـارس زمـانـەکانمان، بۆ خـوا بۆ نموونە تاکـە کـارخـانەیەک لە سـەرتـاسـەری کوردوستـانـی لای ئێـمـەدا وەدی نـاکرێت، پێوەندی بەکاروبارو پرۆژەی سـەنعەتی و چوزانم ژەهری مـارییـەوە بێت. ئەدی پێم ناڵێی کـام چینی کرێکار؟

– جـارێک ئێـمـە زەویوزار بەسـەر جـوتیـاراندا دابەش دەکـەین، خـوا کەریمە بۆ کارگا و کرێکار. یاسـەمین لە حەوشـەی مزگەوت وەدەرکەوت بەرەو ئەشکـەوتی کونەگـورگ. هەمـزە ئـاغـا لـەبـەر خـۆیەوە بەدەم سـەر ڕاوەشـاندنـەوە:

– خۆمە ئەمانە دەڵێی بەنگیان کێشاوە. با شەممە لە مانگ ببڕێت ئەو دەم زەویوزاری ئێمەمانان دابەش دەکەن، ترِحێو!

## ١١٢

نیمچە ئاورێکی لە کابرای بندەستی دایەوە. لە کەرویشکە خەودا بوو، کڵاوەکەی کردبووە سێوەری چاوی. ئاوڕی چەرخاندە لاوە، وەک وابێت بڵێت لێی گەڕێ، ئەو لەمن پڕوپووچترە؛ وانەبا نەیاندەکردە سەرباز. نەڕەی ئۆتۆپوسەکە لە نێو ڕێگا پڕ لە پێچ و هەڵەتەکانی دەوروبەری خورەم ئابادا لە دوورەوە دەبیسرا. فەرهاد بیرو تێفکرینەکانی دەیاندا لەیەک و خۆی پێ ڕانەدەگیرا. جووڵانەوەی کوتوپڕی و ئاشوفتە و هەراسان بەچەپ و ڕاستدا دەینواڕی. ئاوڕی لای پەنجەرەکەی دایەوە بەفر نیشتبووە سەر پۆپەی چیاکان، زستان هاتبووە پێشەوەو یەخەی خەڵکی ترساوی لە بۆمباردومانی ڕۆژانەی هێزی ئاسمانی سوپای ئێرانی ئەوەندەی تر ئەندام و پەیکەری خەڵکە هەژارەکەی هێنابووە لەرزین. بڕێک بەلێواری جادەدا ئاژەڵیان بەرەو خوار و بەرەو ژوور دەبرد و لایان وابوو هەوارگەیان ناسراوە، ئەگەر بیگوێزێتەوە دەکەوێتە ئاسایشەوە. ترسی بۆمباردومانی ماشینی سەر جادەکان لە ئارادابوو. هەفتەی پێشوو چەندین ئۆتوپوسی موسافیر بەری کەوتبووە بەر بۆمباردومان، ناچار دەمەو ئێواران دەکەوتنە ڕێ. ئۆتوپوس لەپڕ برێکی گرت و دانیشتوانی نێوی زیرەو هاواریان لێ هەڵسا:

خوا خواو ئیمام و عەلی و عەباسیان هاتە دەمدا. لێخوڕەکە یەک ژاژور جنێوی بازاڕیانەو سووکی بەدەمدا هات بۆ ئەو ماشینی

ڕووبەڕوو تێپەڕی بوو. ماشێن دووبارە کەوتەوە ڕێ و هەرکەسە کەوتەوە چاڵ و هەڵدێرگای بیرو گرفتاری خۆیەوە. شەڕو پەل و پۆی شەڕ هەمووی گرتبوویەوە.

فەرهاد کڵاوی سەربازی لەسەر لابرد. سەری پاک تاشراو بریقەی دەهات، دەستی هێنایە سەرسەریداو ژەندییە سەربازی بندەستیەوە:

– خەڵکی کوێی؟

– خەڵکی کوێم، ئەم دونیا کاول بووە پڕ لە سەگبابە. فەرهاد سەری خستە بناگوێی کابرای سەرباز:

– خۆ لە مەریخەوە نەهاتوویت. کام شارو لە خۆڕا جنێو بەخەڵک بۆ دەدەی؟

– دیدەم و زیادیش. کرماشان.

– خودی شار یا ئوستان.

– کام گەڕەگ؟

– چوار ڕێی ئوجاق.

– منیش منداڵی نێو شارم.

– بۆ کوێ نێراوی؟

– سوپای "محمد ڕەسول اللە" لەشکری بیست و یەک گوردانی دوانزە.

– منیش بۆ هەمان جێگە دەڕۆم.

– کەواتە پێکەوەین.

– بەم شێوە قۆناغی یەکەممان شاری "خورەم ئاباد"ە؟

– ناچارین شەو لەوێ بمێنینەوە.

- هۆتیلی تیادایە.

- پڕی پڕە لە پێنج ئەستێرەوە بیگرە تا ئەوی خۆت دەتەوێ.

- گاڵتەم پێدەکەی؟

- لاقرتێشی بخە پاڵ.

- ئەی چی بکەین؟

- لە یەکێک لە مزگەوتەکاندا لێی دەرمێین بەبەیانیدا گوردانەکەمان دەدۆزینەوە.

- ڕاستی نەتوت ناوت چییە؟

- کۆرش.

دەستی بۆ کۆرش درێژ کردو وتی:

- منیش فەرهاد. دەڵێن گوردانەکەمان بەسەر هێڵی ئاگر و شەڕەوەیە.

- ئەم نەواری سنووره هەموو وەک یەک وایە. سەرێکەو هێناومانە، گەڕانەوەی بەدەستی خۆمان نییە.

- لات وایە.

- کوشتارەکە بێ ڕەحمانەیە.

- بەم حیسابە ئەمڕۆ بێ و سبەی بێت هەر دەبێت بکوژرێین.

- چی تیادایە؟ ئیمام و سەدام خۆش بن هەزارانی وەک من و تۆ بەقوربانی چرکەیەکیان بێت. کۆرش دای بەسەر ڕانی فەرهاد دا و وتی:

- ئێمە قوربانی بێ ناوونیشانی ئەو دوو زرتە بۆزەین. دەکوژرێین بەدەرەک و ئەسفەلە سافلین.

– یانی لە ئێستاوە ئەشهەدمان بخوێنین؟

– نەشیخوێنی هەر کوژراوی؛ هیچ لە مەسەلە ناگۆڕێت. پێت وایە دەکوژرێیت بۆ چارەیەکی خۆت ناکەی.

– چارەیان هێڵاوەتەوە؟ ڕوو لە هەرکوێ کەیت ئاسمان یەک ڕەنگە.

– من وای بۆ ناچم.

– لەو فەلسەفە بافیانە گەڕێ. ئەمڕۆ تەنها زمانێک باوی هەیەو هەموو جێگیرە، زمانی شەڕو مردن و ئیسلامی ئازیزەو بەس.

– لەمێژا چ کارە بوویت؟

– بەرگدوور.

– تۆ چی؟

– من...؟

– کەسێکی دی لە نێوانماندا دەبینی؟

فەرهاد کەوتە بیرەوە چی بڵێت باشە. تۆزێک ڕاوەستاو وتی:

– پەیکەرساز.

– لە کوێ تەواوت کردووە؟

– تەواوم کردبا لە بندەستی تۆدا نەدەبووم، دەبووم؟

– مومکینە، بەڵام ئەی چۆن؟

– ئەی چۆنی ناوێت. من بۆخۆم فێربوومە و لە ڕووی عشق و عەلاقەوە. بابم کارخانەی بەردتاشێنی هەیە.

– نەیدەتوانی بەپوول و پارە کارێکی وا بکا لەم مەنجەنیقە دوورت خاتەوە؟

– باوکم مردووە.

– خۆت چی ؟

– کۆشام، نەمتوانی.

– باشە بەیەک دەخۆین؛ ئەتۆ پەیکەر بسازێنە و ئەمینش بەرگی بۆ دەدوورم. لە نێو گوردان و شەڕدا خۆمان دەکەینە ڕمووزن.

– بەم سەری تاشیاوە ڕمووزن هەین، نین؟

کابرای لێخوڕ بەدەنگی بەرز وتی:

– سەڵەواتێک بنێرن.

– ئەلاهومەسەلی ئەلا موهەمەد وە ئەلا ئالی موهەمەد لە نێو ئوتوپوسدا دەنگی دایەوە.

خۆر نیشتبوو. شاری خوڕەم ئاباد چرای تیادا نەدەبینرا. خامۆش و سوت و کوێر، تەواوی شار لە ترسی بۆمباردمانی شەوانەدا پەردەی پەنجەرەکانیان دادابوویەوە.

فەرهاد و کۆرش هەر یەکە سووکە ژانتایەکیان بەدەستەوە بوو بەدوای مزگەوتدا دەگەڕان. چەند پاسدارێک بەلای ماشینێکەوە ڕاوەستابوون. یەکێک لە پاسدارەکان بەرەو ڕوویان هات:

– دەی بەڵگەنامەکانتانم بدەنێ ؟ کۆرش وەڵامی دایەوە:

– سەربازین و هاتووین پەیوەست کەینە گوردانەکەمانەوە.

– ئەوە بەجێی خۆی. نووسراوێک، کتاوێک، نامەیەک خۆ دەبێت لەگەڵتانا بێت، پێتانە؟ فەرهاد زانی دوان و قسە بەزۆران دان لەگەڵ پاسدارانا گۆبەنی بەدواوەیە. بەڵگەنامەی خۆی لە گیرفان وەدەرهێناو بۆی درێژکرد.

کابرا چرا دەستییەکی گچکەی لە گیرفان وەدەرهێناو خوێندییەوە. کۆرش وتی:

- هی منیشت دەوێ؟

- ئەڵبەتە.

فەرهاد:

- برادەر مزگەوتێکمان پێ نیشان بدە تا هەنوزێکی تیادا کەین؟

پاسدار ئامازەی بۆ کۆڵان و کووچەی ئەولا کردو ویستی بڕوا کۆرش وتی:

- ژەهری مارخانەچی؟

کابرای پاسدار نیوە لا هەڵوێستاوە:

- چیت وت؟

- چیم وت، بەدوای چێشتخانەیەکدا دەگەڕێین شتێک زەقنەبووت کەین.

- دەستی ڕاست بگرن و بڕۆن دەیدۆزنەوە. بەرەبەیان تاریک و ڕوون بەدەنگی تەقینەوەیەکی یەکجار گەورەدا فەرهاد و کۆرش بەخەوەر هاتنەوە. دەنگی فڕۆکەی جەنگی ئێراقی لە ئاسمانا دەبیسرا. کۆرش لەژێر لێوەوە وتی:

- گوێی مەدەرێ سەدام دەزانێت هاتووینەتە هانای ئیسلامی ئازیزەوە بەخێرهاتنمان دەکا.

١١٣

یاسەمینی ئازیزم!

نازانم ڕاستەقینەی تفت و تاڵی میللەتەکەمانە یا دەستی ڕێکەوت، هەر دەسەڵاتدارێک بیەوێ زەبرو زۆر بنوێنێ دەبێت بەندەی فیداکار لە کونجی زیندان بترنجێنێت. ئەڵبەتە مایەی شانازییە چاوی دوژمن، من بەنموونەو کەرەستەو هەوێنی ململان و بەرانبەرکێ دانێت و لە تاوا و لە ترسا قۆڵبەستم کا و هەوڵی لەناوبردنم بکاتە کاری سەرەکی خۆی. پێم سەیرە هەمان زیندان وا من و تۆی تیادا بووین، هەمان چوار دیوار بەکردار خوێناوی ترەوە بەڕەفتاری گەلێک دڕندانەترەوە؛ تەنها دەم و چاوەکان گۆڕاون. زیندانی قەسر هەمان زیندان نییە. سەد ڕەحمەت لە کفن دز. کوشتنی بێ لێپرسین، دادگای بێ دادی ئاغای خەڵخاڵی نیوە دیوانەی ئاشفتەو ئاڵۆز لە کوشتن و بڕین و ئەشکەنجەدانی شەوانەدا بەردەوامە. هاوارەکان خنکاو تەمەنناو ناڵەو نزاکان نەبیسراو سەرئەنجام بەرەو خامۆشی هەتا هەتایی. بۆخۆت ئاشنایی تەواوت لە ژیانی نێو چوار دیوارو چاوەڕوانی مەرگ و بێ دادگەریت هەیەو تاقیت کردووەتەوەو لێی بیانی نیت؛ بەڵام یاسی ئازیز! دونیای خەڵخاڵی و زیندانی قەسری ئێستا لەگەڵ هەواو هەناسەی ساواک و زیندانی قەسری سەردەمی هەردووکماندا لەیرا تا دۆزەخ جیاوازە ئەم گۆڕستانەی منی تیادام هەر قوژبنێکی پڕ لە ترسە پڕ لە هەراسە پڕ لە ڕازە. لەیرە هەرکەس بۆ خۆیەتی. ئەوانەی

ببڕو بكوژی ئەیران، ترسیان لە كەس نییە، پرس بەكەس ناكەن. ئەوی دەیانەوێ دەیكەن، ئەوی بیانەوێ دەیبەن، ناپرسن بەچەن. كۆمەڵەیەكی لپولەوس خوێناوی تێر نەخۆر بچووكترین سزا بێ بەڵگە هەروا بەئاسانی مردن و مەرگە. لە قاوشێكداین هەشتا كەسیان تیا تۆپەڵ كردووە بەسەر یەكدا. سیاسی و دز و تەڵەكەباز و قاچاخچی هیرۆئین و حزبیشمان تیادایە نرخ و بایی و قیمەت و ئەرزش بۆ كەس دانانەن. هەمووومان هیچین؛ نە ناومان هەیەو نە نیشان. ئەوی لەیرا ون و نادیارییە وژدانەو مافە. ئەوی كۆتایی بەباس و درۆو ڕاست دێنێ گوللەیەو دیواری ئەڵلاهو ئەكبەرە. یەك دوو ڕۆژی سەرەتا وا تێنەدەفكرام. منێ باران دیدەی هاوڕازی شەوان و ڕۆژانی چواردیواری زیندانی تەنگ و تاریكی تاك ژیانی پڕ لە دەرد و ئێش و خاڵی و بەتاڵی تەواوی تەواجدی ئینسانی كە تووڕیان دامە گۆشەیەكەوە سەدان چاوی پڕ لە ترس و پەل و پۆو ئەندامی لەرزۆكی تەوهین پێكراوم هاتە بەرچاو. ئێوارە بوو درەنگ وتیان:

– ئەمشەو بەزمیانە.

هێندە گوێم نەدا بەو دوو وشە كورت و كەمە. ئێ بەزمیانە، لێیان گەڕێ با بەزمی خۆیان بگێڕن. هەر كەسێك بەشێوەیەك بەزم دەگێڕێت بەجیاوازییەكی كەمتر یا زۆرتر. بەندە شێوەی بەزمگێڕانی ئاخوند جەماعەتم بیستبوو، ئیدی لام وابوو ئەمشەویش یەكێكە لەو بەزمانە. بەڵام ئەوی ئاشوفتەو نیگەران و تۆزێك هەراسانی كردم ترس و تۆقیانی بەندییەكان بوو. زۆریان زمانیان لە دەمدا بۆ نەدەچەرخا، ڕەنگ و ڕواڵەت زەرد هەڵگەڕاو، پەل و پۆو پەنجە پڕ لە حەشۆكەو لەرزین وەك وابێت بای قوتبی باكوور هەڵی كردبێت. ئەوە ئەو خەڵكە بۆ وادەكەن؟ خۆمە دەڵێی جادووكراون.

زۆری نەخـایاند "قـادر" هاتە ژوورەوە. قـادر پاسـدارێکی دڵڕەقی تا بڵێی نامـەردی دەوروبەری خـەڵخـاڵی بوو. هەمـووان دەیـانناسـی، بەندە نەبێت. لە خـوو خـسڵـەتدا گورگێکی دەم خـوێناوی پارچە ئاسنێک لە نێو سنگیدا لێی دەدا بەناوی دڵ. هەمووان بەرزەپا لە بەری هەڵسان و جگەرەکانیان کوژاندەوە و ڕەپ و ڕاست و بێدەنگ ڕاوەستان. برێکیان لەرزینی لەشـیـان زۆرتر دەبینرا وەک کـارەبا گـرتوو گلینەکـان نەدەجووڵان. بەرزەدەنگ وتی:

– حاجی ئاغا، دەیەوێ بێت.

قـادر لێی داو ڕۆیشتـە دەرەوە. برێک پاو و لاقیـان توانای قـورسـایی لەشیانی نەمـاو لەیراو لەوێ چەند دانەیەک ڕمان و خۆیان پێڕانەگیرا. لە دڵا دەموت:

– ئەوە ئەو خـەڵکە بۆ وایان بەسەردا هات؟ مـەگەر دیۆو ئەژدیـها یان وەباو چاوەقـوڵە دێتـە ژوورا؟ هەمـووان هـەر یەکە سـەیری ئەوی دیکەی دەکـرد و دەیانزانی ئەمـشـەو حـەوت کـەس لە مـیـوانی "حـاجی ئاغـاو مـەشـدی جـەبار"دا بەشـدار دەکرێن و ڕۆشنـایـی ڕۆژی داهـاتوو نـابینن. کێیە ئەو حەوت کەسە؟

لە کـلاوێنی "حـاجی ئاغـا"دا ئەو حـەوت کـەسـە کـێن "فت" دەکـرێن، کەس نـەیدەزانی. ئێسـتا لام ڕوون بووە خـودی "خەڵخـالی"یش نازانێت ئەمـشـەو کێ دەکوژێت. ئەو لە چرکـەیەکدا بڕیاری مـەرگ دەدا. تاوان و بێتـاوان و بەرزی باڵا و کورتە باڵا و قـەڵەوو لەڕی لا نییـە، ڕەنگە دەم و دانی یەکێکی لا نـاپەسـەند یا لووت و ئەبرۆی یەکێکـی بەدڵ نەوێت لەم سـاتەدا پەنجەی مـەرگی دەخـاتە سـەرو بەرەو دیواری ئەلاهولئـەکبـەری دەنێرێت. ئەو شانۆی خوێناوییـە هـەر دەمەو ئێوارەیەک لەلایەن "حاجی

ئاغا"وە کارگەردانی دەکرێت. تەواوی ئێمە چاوەڕوان. شەوی یەکەم و دووهەم خۆمم لەوان جویێ دەکردەوە، هەر دەبا واش با. هیچیان لە من نەپرسیبوو. بەدروستی تاوان و تۆمەتی خۆمم نەدەزانی، نابێت وەک ئەوانی دی بم. بەم ئاسانییە کوشتن و لەناوبردن نەدەچووە عەقڵمەوە تا بۆم دەرکەوت لە من بێتاوانتریش کەوتووەتە بەر مەزاج و تەوحی خوێناوی حاجی ئاغاو من چۆن نانێرێتە لای دیوارە خوێناوییەکەی؟

زۆری نەخایاند هاتە ژوورەوە. سەرتاپا سپی پۆش، ورگێکی باکردووی نامەوزوون، بالاو بنەیەکی کورتی مێکوتی زۆرتر لە زالویەکی هەڵئاوساوی گەورە دەچوو. نازانم بۆ یەکەم جار کە دیم پێم وا بوو ورگی ملّقی خوێن دەدا.

چەند پاسدارێکی لە وژدان بێخەوەر لە پشتیەوە ڕاوەستان و هاتنە پێشەوە. چاوە ساردەکانی وەک هەڵماتێکی شوشەی بێ ڕۆح و گیان سارد ساردێک چەرخاند و پەنجەی خستە سەر یەکێک لە ڕاوەستاوەکان و قیڕاندی:

- قەحپە دایکی دایک خۆگێی گەواد! تۆ مردووی.

لەو تێپەڕی و پەنجەی بۆ یەکێکی دی ڕاکێشاو لەسەر خۆ وتی:

- بەه! بەه! جەنابی تیمسار، کەللە زلی قەحپەژنی تاغوتی! بۆچی تا ئێستا زیندووی؟ حەیف بۆ ئەو هەموو ئۆکسیژنە نازدارە وا هەڵت مژیوە. ئەگەر هەتاوی سبەی ببینی، لە تۆ نامەردتر بم.

ئەوە "حاجی ئاغا جەبار" ناوەکان یاداشت دەکا یەکێک لە پاسدارەکانی پشت سەری "حاجی ئاغا" پای لە خەرمانی کەوشی بەر دەرگا هەڵکەوت و کەوت. "حاجی" لای کردەوەو نەڕاندی:

- مەگەر کوێری؟

هەروا حـاجی لەسـەرخـۆ دەهاتە پێـشـەوە، پلێکی تەقـاندو ڕوو بەیەکێک لە ڕاوەستاوەکان وتی:

– تۆی نامەردیش "ئەلویداع" کابرا بوورایەوە سەر زەوی. حاجی تا توانی شەقێکی مالاندە چەناگەیدا. بەو شێوە شەشی هەڵبژارد و گەیشتە بەندەو پەنجەی دۆشاومژەی یەک دووجار بەرەو من جووڵانەوەو منیش لە سەرخۆم وتم:

– لەگەڵ منتە؟

– بێ شەرەف! مەگەر لەگەڵ دایکتمە؟ وەرە پێشەوە. هەنگاوێک ڕۆیشتمە پێشەوە. یەک دووجار بەدەورما گەڕاو لەسەر خۆ وتی:

– بۆ خۆی خۆیەتی. هەمان دەرباری ناکەس بەچەی ساواکی. چیت پێ بکەم؟

– وەڵامم نەدایەوە.

– لەگەڵ تۆمە هەی لە قەحپە بوو. (ڕوو بەجەبار) عەبدول جەبار ئەم کابرایەم ئەمشەو بۆ بکە بەدۆشەک، جارێک زۆر زووە بۆ دیواری پیرۆز. لی لی خانمت با ئەم جارە ڕزگارت کا. بەتووڕەبوونەوە شێتانە سێ چوار جار توند توند دای بەسەر سنگیدا و نەڕاندی:

– ئەوە منم من. حەوت باڵت هەبێت هەر حەوتی دەشکێنم. حەوتەمیشی هەڵبژارد و لە "قاوش" ڕۆیشتە دەرەوە.

حەوتەمین وەک منداڵێکی دایک مردوو بەگریان و نالان دەستی لە یەخەم گیرکرد و بەگریانەوە:

– لە ڕێی خوادا لە ڕێی ئایین و وژدانا کارێکم بۆ بکە. ئاخر من یەکجار بێ تاوانم، منداڵدارم، فەقیرم. ئەسڵەن نە ئەوسا و نە ئێستا

هیچ نەبووم و کارم بەکاری کەسەوە نەبووە. کاتێک بێ دەنگی منی وەدی کرد زانی من لەو بێ تواناو بێ دەسەڵاتترم و هیچ لەدەست. ئەوە دەمبەن بۆ ئەشکەنجەو دارکاری. هەمووان دەگریان. ناڵەو زاری هەمووان دەگەیشتە ئاسمان، هەتاوەکو ئەوانەی وا هەڵنەبژێرابوون ئەوانیش دەگریان. ڕوخساری مەرگ دەم و دانی خۆی پێ نیشان دابوون.سەرئەنجامی خۆیانیان دەزانی؛ ئەمڕۆ نا سبەی، دووسبەی، سێ سبەی. شانۆی خوێناوی "حاجی ئاغا" تەواوی ڕەنگەکانی بەخوێن نووسرابوو. دەر و دیوار و پانیل و ڕەنگ و دەنگی سەرچاوەی لە کانیاوێکی خوێناویدا هەڵدەقڵوپا. زایەڵەیەکی شێتانە لە نێو "قاوش"دا بەدەنگی جۆراوجۆری بەرز و نزم دەنگی دەدایەوە. شەهاب قومی کێبڵ بەدەست هاتە قاوشەوە لە یەکەمین کەسەوە دایگرتەوە بێ دەست پارازتن بەهەرکێدا گەیشت پیامالی لەگەڵ جنێوی چوار سووچەی سووکدا تەنها لە کووچەو کۆڵانەکانی "شاری نوێ"دا نەبێت لە هیچ لایەکدا بەدەمی کەسدا نەدەهات. بۆ خۆیشی پەروەردەی ئەو گەڕەکە بەناوبانگە بوو تا لە ناوچوونی دەسەڵاتی شا بووبووە شۆڕشگێڕ و خۆی پێچایە پاوپل و ژێر عەبای "حاجی ئاغا". لای وا بوو ڕابوردووی لەگەڵ "ئازیتا" ئابادانیدا لە بیری خەڵکی چوەتەوە. ناوی هەر هەشت کەسمانی خوێندەوە. حەوتمان بۆ لای دیواری مردن منیش بۆ بەدۆشەک کردن. کەوتنە وەسیەت و پەیام هەناردن. ئەگەر ژنەکەم، ئەگەر کوڕەکەم، ئەگەر و ئەگەر هاتن و وا بڵاو وا بکەن. شەهاب قومی نەڕاندی:

– بکەونە ڕێ حەرامزادەکان! لە دەرگای "قاوش" وەدەرمانیان برد. ناڵەو نزای پیاو و ژنی ژێر ئەشکەنجەو لێدانی بێ ڕەحمانەی

شــەوانەی بێ دادگــەری "حــاجی ئاغـا" لە ڕاڕەوەکـانی بەندیخــانەی قـەسری قـەجـەردا دەگـەیشتـە ئاسمانـی بێدەر و پەیکـەری کەڕو کوێر. بەچەند پلـەیەکدا سـەریان خستین. ئەوی لە پێش منەوە بوو، دوو پای سیس بووبوو. نەیدەتوانی لـە پلەکان سـەر کەوێ. بەربووبۆوە بـەسـەر مندا لـە تاوا دەلەرزی. لە باوشـمـا: تۆ دەڵێی تەواوە؟ بۆ خـوی وەڵامـی خـۆی دەدایەوە: ناکـرێت بەم ئاسـانیـیە بمانکوژن، گـاڵتـەمـان لەگـەڵ دەکـەن دەیانەوێ بمـانتـرسـێنن، تۆ ناتـرسـیت بێگومـان شـتـێکـی لێی دەزانی. چەند شـەو پێش یەکـێکیـان بـرد بۆ ئیـعـدام کـردن دوای دوو سـەعـات زیندوو گـەڕاندیانـەوە. شـەهـاب قـومـی بێـڕەحـمـانـە دایە بەر کـێبـڵی ئەسـتـوور هـەرچی وێزەی هـەیە لە خـوێنا سـووری کـرد بەدەم جنێودانەوە:

– لاتان وایە مـوفت خـۆری بێ پارەو پوولـە؟ ئەوە نییـە چەندین سـاڵە بێ پارەو مـەواجـیب هـەوا دەخـۆن، هەوا. ئەم هـەوا نـازدارە دەرمـانە بۆ سییـە گەنیاوەکانتان. ئەمشـەو ئاخری خەتتانە. لە ژوورێکدا کـۆمەڵیان کـردین. پاسدارێکی تازە پێـگەیشـتـوو لە پشتی مـێزێکەوە دانیشـتبـوو. بەدەست ئاماژەی بۆ قەڵەم و کاغەز کرد و خوێنساردانە:

– بنووسن.

کاتێک سەرسامیمانی دی ئاڵۆزانە وتی:

– ئەشـهـەدوتان بخوێنن و وەسیەتنامـەتان بنووسن.

بە هـەمــوومــان پێنووســێکیــان بۆ دانابووین. بـڕێک بەپـەلە هاتـنە پێشـەوە تا زووتر وەسیەتنامـەی بنووسێت، من هـەروا کەمتەرخەم کوڕە گەنجەکە ڕوو بە من:

– جانەوەر تۆ بۆ نانووسیت؟

شەهاب وەڵامی دایەوە:

– ئەمەیان ئەمشەو ئیعدامی نییە تەنها میراز گرتنە.

کوڕە گەنج وەک وابێت لە بەشی کەم بووبێتەوە تفی لە دەمیا سووڕداو کردییە ناوچاوانم، لەژێر لێوەوە:

– حەیف چەند ڕۆژێکی دیکەیان پێ بەخشیوی. موفت خۆری وەڵەد زنا. منیان لەوان جیاکردەوە، ئەوانیان بەرەو حەوشیە و لاباڵی دیواری ئەلاهولئەکبەر برد.

یاسی گیان!

سەد خۆزگەم بەمەرگ. لەم گۆڕستانە هەر ساتێکمان دونیایەک مەرگە، تەوهینە، برینە، نفرینە. من و تۆ زەمانێکی زۆرمان لە سیاچاڵی مەرگی ساواک و شادا گوزەراندووە. هەر سات بەتەمای پای قەنارە، هەر ساتێکمان بەساڵێک لێ دەگوزەشت. ئەمما ئەو لە کوێ ئەمەی منی تیادام لە کوێ. بێگومان هێزێکی گەورەی گەورە، گەورەتر لە هێزی مرۆڤ دەیەوێ تۆڵەم لێکاتەوە. ڕەنگە بڵێی کابرا خەرەفاوە یان هەرووژاوە. باوەڕ کە هیچکامیان نیم. مەرگستانی "خەڵخالی" شتێکی دییە. ئەمانەی بۆت دەنووسم بەئەرکێکی وژدانی هەروەها ئینسانی دەزانم. پێویستی سەرشانی ڕێکخراو و تەواوی حزب و بەرە ڕۆشن فیکرەکانە ئاوا عالەمێک ڕسواکەن و دەستیان ڕوو کەن بۆ دونیای ئازاد و بەفەرهەنگ.

بەندە نامەی ئەم هەفتەیەم لەیرەدا دەبڕمەوە. لە هەرکوێ بیت بەئومێدی دیدار.

– من –

وەک بارانی بەهار تۆپی "خمسە خمسە" و سەدو پەنجاو پێنج ملیمەتر دادەباری. تانکی پەنجاو دووی هێزی زرێپۆشی ئێراق لە چەندین لاوە بەچەپ و ڕاستدا دەیتەقاند. فەرهاد و کۆرش لە چاڵێکدا وا پەل و پۆو سەروموقڵیان تێکەڵاو بووبوو هەرکەس بیدیتبان سەرسامانە لەیەکیانی نەدەکردەوە. دووسێ هیلۆکۆبتەریش پەیتا پەیتا موشەکی دەتەقاند. هەردووکیان هاتبوونە نزا و ناڵە و دوعا. فەرهاد لەبەرخۆیەوە دەیبۆڵاند:

– خوا گیان! هەر ئەمجارە ڕزگارم کە، بزانە شەڕو لەشکری موحەمەد ڕەسولەڵا ناکەمە خەو، ئا تۆ هەر ئەم گلە فریام کەوە.

کۆرش دەمی لە بناگوێی فەرهادا بوو:

– تۆ بڵێی ئەم بۆمباردومانە چڕوپڕە هێرشی بەدوایەوە بێت؟

– ئەگەر بەدوایەوە بێت، بەدیل گیراوین.

– لە مردن باشترە، شەڕ تەواوبوو ئازادمان دەکەن.

– ئەگەر پارچە پارچە کراوم، بۆی دەردەچم.

– بۆی ڕا دەکەی؟

– ئەی ئاوا لەسەر هیچ و پووچ بکوژرێم؟

بۆمباردومان کەم بووبوویەوە. کۆرش هوشیارانە سەری لەچاڵ بەرزکردەوە. دیارە بنکرِی بەختمان بەقازانی شەڕەوە ماوەو ئەم

ئاگــربارانەی وا دیمان هێــر شی بەدواوە نەبوو. هەروا ســـەیری دەوروبەری دەکرد پرسی:

– جێگەی متمانەدارت بۆ خۆت پەیدا کردووە، ئەگەر هات و بۆی دەرچوویت؟

– دەســتی ئاخــوند جەمـاعـەتم پێ ناگـا. ئەوە بۆخـۆی زۆرە یانی بەردەوامیی زیندەگی و ڕەنگ و ڕوخساری مەرگ.

– پاسدار چی؟

– ئاخوند یانی پاسدارە پاسدار یانی جوجکەی ئاخوند.

– دیارە نهێنییە و ناتەوێ بیدرکێنیت؟

– من لە ڕۆژی یەکەمەوە باوەڕم بەتۆ بووە. ئەمە مـانگێکی ڕەبەقیشە پێکەوەین هیچت لێ ناشـارمەوە. ئەم مۆڵەتە گەڕامەوە نایەمەوەو بۆی دەردەچم.

– دە شەقت پێ بردم بۆ کوێ ملت دەشکێنیت؟

– وەک وتم هیچت لێ ناشارمەوە. دەڕۆم بۆ کوردوستان.

– کوردوستان؟

– لەوێڕا چەندین تاقم و گرووپ لەگەڵ دەوڵەتدا شـەڕی چەکدارانە دەکــەن. هـەزارانی وەک مـن و تۆی تیــا ون دەبێت. من لەوێ خــزم و خوێشم یەکجار فرەیە؛ مەبەستم کوردوستانە.

– لەگەڵتا بێم، دەمبەی؟

– بۆچی نا؟ ئەوێشــمـــان بەدڵ نەبوو، دەڕۆینە ئەودیوا. لەوێڕاش خزمم زۆرە. من دایکم عیراقییە و کوردە و خەڵکی سولەیمانییە.

تەقــە بڕابوویەوە. فــەرهاد و کــۆرش لە چاڵ وەدەر هاتن. بڕێک

کـوژرابوون، بـڕێک بریـندار و هـاواریـان دەکـرد و بڕێکیش خـۆڵاوی و تۆقیاو. کۆرش لەژێر لێوەوە بۆڵاندی:

– "ئەگـەر ئیـسـلام ئازیزەو شـەهادەت ئاواتـە". بنوارە بزانە بۆ خـوا ئاخـوندێک لـەم دەوروبەرە وەدی دەکـرێت. دیارە مـردن بۆ ئێـمـەیە و زینـدەگی و ئاسـایش تـەنهـا بۆ ئاخـوند جـەمـاعـەتە و بەس. دەنگی ئاچیـری ئەمـپـولانس لـە دوورەوە دەیقـیـژاند و نزیک دەبوویـەوە. لەیراو لەوێ تەرمەکانیان کۆ دەکردەوە بەئاسمانەوە گرمەی فڕۆکەی جەنگی هات، دووبـارە خـەڵکەکـە هـەر یەکـە خـۆی هـاویشـتـە ناو نـزیکتـرین چاڵەوە. دوو فڕۆکەی بەرزەفڕ بەئاسمانەوە لە ڕۆژئاواوە بەرەو قووڵایی نێو ئێران ئاسمانیان دادەدڕی؛ هەروا مانەوە تا یەکێک نەڕاندی:

– گـۆڕیان گـوم بوو، وەرنە دەرەوە. دەنگەکـە سـەروان بـەشـیـری فـەرمـاندەری هێـزی یارمـەتیـدەری هێڵـی یەکـەمی جـەبهـە بوو. بەدوایدا چەندین جار شـاوری لێدا. دەمـانزانی ئەو جۆرە لێـدانی شـاورە یانی "خـێرا کۆبنەوە". هـەمـووان گورج و گـۆڵانە بەرەولای سـەروان بەشیـری وەڕێکەوتین، ئاوڕێکی لە هەمووان دایەوەو وتی:

– ئازا خـۆتـان کـۆکـەنەوە، تا یەک کـاتژمـێـری دی کـۆمـەڵێکی دی جـێگەمـان دەگـرنەوە. ئێـمـە دەگـوێـزنەوە بۆ دەڤـەری سـەرپـێڵ زەهاو. جۆرێکی دی شاوری لێدا هەمووان بڵاوەیان لێکرد بۆ خـۆکۆ کردنەوە. فەرهـاد بەهێواش:

– خێری پێوە بوو؛ ئەم جەبهەیە مەرگستانە.

کـۆرش پـەڕۆ و پاتاڵـی خـۆی دەخنیـە نێـو ژانتـایەکی بچکۆلانەی دەستیەوە لەبەرخۆیەوە:

– خـێر؟ خێـر لەم وڵاتە دامـاوە؟ بۆ هـەرکـۆیمـان بنێـرن هـەمـانە. تۆش ڕانەکەی، من دەیکەم.

– گەوج مەبە، دوو ڕۆژمان ماوە بۆ مۆڵەت پێدان. بێ ئەو پسووله گرفتار دەبین. ئەوەشت لەبیر نەچێت لەو دەڤەرە لەگەڵ کۆمەڵە کوردە چەکدارەکاندا ڕووبەڕووینە لەوێڕا بەئاسانی دەتوانین بۆی دەرچین.

یاســەمین ڕانەک و چۆخــەیەکی خــاکی لە بەردابوو، جــامــانیــیــەکی پێــچــابووە ســەر و زڵفــیــیــەوە. لەگـەڵ چەند چەکدارێکدا هاتنە پیـری دوومــاشــێنی پیکابی لەندکـرۆزەرەوە. چەند کـەسـێک لە مـاشـینەکـان دابەزین و لەگەڵ یاسـەمین و هاوەڵەکانیدا تەوقەیان کـرد و گەڕانەوە بۆ نێو بەنگەڵە دروستکراوەکان.

لە دەوروبەری ئـەشکەوتی "کـونە گـورگ" چەندین بـەنگەڵە و خــانووی قــوڕینیــان ســازاندبوو. ســەرجــەم دووســەد کـەســێک لە کـۆمــەڵی چـەپڕەوەکـــانی ئـەمـــلاولاو شــــارەکــــانی دوور و نـزیکەوەی ئێـــران کــۆبووبــوونەوە. لە نێــویـاندا کــوردی چەپڕەو بـڕێک لە جــوتیــارانیش دەبینران. تێکەڵیـیـەکی جـۆراوجـۆر سـەیر بوون، کـردار و ڕەفتــاریان بووبووە هەوێنی باس و ڕازو نیازی خەڵکی ناوچە.

کـاک هەڵۆ ڕوانی وا برادەرانی چەپڕەوی نیـشـتــەجـێی ئەشکەوتی "کـونـە گـورگ" چاوەڕوانیـیـەکی شـاراوەیان پـێ دەبینرێت لە کـاتێکیـدا چایەکەی بەردەستی تێکدەدا ڕوو بەیاسـەمین:

ـ ئەم وڵاتە هـەمیشـە پشت و پەنای لێقەومـاو بووە. بمـبوورن کە دەڵێم لێقەومـاوان. ئێمـەش کە خەڵکی ئەم دەڤەرەو ناوچەکانی کوردوستـانیش ئاوا ژیانێک کە ئێستا تیایداین بەلێقەومانێکی ناچاری دەزانین. ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی بیرو فکری بەلای میللەتانی نێو ئێرانەوە بێت و دان بەمـافی ڕەوای میللەتان و بەرە سیاسییەکـانی نێو وڵاتدا بنێت و بەم

شێوە سەرەتاییە مامەڵەی لەگەڵ داخوازی خەڵکەکەدا نەکردبا ئەم جۆرە ژیانەمان هەڵنەدەبژارد و بێگومان جگە لە شەڕوشوڕو بیگرەو بەردەی ململان ئەم جۆرە ژیانە بۆخۆی پڕە لە ناهەمواری و لێقەومان.

بەندە بەناوی حزبی دیموکراتی کوردستانەوە بەخێرهاتنتان دەکەم و ئەوی لە دەستی ئێمەش بێت بۆ ئاسایش و ڕەخساندنی چۆنیەتی ململانتان بێت درێختان لێ ناکەین. میوان بەلای ئێمەی کوردەوە خاوەنی دونیایەک ڕێز و حورمەتە.

بەڵام با ئەوەشتان پێ بڵێم لە تەواوی دونیادا میوان و میوانداری ڕەسم و ڕەواڵێکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەڵبەتە لەنێو میللەتاندا جۆراوجۆرە ئەمما بنەما سەرەکییەکەی یەکە و مافی میوان و خاوەن ماڵ هەر یەکە بۆ خۆی مەرجەکانی ئاشکرایە و دیارە. ئەوی ئێوە دەیکەن و ئەوی ئێمە دەیبینین نە ئێوە میوانن و نە ئێمەش خاوەن ماڵ. من بەنوێنەرایەتی کۆنترین حزبی میللەتی کورد و خاوەنی میرات و کەلەپووری جەمهوریەتی مەهاباد، پێتان ڕادەگەیەنم بەخۆتانا بچنەوەو لەمە زیاتر ڕەفتاری نەشیاوتان لێ نەوەشێتەوە. بەچ مافێک ئەندامان و باوەڕپێکراوانی ئێمەی نێو لادێکانمان دەست بەسەر دەکەن؟ لە ڕووی چ یاسا و تەرازوویەکەوە زەویوزاری خەڵکی داگیر و بەپێی هەواو هەوەس بەسەر خەڵکانێکی گێرەشێوێندا دابەشی دەکەن؟

نە ئەیرا ڤێتنامەو نە ئێوەش ڤێتکۆنگ و جەمهوریەتی ئیسلامیی و ئەمریکان.

هەزاران ساڵە وتراوە دوژمنی دوژمنم دۆستمە و دۆستی دوژمنم دوژمنمە. وەک لەمێژا ئاماژەم بۆ کرد، ئێمە ئامادەی هاوکارین، بەرژەوەندیی هەمووانیش لەوەدایە پێکەوە هاوکاری کەین؛ بەڵام ئەم تاک تاودانەی بەچەپ و ڕاستدا دەیکەن نە لە بەرژەوەندیی ئێوەیە و نە

ئێمەش. ئەگەر ویستتان لەم ڕووەوە هاوکاری کەین، پەیوەندیمان پێوە کەن تا لە سەر چەند خاڵێک ڕێک کەوین.

یەکێک لە دانیشتوانی هاوکاری یاسەمین هەڵیدایەوە و وتی:

- هاوکاری نەکەین چی؟

هەڵۆ بێ ئاڵۆزی وەڵامی دایەوە: برادەر! ئەمە خۆ شەڕە گەڕەک نییە. ئێوە ڕێکخراون، ئێمە داوا دەکەین بەشێوەیەکی ڕەسمی و لەسەر کاغەز وەڵاممان بدەنەوە ئەو دەم ئێمەش وەک حزب هەڵوێستی خۆمان دەردەبڕین و پاشەڕۆژ بڕیار بەسەر هەڵوێستەکانماندا دەداو هەڵەو ڕاست لەیەک جوێ دەکاتەوە، ستایش و نفرینی خەڵکیمان دووچار دەکا. من شتێکی دیکەم نەماوە بیڵێم، ئێوەش ئازادن لە بڕیارەکانتاندا. تەنها خاڵێکم لاماوە پێتان ڕادەگەیەنم، ئەویش زوو وەڵام دانەوەیە. ئەگەر تا یەک هەفتەی دی وەڵامی ئێوەمان پێ نەگا ئێمە ئازادین هەر ڕەفتار و کردارێکتان دەرحەق بکەین.

یاسەمین تا ئەو کاتە بێدەنگی هەڵبژاردبوو چاوێلکەکەی لە چاوی دەرکرد و بەتەواوی باوەڕ بەخۆیانەوە وتی:

- ڕاستە ئێمە خاوەنی دوژمنی موشتەرەکین. ئەمەی ئێوە دەتانەوێ بەلامانەوە سەخت و دژوارەو بەقبووڵ کردنی فەرامێنی دادەنێین؛ بۆیە ئەم کونە گورگەمان هەڵبژاردووە تا نەڕۆینە ژێر کردار و گرفتاری زۆرگۆیی. سەرداڵەکانی جەمهوریەتی ئیسلامییش هەروا دەڵێن. ئەوانەمان قبووڵ نەکردووە لەم هەلومەرجە دژوارەدا شیاو نییە فەرمان بەرداری ئێوە بین. بەندە بەنوێنەرایەتی برادەران و ڕێکخراو ڕایدەگەیەنم ئەوەی لەبەندەت بیست بۆخۆی وەڵامە و لەم ڕووەیشەوە هیچ جۆرە بەیانیەیەکیش وەدەر نایەنین و لە کەسیش ناترسین و هەر

یەکە لە هەڤالانی لای ئێمە بۆخۆی گورگی باران دیدەیەو ئەوی لە فەرهەنگیدا نەبینرێت ترس و تۆقیانە.

هەڵۆ هەڵسایە سەر پاو لەگەڵیاندا دووبارە تەوقەی کردو بەدەم خوا حافیزییەوە بەیاسەمینی وت:

– بەسەر ئەمانەدا تا هەفتەی داهاتوو چاوەڕوانین و ئەوی لە هەڤاڵ یاسەمینم بیست، ئەم بیستووەو چاوەڕوانی وەڵام ئەبین.

دەشت و دەر و درەخت و دیار نرکەیان دەهات لەژێر قورسایی بەفردا. سەرماو سۆڵەیەکی تێکەڵ بەکزەبای لەش ڕچێن سەرتاسەری کوردوستانی گرتبۆوە خۆ. سوپای پاسداران لە جووڵە کەوتبوون دەستیان بەسەر کلاویانا گرتبوو تا با نەیبا. شەڕی نێوان ئێراق و ئێران تادەبوو گەرمتر و خوێناویتر دەبوو؛ پەلاماری ڕۆژانەی دوولا هەزارانی بەرەو دیاری مەرگ دەنارد. یاسەمین تاک و تەنها لە ژووره قوڕینەکەیدا دوو دەستی کردبووە پشتی سەری و لە زەویدا ڕاکشابوو. سۆپەی ناوەڕاست گڵپەی ئاگری دەهات. نامەی دووهەمی فەلامەرزی پێگەیشتبوو، داینابوو لە شێنەییدا بیخوێنێتەوە. دەربارەی فەلامەرز تا ئەندازەیەک هەستی بەتاوان دەکرد و خۆی سەرزەنشت و لەهەمان کاتدا دەلاواندەوە. خەڵخاڵی فریای کوشتنی ناکەوێ و ڕێکخراو ماوەو مەودا پەیدا دەکات بۆ ڕزگارکردنی. ئاوڕێکی لە پاکەتی نامەکە دایەوە و لەبەر خۆیەوە بۆڵاندی:

– ئەگەر سەرم داناوە ڕزگارت دەکەم. ئومێدەوارم لە کاتی ون و ئاشوفتەدا نەکرێیتە قوربانی. تەنها مانگێکم بەسە؛ تامۆل کە وا هاتم.

## ١١٦

یاسی گیان!

لام سەیرە چۆن دەتوانم ئەم نامەیەت بۆ بنووسم؟ ئەوی ڕیشووم هەیە لە زەرە زەرەی خاک وەدەریان هێناوەو قرتاندوویانە. ئەوی کەسایەتی و باوەڕ بەخۆبوونە تۆزکاڵ تۆزکاڵ کۆیان کردووەتەوەو لەژێر پۆستاڵ و مێکوت و زەبرو زۆری جەڕو ئالاتی ئەشکەنجەی سەدەکانی ناوەڕاستدا هەیە هاڕاندوویانەتە سەر یەکدا. ئەوی لێم ماوەتەوە کەلاوەیەکی هەڕۆژاوە نە دەری پێوەیەو نە پەنجەرەو نە پەیکەر و دەروازەی وجودو تەواجود. ئەوەندە لە کات و ناکاتدا ڕەشەبای زەبرو زۆری هەواو هەناسەی ئاخوند و وەحشیگەری دەساودەسی کۆمەڵێک دەروون ئاشوفتە و ڕەفتار نەخۆشی کردار گەوجی سادیسم ڕەفتاری کردووم لەم مەرگستانە لەزەتبەخشترین ساتم لا مەرگە. وەک دەزانی وەک تۆ لە مەرگ تێ دەفکریەم. دوای ئەم هەموو ئازار و ئەشکەنجەی شەوانە گەیشتمە ئاکامێک و زەمانێک پێش دێت جۆری مەرگ دەبێتە مەبەست و بڕێک کەس هەوڵی بۆ دەدا یا هەر نەبێت، دەڕواتە پیرییەوە. بەبیروڕای جۆراوجۆرەوە بڕێک بۆ پاداشت و بڕێک بۆ ڕزایەت و بڕێک بۆ خاوێنی دەروون و بڕێکیش بۆ سەرفەرازی و ڕەزامەندی خوا. من لەوانە بێوەریم و منیش وەک ئەوان تێ دەفکریەم. مەرگ بۆخۆی زەرافەتێکی ئینسانییە. سەرقاپیەکە زۆر گرفتاری و بۆنەهات و گرێ و کێشە و سەوداسەری ئاسان دەکا؛

بەیەک جیاوازی: ئەوان بەتەمای پاشەڕۆژ و پاداشتن، من هیچ... هیچی هیچ. بۆیە مەرگم لا بووەتە مەرام، ڕۆحی ئازوردە و ئاشۆفتەم نیازی بەئاسایش پەیدا کردووە. ڕۆڵ و دەوری من وەک گیانلەبەرێکی سوودبەخش و تەقالاگەر بەرەو ئاوابوون دەڕوا، ئەمەی دەیڵێم بەهەڕۆژان و مل داهێنانەوە مەزانە، وەک دەزانی چەندین ساڵە بووم بەهاودەم و هاوڕازی مێروولە و سیسارگ و جانەوەرانی نێو بەندیخانەکان، لەسەردەمی شاوە تا بەئەمڕۆی ئاخوندی. ئیتر پێمەوە نەماوە. وا بڕوات بۆ خۆم دەبمە حەشەرەیەک لەو حاشوراتانە لە دونیای کۆمەڵێک دڕندەی دەم خوێناویدا تەواوی کەیل و کێشانەو ئەوی تەرازوو هەیە فایلی گۆڕین و سەوداسەرییە؛ بەتایبەت گەر بەرگ دوور ئاسا قەیچی و قوماش بەدەست زۆردارانەوە بێت، ئەو دەمەیە بیروڕاو زیندەگی ڕاستەقینە بەرەو هەڵدێرگایەکی هەتا هەتایی دەنێرن. من تاوانێکی گەلێک گەورەم لێوەشاوەتەوە و لەسەریشم حساوە بۆچی زندووم، بەلای ئەم جانەوەرانەوە زیندووبوونم تۆمەتە. لایان وایە کارێک دام و دەستگای شا نەیتوانی بیکا ئەمان بەئەنجامی دەگەیەنن. تازە بەلایانەوە یا هەر نەبێت وایان لا باشە، چۆن لە قەنارەو سێدارە ڕزگارم بووە یانی پردی پێوەندیم لەگەڵ دەوڵەتی ڕابوردوودا بەستوە و پەیمانم لەگەڵیاندا تۆمار کردووە. ئاوا دەیانەوێ تۆڵەی ڕێکخراو لە بەندە بسێننەوە؛ تازە چ تۆڵەو تاوانێک؟ ڕێکخراوی ئێمە خاوێنترین و لەخۆبوردترین ڕێکخراوی سەردەمی شا بووەو ئەمەش دونیای ئازاد و ئەوانەی ڕاستەقینەی ململانێ گەلان و ڕێکخراوە ئازادیخوازەکانی جیهان بەرئاورد و هەڵدەسەنگێنن دانیان بەو ڕاستەقینە داناوە. لێگەڕێ با بێمەوە سەر باخی وەحش و جەنگەڵە خوێناوییەکەی حاجی ئاغا خەڵخاڵی. ئەو شەهاب قومی تێلا

بەدەست هاتە قاوشەوە. ناوی بیست کەسی خوێندەوە کە ئامادە بن سێ دەقیقە لە حەوشیەی زینداندا مۆڵەتی هەوا خۆریتان دەدرێتێ. هەموومان سەرسامانە نواڕیمانە یەکدیدا مەگەر دەکرێت ئاوا مامەڵەیەک و گۆڕانکارییەک لە بێدادی حاجی ئاغادا ئەنجام درێت؟ بڕێک بەخۆشحاڵییەوە پێوەندی دا لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانیدا و بڕێکی دی بەسەرەتای لا بردنی "حاجی ئاغا"یان داناو بڕێکی دی بەچاوی گومان و نەشیاوەوە باسەکەی وەرگرت و... دووبارە ڕەزای تاڵی شەهاب قومی لە ناوەڕاستی خەرمانی کەوش و پێلاوی داکەنراوی نزیکی دەرگادا بەهەیکەلی ناجۆرو بەدقەوارەیەوە وەدەرکەوت. هەر کەسێک لە چرکەی یەکەمدا شان و مل و ورگی هەڵئاوساوی شەهابی دیبا هیچ جۆرە پەیوەند و هەمبەستەگییەکی ماقووڵ و پەسەندی لە نێوان سەروموقل و پەل و پۆیدا نەدەدی و گێژو وێژ تێ دەفکرا چۆن کۆبوونەتەوەو گیانلەبەرێکیان پێک هێناوە بەو ناوە؟ شەهاب نەڕاندی:

– وەی قەحپە دایکینە!

بیست کەسی نێو خوێنراوە وردە وردە لە دەرگای قاوش وەدەرچوون. منیش لەهەمان بیست کەسی یەکەمدا ناوم خوێنرابوویەوە. لە ڕاڕەودا ناڵە و هاواری کوشتن و برینم هاتە گوێ؛ چاوگەکەیم دەزانی دوێنێ شەو میوانی ئینشائەڵای قەساو بووم. هێندەی کوتام بۆ خۆی ماندووانە پاڵی دایەوە و لەبەر خۆیەوە وتی: تامی نەما، ئەمشەو بەستە. وەک کاوڕ و بزن دراینە بەر بەرەو هەمان حەسار کە جارەوبار لە زەمانی شادا مۆڵەتی پیاسەکردنیان پێ دەدراین. ئەوە دووسێ نیم کۆنکریتانەی وا لە حەساردا بەندییەکان لەسەری دادەنیشتن، ئێستا بووە بەئالەتی ئەشکەنجە و جەڵدە لێدان

دوو دەستی بەندی لە ژێرەوە کەلەبچە دەکەن و تا بتوانن شەلاق بەپشتیدا دەماڵن. هەر کە گەیشتینە نێو حەسار لە جویەی هەوا خۆری و پیاسەکردن و خۆ بەهەتاو دان دووسێ زرتەبۆزی بێ وژدان بەماکینەی سەرتاشینەوە ئامادە ڕاوەستابوون. شەهاب قومی یەک یەک باڵی بەندییەکانی گرت و بەسەر سەندەلی بەردەمی ماکینە بەدەستەوە دای نیشاندو کابراش بێ ڕاوەستان چوارڕیانێکی لەسەر و قژیدا پێک دەهێنا. ئەوانەی سمێڵیان هەبا لایەکی دەتاشی و ئەوی بێ سمێڵ باتا ئەبرۆیەکی بۆ دەتاشی. ئێستا لایەک لە سمێڵم تاشراوە یەشتا بەچاکی ڕەش نەبوەتەوە. لەبەر بێفەنەری ناتوانم ئەو لاکەی بتاشم. فەرهەنگی ئاخوندگەل پڕە لە هونەری جۆراوجۆر ئەوەندە بیر و فکریان بەخولقاندنی دەرد و ئازارەوە گرفتارە یەک سەدومی ئەو تەقالایە بەبیری سازندەوە خەریک بکەن، ئەم وڵاتە گۆڕانکاری تیا دەخوڵقێت و دەگاتە قۆناغێکی دی. لە نێو پیاو و ژنە دەستگیرکراوەکاندا تاکە جیاوازییەک هەیە کاتێک ژنان بەسەر نیمکەتە چیمەنتۆیەکەوە لەسەر دەم ڕادەکشێن و دەستی لەژێرەوە کەلەبچە دەکەن، هەردوو پای دەخەنە نێو گونیەیەکەوە تا سنوور و مەرزی ئیسلامی ئازیز لەکەدار نەبێت و خوانەکەردە دوولاقی ڕووتی ئافرەتێک بەدی نەکرێت. لە مانە گوزەشتە، ئێمەیان تێکەڵاو کردووە؛ هەر وەک چێشتی مجێور قاچاخچی و بەنگ کێش، حیز و گەواد و سیاسی هەر هەمووان لەیەک قاوش داین و بەیەک چاوو یەک جۆر مامەڵە دەکرێین. ئەشهەدو هونەر دەنوێنن، ترس لە دڵانا دەچێنن، بەندە لام وا نییە تەنها دەوڵەتی "حاجی ئاغا" لە کوشتن و بڕیندا وەستاکار و سەگی هاربێت دڵنیام شارەکانی دیکەی وڵات دووچاری لەم بابەتە مامەڵەیەن لەلایەن حاجی ئاغاکانی دیکەوە.

دوێنێ ئێوارە "حاجی ئاغا" بەجل و بەرگی تەواوی ئاخوندییەوە هاتە قاوشەوە. کەوتبووە پل تەقانی مەرگ هەمووی ئێمە وەک بتی بێ ڕۆح و گیان وەستابووین بەپاوە. پلێکی تەقاند و پەنجەی خستە سەر یەکێکمان و وتی:

– تۆ تەواوی. ئەو دووشە کەمە بۆنی خوێنی لێ دەهات. نەشتەرێکی تیژ و بورندەی بێ ئەمان تەواوی پەل و پۆی دەقرتان. ئەوی پۆی بەژیان و زیندەگی و وابەستەگییەوە هەبوو لە ڕیشوو هەڵیدەکەند و تووڕی دەدایە لاوە. "تۆ تەواوی". لە ڕووی چ تۆمەت و تاوانێکەوە؟ لە ڕووی چ لێکدانەوە و پرسیار و کرداری نەشیاوە؟ پارچەیەک لە بەرد، تلێکی سەنگی لە نێو سنگی ئەو جانەوەرەدا لێ دەدا بەنێوی دڵ. ئەوی لە نێو ڕەگ و دەمارەمووی ئەو گیانلەبەرەدایە هەرچی بێت خوێن نییە و لە بنەماڵەی خوێن دانانرێت. تێکەڵەیەکی تەڕە، بێفەڕە هێز و تەوژ و جووڵانەوەی لەسەر بنەمای ئای و هاوار و زەبوونییە، تەواجودو چێژ و لەزەتی لە مەرگ دایە.

پلێکی دی تەقاندو پەنجەی شایەتمانی خستە سەر سنگی یەکێکی دیمان:

– تۆیش تەواوی.

چ ئاسان چ بێ نرخ و بایی! تۆیش تەواوی. چاوێلکەکەی لە چاو داکەند و بەعابا خوێناوییەکەی خاوێنی کردەوە. لای وا بوو تۆز زەرەبینەکەی بەڵخ کردووە و بەچاکی ڕوخساری قوربانیانی نابینێت، کە دەڵێت تۆ تەواوی. حاجی کاتێک بێ دەسەڵاتی و ترس و تۆقیانی لە ڕوخساردا دەدی منداڵ ئاسا پێدەکەنی و هێز و تەوژمی تازە دەبوویەوە مەرگی لا بووەتە ئنیرژی، هێز، دەسەڵات، جووڵانەوە، بوون

و بەقا. قاقا دەچێتە پشتا. ئەگەر قوربانییەکە لەترسا ببوورێتەوە، بەپاوپل و نەعل و سۆلەوە دەڕواتە سەر کەللە و گەردنی کابراو پێی دێتە حاڵ و سەفا.

"تۆیش تەواو". کە پەنجەی خستە سەر سنگم، نواڕی بێ دەنگم:

– ها لە قەحپەبووی دەرباری؟ چۆنی؟

سەیرێکی سەعاتە ڕۆلێکسە بەتالآن براوی سەر دەستی کرد و دە پەنجەی بەرز کردەوە. دانە ژەنگاوییەکانی موزیگەرانە لە کەنیندا دەرکەوت:

– تەنها دوو سەعاتی دیکەت ماوە، تا دەتوانی ئۆکسژین هەڵمژە. فەقەت و فەقەت دوو کاتژمێرت ماوەو بەس، نەموت ژیان فرسەتە، لات وایە لە دەستم دەردەچیت؟ لەوەی دڵنیابیت خودی "فەرەح"یش دێنینەوە. گەوادە گەورەکەتان هەفتەی پێشوو ڕۆحی بەدۆزەخ شاد بوویەوە. ئەمشەو دەگەیتە خزمەتی باسی منی بۆ بکەی. یەک مشتی ئالآندە سەر سنگمدا و نەڕاندی:

– گەواد! بیکەی ها؟

منیش تەواو کەوتمەوە بیری خۆم و ڕابوردووی خۆمەوە. لە یەکم دایەوە هێندەی تیادا سەرکەوتوو نەبووم. چەند ساڵێکی نێو زانکۆ هاوژیانی تۆ نەبێت، تەواوی ژیان و زیندەگیم ئاشوفتەگییەکی بەردەوام و پڕ لە هەرا بووە، لەوی پەشیمان نیم ئەدی بۆ خۆم ئەو جۆرە ژیانەم هەڵبژاردووە. ئێمەمانان هەر دەبێت بکوژرێین، سا شا بێت، خەڵخاڵی بێت یا دڕندەیەکی دی. قاوشەکە چرکەی کاتژمێری تیا دەبیسرا. زرتە زەلامەکانی لە پشتیەوە چاو پڕ لە خوێن و دەرپۆقیو نارەحەتی ئەوبوون بۆ "حاجی" هەموو شەوێک تەنها حەوت پل

دەتەقـێنێت و نایکاتە بیست و چل و سەد. چەند بەڕەحم و بەزەییـیە حاجی، ئیسلامی نابە حاجی.

حاجی عەباکەی بەسەر شانیەوە تەرازوو کرد و دووسێ پلی لەسەر یەکە تەقان،د وەرچەرخایەوە بۆ ناو کۆمەڵی کەوش و پێڵاوەکان و لە دەرگـا چووە دەرەوە. شـەهاب قـومی تەواوی ڕوخـسـاری پێکەنین و شادی بوو. ئینشائەڵای ئەشکەنجەچیش وەستابوو، بەتەمای پشکی شەوانەی خۆی چاوەڕوان بوو. حاجی لە بەختی ڕەشی ئەودا ئەوشەو بەئەشکەنجە و لێدان ڕازی نەبووبوو، ئەمـشـەو هەمـووان مـیـوانی دیواری ئـەڵلاهـوئەکـبـەرین. گـریانی ئارام و هاوارو ناڵەی دەروون بەنەکی دڵی خـاوەنەکـەی دەبڕی. خـەڵکەکـە وردە وردە دەسـووتان، دەبرژان، هاواریان لە دەرگـای "قـاوش" نـەدەڕۆیشـتـە دەرەوە. ئەوە نازانم جگە لە دونیای حاجی ئاغا دونیایەکی دی یەشتا ماوە؟ سەد خۆزگەم بەزەمانی شا و ساواکەکەی! ئەیرا تەباری ئەهریمەنانە.

یاسی گیان!

بەدوعـا! ئەوەندم نەمـاوە. حـاجی ڕاست دەکـا فـرسـەتم کـەم بەدەمـەوەیە. وا ئێـوارەیە درەنگ. جـانەوەرەکـان خـەریکی پێکهێنانی کـەژاوەی مـەرگن. یەکـێک لە هـاو زەواری مـەرگم باوەڕ ناکـا بەو ئاسانییە مردن. لەبەر خۆیەوە دەڵێت: حاجی دەیەوێ بمان تۆقێنێت، کورە مردن هەر بەدەم ئاسانە. کوشتن لە ئاکامی تاوانە. ئێمە چیمان کـردووە تاوا بێ ناوونیـشـان بمانکوژن؟ دەڵێن حـاجی ئاغـا لەم گاڵتانەشی هەیە [ڕوو بە من] مەگەر نا؟

کاتێک بێ دەنگی منی دی، زانی من لەو بەدبەختترم ناتوانم وەڵامی بدەمەوە. ئەودەم سەماوەر ئاسا دای کورکان و هاتە کوڵ و فرمێسکی

بەرۆکی تەڕکرد و تا توانی گریاو ئێستاش دەگری. منیش لە ناخ و دەروونما دەکولام. لە بێ دەنگیی دونیای ئازاد و میللەتە ئازادیخوازەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواو کوڕ و کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان کە بۆ وا بێ دەسەلات و پڕووپوچ و هیچ لەباری نەبوون. بەرانبەر کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵک، ئەویش بێ پرس و بێ دادگا.

شەهاب کاغەز بەدەست هاتە ژوورەوە، ناوەکانی خوێندەوە یەک و دوو چوار و حەوت پێنجەمیان بەندە بوو. ناوی هەر کەسێکی دەخوێندەوە دەبوا لە نێو دانیشتووانا هەستایەتە سەر پا. تا من وەستابووینە سەر پاوە. ناوی شەشەمی خوێندەوە کەسێک بەرز نەبوویەوە. شەهاب بەتووڕەبوونەوە:

– ئەم ناوە چ قەحپە ژنێکە؟

دیسان کابرا هەڵنەستایە سەر پا. شەهاب نزیکتر بوویەوە حاڵ و ئەحواڵی زاری کابرای دی بە لەقە و شەقەوە هاتە وێزەیدا، تا توانی بەدەم جنێوی بازاڕییەوە کوتای. پاسدارێکی توولەکی زەردەمار ڕەنگ هاتە هانای شەهابەوە کابرایان وەک لاکێکی مردارەوە بوو پەلەکێش کرد و هەموومانیان هەر حەوتمان کاوڕی دابەستە ئاسا بەرەو دیواری ئەڵلاهوئەکبەری ئیسلامی ناو وەڕێ کرد. یەک بەدوای یەکدا. بلێم نەدەترسام، درۆ دەکەم. بەلام گەیشتبوومە ئەو باوەڕەوە وەک دەزانی لە هەل و مەرجێکی تایبەتدا "مەرگ" بۆخۆی ڕزگارییە، سەفایە، شەفایە. منیش بەرەو ڕزگاری دەڕۆیشتم. کابرای بووراوەیان چوار دەست و پا بەرەو دیوار بەدواماندا هەڵگرت. تەواوی گلۆپەکانی مەرگ سەرای زیندانی قەسریان کوژاندەوە. مایەوە چەند پرەژەکتۆری بەهێزی تیشکدار و ئێمەی دەست و پا بەسراوەی ڕوو بەپرەژەکتۆر و پشت بەدیواری ئەڵلاهوئەکبەری خەڵخاڵی. شەهاب قومی و پاسداری

زەردە مـار ڕەنگ لەسـەر چۆک دانیشـتن و ئامادەی ئاماژەی دەسـتی حـاجی ئاغا. سـاتێک و دوو سێ و چوار هەروا ڕامـانیان گـرت تا پڕ بەدەم قیڕاندم:

– نامەردینـە! تەواوی کەن. لە مەرگیشـدا لە ئێوە پیاوترین و سەر و گەردنێک ئاغاتر خەڵخاڵی! تۆ زالویت. ئەسڵـەن هیچی هیچیت. ڕیزی ژاژوری شەهـاب قومی و پاسداری زەردەمار دەستی پێکرد. بۆ تاوێک نەمـزانـی زیندووم یا مـردوو تا هاتمەوە سـەرخـۆم. ڕوانیم پام لـەنێو ڕێچکەی خـــوێنی هـاو قـــەتارانما ڕەنگین بووە. بـڕێکیـــان نـاوە نووسـراوەکـەی سـەر بازوویان لە زەویدا ڕەنگی مـاژیکە سـوورەکـە و خـوێنی خۆیان تێکەڵ بووبوو. لـە مێژدا ناومـانیـان لەسـەر بازولاقمـان نووسی بوو تا بەو ناوەدا تەرمـەکانیـان بناسرێت. شەهـاب قـومی هاتە پێـشـەوەو پەلەکـێشی کـردم. خـودی خـەڵخـاڵی ڕاوەسـتـا بـوو کـە ورد بوومەوە لە ئاڵۆزییدا دەلەرزی پڕ بەدەم قیڕاندی:

– هـەتیـوەل گـاو! لات وایە بەم ئـاسـانیـیـە دەتکوژم و ئاسـوودەت دەکـەم؟ تڕحێـوی دەوێ. کـارێکی وات بەسـەر دێنم لە تاوا سـۆلەکـانم مـا چ کـەیت. ئەوە منـم، منی مـن. دەزانی من کـێم؟ خـەڵخـاڵیی کـە قیڕەکەی تەواو کرد وتم:

– ئا دەزانم قـورمسـاغترین گیانلەبەری سەرتاسـەری ئێرانی. ئیتر لەبیرم نییە چییـان پێکردم هیچم نایەتەوە یاد، ئـەوەندەم لەیادە چەن کەسێک پێکەوە تێم بەربوون. کاتێک بەهۆشا هـاتم لە ژوورێکی تەنگ و تاریکدا فـڕێ دراوم. کـە دەسـتم بەسـەرو سـوورەتما هێنا خـوێنی وشکەوە بوو بـەڕوخسـار و چوارڕیانە تاشـراوەکەی نێـو پرچ و قژمـا هەست پێکرد ئەگەر مام بەئومێدی نامەیەکی دی.

"من"

ئانوش ئاوڕی لە هاواڵەکەی و کاتژمێری سەردەستی دایەوەو لەبەرخۆیەوە بۆڵاندی:

– بۆ نەهاتن؟

هاواڵەکەی بەدڵنیاییەوە وەڵامی دایەوە:

– نیگەران مەبە هاکا هاتن. دەستگای تاکی واکیەکەی ڕۆشن کردو لەژێر کاپشنەکەیەوە یەک دووجار وتی:

– هوشیار بن! ئامادە، هاکا هاتن. ئەوی دی وەڵامی دایەوە: گویم لێت بوو، ئامادەین. لەم ساتەدا کابرای تاکی واکی بەدەست ڕوو بەئانوش:

– نەموت هاکا هاتن. ئەوەسا گەیشتن.

ئانوش پەلەپەل:

– برادەران ئاگادار کە.

– نایانەوێ. ئەم بەرنامەیەمان چەندین جار تاقی کردوەتەوە و هەر کەسێک بەچاکی هەم ئەوان دەناسێ و هەم ڕۆڵە پێسپێراوی.

ماشێنی چاوەڕوان کراو سێ پاسدار و کچۆلەیەکی دوانزە ساڵانی لێ دابەزی. پاسدارەکان بەغرووروەوە هەنگاویان دەنا. کچۆلەی ژانتا بەدەست دڵنییانە بەرەو دەرگای قوتابخانە دەچوو. پاسدارەکان کاتێک بەخۆدا گەیشتن، لوولەی ساردی دەمانچە لە گەردنیان توند کراوەو پێیان دەڵێن:

– بچووکترین جووڵانەوە دەبێتە هۆی کوشتنت. دوو کەسی دی لە برادەران کچۆلەی ژانتا بەدەستیان لە ئامێز گرت و خستیانە نێو ماشینەکەیان. سێ پاسدار هەر وا دەیاننواڕی. کات توند و تیژ دەڕۆیشت. یەکێک لە برادەران چاوێکی لە هاواڵەکانی داگرت و سێ پاسدار تەختی زەوی بوون و ئازا برادەران سوار بوون و ئەویان بەجێ هێلا.

یاسەمین چرکە ژماری دەکرد. بەلای بێسیمەکەوە دەهات و دەچوو. تاوتاو دەینواڕییە سەعاتداو مشتی دەستی ڕاستی دەماڵاندە ناو لەپی دەستی چەپیدا.

زەوی کەوتبووە هەناسەدان، بەفر لە دامێنەوە بووبووە ئاو، لەولاترەوە ڕێچکەی ئاوەکان کۆ دەبوونەوە و دەبوونە جۆگەلە. هەور بەئاسمانەوە پەلاماری یەکدییان دەدا و بزیسکە و گرمە گرم تێکەڵاو بووبوون.

– هەلاو، هەلاو گوێم لێتە. بەسەروەر بڵێ "پەلەوەر لە قەفەسدایە".

یاسەمین لە خۆشیدا قیژاندی:

– واو... وەو... وەو... ئافەرین کوڕگەل! ئافەرین!

بەرنامە بەوردەکارییەوە داڕێژرابوو؛ هەر کەسێک ڕۆڵی خۆی دەزانی. کات هاتبووە سەر قۆناغی دووهەم. بیست و چوار سەعات بەسەر ڕفاندنی کچۆڵەکەدا تێپەڕی بوو، تەلیفۆن زرنگایەوە.

– فەرموو.

– فەرموو.

– فەرموو ژەهری مار! بڵێ بەو پیاوکوژە با خۆی قسە بکات.

– دەی خۆمم، خۆ لاڵ نیت؟

– جا هەمان نامەردی ناسراوی؟

– بێرە زمان.

– نامەردی خوێن ڕێژ! چاک گوێم لێ بگرە. کچەکەت لای ئێمەیە، ئەگەر عاقلانە ئەوی دەیڵێین بیکەی ئەوا بەساغی و سەلامەتی بۆت دەنێرینەوە، ئەگینا دەیکەینە هێلانەی "هێن" و هەزاران وێنە و شریتی لێ دەگرین و بڵاوی دەکەینەوە بەناو ئاخونگەلی هاوقەتارتا.

– نەتوت چیتان دەوێ؟ پارە، زێر، ئەڵماس، چی؟

– لە ئەڵماس بەنرختر. لە بەرانبەر کچەکەتدا تەنها بێ تاوانێکمان دەوێ بەلاتەوە زیندانییە.

– هەزارانم بەلاوەیە.

– نا، ئێمە جارێک تەنها یەک کەسمان دەوێت و بەس، فەلامەرزی ئەمیر ئینتیزامییە. بۆمان دێنی بۆ دەوروبەری "سەقز". دوایی پێت ڕادەگەیەنین چۆن و کەی و لە کوێ. لەبیری نەکەی تا فەلامەرز نەگاتە لامان، کچەکەت بەرەڵا ناکەین.

– بەگوێتانم کرد و کچەکەمتان بەرەڵا نەکرد چی؟

– بۆچی ئێمە وەک تۆ مرۆڤ کوژین؟ ناچارمان نەکەی، بەسەلامەت بۆت دەگێڕینەوە. ئاگات لە فەلامەرز بێت تا دەگاتە لای ئێمە دەبێ پاشانە ژیاو بێت. دوایی لێی دەپرسین با نەبێتە تەگەرەی بەرەڵانەکردنی کچەکەت. نا پیاو تێگەیشتی؟

ئانوش تەلیفۆنی داخست.

خەڵخاڵی وەک ورچێکی گەمە نەکەر لە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. قیرەو هاواری ژوورەکەی دادەدڕاند. کەوتەوە بیری، نەکا فەلامەرز لە

تاک ژووری تەنگ و تاریکدا مـــردووبێت، پەلە پەل ژمـــارەی زینـدانی قەسری وەرگرت و بەهەراسانییەوە:

– فـــەلامـــەرزی ئـەمــیــر ئـینتــیــزامـی لەوێڕا وەدەردێـن و دەیبـــەنە نووسینگەکەی من و ئەوی خۆراکی چاک هەیە پێی دەدەن تا بۆ خۆم دێم، زامەکانیشی تیمارکەن، وا هاتم. تەلیفۆنی داخست و شێتانە کـەوتە جـوولانەوە. چوار پێنج هەنگاو بۆ پێـشـــەوە دەچوو، لەپڕ بەو ئەندازە دەگەڕایەوە. کە بایداوە عەمامەکەی کەوتە زەوی. لێی وەستاوە فـتــبـۆڵ ئاسـا تێـی هەڵدا لەولاوە پەخش و بڵاو بوویەوە. دوو پاسـدار پەیکەر ئاسا ڕاوەستابوون. ڕووی تێیان کرد و ئالۆزانە:

– ئێوە لەوانەی تۆپیون بێ غیرەتترن. ئازایی تێهەڵدانی بەندییەکی دەست بەسـراوی زەبوون نییـە، بەتەواوی هێـزیەوە مـالاندییـە بن گوێی یەکێکیاندا: مەرد بوونا منتان دووچاری ئاوا گرفتارییەک نەدەکرد. چاوە چەورەکانی لە پشتی زەڕەبینە ئەستوورەکەی چاویلکەکەیەوە وەک دوو هەڵمـاتی شـووشــەیین بـێ ڕۆح، شـێـتـانە دەیسـووڕاندەوەو لەسەر شتێک ڕای نەدەگرت. لەبەر خۆیەوە:

– بڕۆم باشترە یەکێک لە پاسدارەکان عەمامەیەکی دەق پێبەسراوی لەنێو ڤیـتـرێنی نێو ژوورەکە وەدەرهێنا. خەڵخاڵی بەسەری ڕووت لە ژوور وەدەر چوو بوو. پاسداری عەمامە بەدەست دوودڵ بوو نەیدەوێرا لێی نزیک بێتەوە. بادی گاردەکانی برێکیان سوار بووبوون و "حاجی" لە دوای ماشینی بەنزی داگیرکراوە وە دانیشتبوو. کابرای عەمامە بەدەست سەرئەنجام هێزی دا بەخۆی دەرگای کردەوەو عەمامەکەی بۆ درێژ کرد خەڵخاڵی ئاوڕێکی لێی دایەوەو لەژێر لێوەوە:

– قەحپە ژن!

هەواڵی فڕاندنی کچی خەڵخاڵی گەیشتبووە ڕۆژنامەکان: «تاوانی تازەی دژی ئینقلاب، منداڵیش لە دڕندەگی تاوانباران ناپارێزرێت»، «عەدلی ئیسلامی وەڵامی نۆکەرانی ئەمریکا دەداتەوە»... ئیتر لەو مانشێتە جۆراوجۆرانە.

بە پلەکاندا دوو پلە دوو پلە سەرکەوت دەرگای نووسینگەی کردەوە. فەلامەرز بەسەر مۆبلیایەکەوە سەرسام و گێژو وێژ دەینواڕی. خەڵخاڵی لە ناوەڕاستی ژووردا وەک بتێکی بێ ڕۆح و گیانی برۆنزی ڕەنگی ڕەش داگەڕابوو. لەژێر دوو تەوژمی بەرانبەردا هاڕابووە سەر یەکدا. زەبوون، بێ چارە، دەستەپاچە، دوودڵ، هەڕۆژاو ساردو سڕ دەینواڕییە فەلامەرزدا. فەلامەرز لەو مەنگتر دەینواڕی، نەدەچووە پیرییەوە بەپێی ڕەسم و ڕەواڵی دونیا ئەوانەی دەکوژرێن پێش مردن نیازەکانیان بەرئاورد دەکرێت، خەڵخاڵی و نیاز و ڕەسم و ڕەواڵ لەیەکەوە یەکجار دوورن.

حاجی چاوێلکە زەڕەبینەکەی لەچاو دەکرد و دووسێ جار هێناویە بەرۆکیداو ژمێراو ڕوو بە فەلامەرز:

– ئاغای ئەمیر ئینتیزامی! دەزانم ئاگاداری هیچ نیت، ناچارم ڕاستگۆ بم لەگەڵتا. دوێنێ بەیانی کچەکەمیان فڕاندووە. ئەوانەی فڕاندوویانە دەستەو دایەرەی جەنابتن. تۆیان لە جویەی ئەودا ویستووە؛ یانی بەناچاری ئەوی ئەوان بیانەوێ دەبێ بیکەم. سبەی بۆ خۆم دەتبەمە سەقزو لەوێڕا بەپێی وتەی هاواڵەکانت دەجووڵێمەوەو بەرەڵات دەکەم. مەرجێکی دیکەیان داناوە ئەوی جەنابت بتەوێ ناچارم جێبەجێی کەم. هەرچی ئەمر بکەی ئامادەی پەزیرایی و فەرمان جێبەجێکردنین. حاجی یەشتا لە ناوەڕاستی ژووردا ڕاوەستابوو.

قسەکانی تەواو کرد. فەلامەرز دانیشتەوە. زەردە خەنەیەکی شاراوە کەوتە سەر زاری، زانی برادەران وەستاکارانە کاری خۆیان ئەنجام داوە. لەبەر خۆیەوە وتی: ئەمر بکەم حاجی وەڵامی دایەوە:

– ئەمر بکەو ئەنجام دەدرێت "فەلامەرز" لەژێر لێوەوە شتێکی وت. بۆڵە بۆڵەکەی سرنجی حاجی ڕاکێشا:

– چیت وت؟

– هیچ.

– با شتێکت وت.

– کوردی لای ئێمە وتەی سەیر سەیریان هەیە دەڵێن: زۆر هات قەواڵە بەتاڵە، وا نا؟

– با، وەک دەبینی لە ژووری ئیعدامەوە گەیشتوویتیە نووسینگەکەم.

– ئەتوانم پرسیارێکت لێ بپرسم؟ تۆ من بەدەرباری دەزانی؟

– من وەک دەربارییەک ئیعدامتم دەکرد سا تاوانبار بیت یا نا بۆ من گرنگ نییە. تاوانباربیت یا نە...

– وتت سبەی بەڕێ دەکەوین؟

حاجی دووسێ بار سەری لەرزاندەوە.

– داواکانم ئەنجام دەدرێت؟

– بەتەواوی.

– دەمەوێ بخۆمەوە، زەمانێکە نەمخواردووەتەوە. لەیراش و لەم ژوورەشدا، دەکرێت؟

حاجی سەری بەنیشانەی بەڵێ لەرزانەوە.

– با ئەویشە بڵێم من فێری خواردنەوەی گران قیمەتم خەتای خۆم

نییە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و ناسراودا هاتوومەتە دونیاوە و وەک حەزرەتی عالی دەفەرمووێت دەرباریشم.

- چی ئەفەرموویت؟

- یەک بوتل ویسکی دوانزە ساڵەی شیوازیکاڵ لەگەڵ سەهۆڵ و سۆدەو بڕێک مەزەی جۆراو جۆردا لەبیرت نەچێت خاویاریشم دەوێ. ڕەشەکانی نا ئەوانەی زەردی ئاڵتوونین، ئەوسا پێیان دەوت ئیمپریال.

خەڵخالی هەستایە سەرپاو قەڵەم و کاغەز بەدەست هاتە پێشەوە:

- مومکینە تکات لێ بکەم ئەوی دەتەوێ بینووسە تا ئامادەی کەم.

فەلامەرز پای لەسەر پا دانابوو. کەوتە نووسین و کە تەواوی کرد پەنجەیەکی ڕوو بەحاجی ئاماژە کرد.

دەمەوێ خۆم بشۆرم و شەوێ و بێژامەیەکی خاوێن لەبەرکەم و سبەی کابشن و پانتۆڵ و کەوشی ڕاویشم دەوێ، ژمارەو ئەندازەی پێڵاو و جلەکانم نووسیوە.

- ئەمانە هەمووی بەسەر چاو ئامادە دەکرێت. بەڵام نەمزانی کەوشی ڕاوت بۆ چییە؟

- ئەگەر ڕزگار بووم لەو کەژ و کێوە، خۆ وەک جەنابت بەماشێنی بەنزی ئاخرین سیستەمی دژ بەگوللەی تالان کراو ناگەڕێین. بۆ ئەوەمە لەو چیایە ڕاوی پێ بکەم، ڕاوی ئێوە.

حاجی پسوولەی نووسراوی وەرگرت تا بادەی شەو و داخوازییەکانی فەلامەرز ئامادەکا.

هەر لەم خاڵی پشکنینە ڕزگار بووین، تەواوە. لەوەلایەوە خاڵی پشکنین و پاسداران وەدی ناکەین. مەگەر لەگەڵ هێزی زرێپۆش و فڕۆکەی جەنگی و هیلۆکۆپتەر. پاسدارێک هاتبووە نێو ئۆتۆبوسەکەوە یەک یەک داوای پێناسی دەکرد. فەرهاد و کۆرش بەڵگەنامەی حەسانەوەیان لە باخەڵدا بوو. فەرهاد دەستی بۆ گیرفانی درێژ کرد تا بزانێت مۆڵەت نامەکەی لە جێگەی خۆیدایە. کابرای پاسدار زۆرتر بەدوای مۆل و موشدا دەگەڕا، بیانووی دەگرت بەڵکی شتێکی وەدەست کەوێ. فەرهاد بەباشی کوردی سۆرانی لەدایکییەوە فێربووبوو وەڵامی ئامادە کردبوو بۆ هەر پرسیارێک، هەتاوەکو وەڵامی بۆ فریاکەوتنی "کۆرش"یش لا گەلاڵە بووبوو. چاوساقەکەیان لە بندەستی فەرهادا خۆی بەتەماشای دەرەوە خەریک و لەژێریشەوە بەوردی کابرای پاسداری خستبووە ژێر چاودێرییەوە. پاسدارەکەی تیر خەڵکی نێو ئۆتۆبوسەکەی هەڵسەنگان و بۆی دەرکەوت نان و نەوایەکیان پێوە نییە، زوو ڕۆیشتە خوارەوە. ئۆتۆبوس کەوتە ڕێ. بەسەر جادەیەکی خۆلاوی بەنێو چیادا پێچ پێچ کە بای دەدایەوە خەڵکی نێو ئۆتۆبوسەکە دەکەوتنە یاخواو یا غەوزو پێغەمبەر. یەکێک لە بنی ئۆتۆبوسەوە نەڕاندی:

– لەسەر خۆت! ڕوحمان لێ زیاد نییە و منداڵمان وردە.

لێخوڕ وەڵامی دایەوە:

– ترسی ناوێ... ئەم جادەیە وەک ناو لەپم دەناسم.

یەکێکی دی لە دانیشتوان هەڵی دایە:

– ترسی چی؟ ئەوە حەمە فەریقە، حەمە فەریق.

کابرای چاوساق ژندییە فەرهادەوە: ئەوەندەمان نەماوە، ئاماژەی بۆ چەند ماڵێکی سەر جادەکە کرد و وتی:

– ئەو ماڵانە دەبینی؟

– ئا... ئا.

لەیرا دادەبەزین. ئەم دێهاتانە سەرجەم سەر بەحزبی دیموکراتن، کەس و کاری پێشمەرگەن.

– کەس و کاری چین؟

– پێشمەرگە. من ئاگاداری زۆر شتم، وام مەبینن، شتێکم بۆ خۆم.

– یانی دوایی بەئێمەش دەڵێن پێشمەرگە؟

– هەر لە ئێستاوە پێشمەرگە.

– ئەی خۆ؟ خۆ من بەهەزار حاڵ تۆم دۆزییەوە لە سەد کەسم پرسی تا گەیشتمە تۆ.

– من موهیمم ئا، موهیمم. بەڵام ناتوانم ببمە پێشمەرگە کۆزێک خێزانم بەسەرەوەیە قاچاخچێتی نەکەم لە برسا دەمر. لەپڕ قیڕاندی:

– کاک حەمە فەریق! زەرین جوو. زەڕین جۆ لەوێڕا دادەبەزین.

– ژانتاتان لەسەرەوە هەیە؟

– نەخەیر بەدەستمانەوەیە.

– کزەبایەکی سارد هەڵی کردبوو، تەواوی کانیاوی دۆڵی خوڕخوڕە بەستی بوو زەنگوڵەی ئاوی بەستوو. لە زۆر جێگە بەسەر تل و دەوەن

و قەڵوەزەکانەوە شۆڕبووبوونەوە. فەرهاد و کۆرش و چاو ساقەکەیان تەکانیان دەدا. سەرلووتیان سوور بووبوویەوە. تیشکی هەتاو هیچ ڕێزێکی لێ نەدەگیرا هێندە بێ هێز و سەرسەرییانە بەخش بووبوویەوە. فەرهاد لە دوای شارەزاکەوە ژندی پێوە:

– کورە ئەیرا یەشتا زستانی زستانە؟

کابرا بێ ئەوە لا بەلایەوە کا:

– لە کوێی کاری؟ ئەیرا خورخورەو هۆبەتوە. لە هاوینیشدا بێ پەتو ناخەوی لە سەرما. کۆرش هاتە نێوانەوە:

– زۆرمان ماوە؟

– ئەو چیا شین هەڵگەڕاوە دەبینی؟ ئەوە بنکەیەکی سەرەکییە. ئەوانەی تازە دێنە ڕیزەوە بەڕەزامەندیی بنکە سەرەکییەکان نەبێت ناکرێنە پێشمەرگە. داوای کەفیلتان لێ نەکەن باشە. بەبێ ڕەزایەتی بنکەی سەرەکی، کەس بەپێشمەرگە وەرناگیرێت. کەفیل لازمە.

– چی؟

– یەکێک کار و کردەوەتان بگرێتە ئەستۆ.

کۆرش بەئاڵۆزییەوە:

– من هاتووم خۆم دەدەم بەکوشت، مەمنونیش بم؟

– ئەوان وا تێنافکریەن. تۆ بۆ ئەوان خۆت نادەی بەکوشت. بۆ میللەت و کورد و کوردستان دەبیتە پێشمەرگە. ئەویش وەک تۆ خۆی بەکوشت دەدا. لەیرەدا ئەوی بەچاک بزانرێت بۆ بتەوکاری و مەبادا دەیکەن. جەمهوری ئیسلامی پارەو پوولێکی زۆری خستووەتە گەڕ، فسوک و خەفیەو پیاو خراو بۆ پارە هەموو شت دەکەن، نایکەن؟

– جا منێکی منداڵی شاری کرماشان کەفیلم لە کوێ بوو؟

– تەنهـا کـەفـیل مـەترەح نیـیــە، ئەوان لە ڕووی تـاقـیکردنەوە و چاودێرییەوە پێشمەرگەی نەناسراویش وەردەگرن.

فەرهاد ڕوو بەکۆرش:

– خـەفـەت مـەخـۆ. زۆر زۆر بەتـەنگیـان هـێنـاین ئەڕۆینە ئەو دیوا من لەودیو خزم و خوێشم زۆرە.

کابرای شارەزا:

– هەر کـات ویسـتـتـان بـڕۆنە ئەو [دیوا بەدەست و دەست کـێشـەوە دای بەسـەر سنگـی خـۆیدا] بلە مردووە... بلە دەتانبـاتە ئەو دیودا... بە دوو کەلەباز دەتان پەڕێنمەوە. لە خۆڕا پێم ناڵێن بلـە شـەمخۆر. بەگوێم بکەن بـڕۆنە ئەودیوا باشـتـرە، ئێـوەیش وەک هـەزاران پەنابەری کـورد لەوێ کۆبوونەتەوە. کۆرش بەلەهجەی کرماشانی:

– بلەچی؟

بلە دووبارە دای بەسـەر سنگی خۆیدا:

– شـەمخـور؛ یانی ئاسکێک تازە گەیشتبێتە قۆناغی کەڵ و مامزی... فەرهـاد لای کردە لای کۆرشـەوە:

– هـەتیـو! فـێر بەبۆ لـەمـەولا. هـەر بە شـەمـخـۆر ئاغا بانـگت دەکـەم، موافقی؟

– نەختێک خوێت بدەمێ؟

– لە من بـێ تام و چێـژتـر تۆیت. شـتـێکمـان لەباردا هـەبوا... نەیان دەکردینە سـەربازو لە ترسـی بەفـیـڕۆ کوشتن ڕامـان نەدەکردو وێڵانی ئەم هـەردەو هـەڵەتە نەدەبووین، دەبووین؟

بلە شـەمخـۆر دەیزانی نزیکی خـاڵی چاودێری پێشـمـەرگە بوونەتەوە بـەڵام بـەدروســـــتـی نـەیدەزانـی لـە بـن چ تـل و دەوەنـێکدا خـــــۆیـان

شاردوەتەوەو تێیان دەخورِن. بەهاوەڵەکانی وت:

– زۆرمان نەماوە بگەینە نێو برادەرانی پێشمەرگە... لەم باسەدا بوون پێشمەرگێک لەنێو چەن گابەردێکدا وەدەر هات. بەهۆشیارەوە لێیان نزیک بوویەوە بەباوەڕ بەخۆبوونەوە:

– ئەوە بۆ کوێ دەڕۆن؟

بلە شەمخۆر وەڵامی دایەوە:

– لەم هەردەو بەردەڵانییە بۆ کۆی دەڕۆین؟ بۆ ئەوێ دەڕۆین وا بۆی هاتووین.

– بۆ لای کەسێکی تایبەت دەڕۆن؟ کارتان هەیە ؟ چ کارەن؟

بلە ئاماژەی بۆ فەرهاد و کۆرش کرد:

– ئەم دوو برادەرە کوردی کرماشانن و لە سەربازی ڕایان کردووە و نیازیان وایە بڕۆنە ڕیزی پێشمەرگەوە.

– بەخێر بێن. ئینجا لای بەدواوە کرد و دووجار لەسەر یەکە بانگی کرد: عوسمان! عوسمان!

چەکدارێکی گردەڵە لە لایەکەوە وەک جنۆکە پەیدا بوو:

– ئەم برادەرانە بگەیەنە لای مامۆستاو بگەڕێرەوە. عوسمان کەوتە پێشەوە، جارجار لای بەدواوە دەکرد. خۆر کەوتبووە زەردە، شەوقەکەی دەیدا لە بەفری لاساری نزاران ئەڵماسەی دەکرد. عوسمان ڕۆیشتە ژوورە قوڕینەکەی مامۆستاوە و زۆری نەکێشا هاتەوەو وتی:

– فەرموون.

چەندین کتاو لە قوژبنی ژووردا نارێک بەسەریەکەوە دانرابوو.

تفـەنگ و ڕەزنێک کـرابووە مـیـخـێکدا، زۆپایەکـی ڕەش داگـەڕاو لە ناوەڕاستی ژووردا گڵپەی دەهات مامۆستا لەبەریان هەستا و فەرموو فەرموو دانیشن و ئەو دەم بەخێر هاتنی کردن و چایشیان خواردەوە:

– ئێ برادەرینە! چۆن هاتوون؟

فەرهاد وەڵامی دایەوە:

– ئێمە کوردین و سەربازین .لامان وایە لەو شەڕەدا بکوژرێین بێ حساو دەڕۆین ئەگەر هات و کوژراین با لەسەر میللەتەکەی خۆمان بکوژرێین. لەسەر ئەم بنەمایە ئەم دەشت و دەرەمان داوە لەبەرو خۆمان گەیاندوەتە ئەیرا . لەم دەوروبەرەش کەس ناناسین تا بمان پاڵێوێت، هەرچیمان پێ دەسپێرن ئامادەین.

– بەخێر هاتوون. ئەم وڵاتە هی هەموو کوردێکە، ئەوی ئامادەی ملمـلانە لە پێناویا وڵات سوپاسگوزاریەتی و میللەتیش باوەشی بۆ دەکاتەوە. بەخێر هاتوون، جارێک با بحەسێنەوەو چاو و گوێ لەم دۆڵ و بەندەنەدا بکەنەوە ئەو دەم شەرەفی پێشمەرگایەتی بەدەست کەسەکە خۆیەتی. ئومێدەوارم لە خزمەتی کوردوستاندا سەرکەوتوو بن.

حاجی ئاغا جلی ئاخوندی فڕێ دابوو، سەربازی لەبەر کردبوو؛ کە هەنگاوی دەنا ورگی لەرەی دەهات. زۆرتر لە قازێکی قەڵەو دەچوو. سەرۆکی پاسدارانی ناوچەی سەقزو سەردەشت تا لای هیلیکوبتەرەکە هاتبووە پیرییەوە. سەرجەم سی و پێنج پاسداری لەگەڵدا هاتبوون. فەلامەرزیش لە نێوەڕاستی چەندین چەکداری پاسداردا بەدوای حاجیدا دەهاتن. فەرماندەی سوپای پاسداران دەیزانی حاجی دێ و هاتنەکەشی بێ ئیعدام کردنی چل پەنجا کەسێک بەلاوە بێ سەفایە چرپانی بەگوێیدا:

– زۆر کەسمان ئامادەی دادگایی جەنابت کردووە. حاجی دەستێکی خستە پشت گوێیەوەو وتی:

– بەتەواوی گوێم کپ بووە. کۆپتەری شینۆک پیاو کەڕی کەڕ دەکا. نەعلەت لە وڵاتی شەیتانی گەورە! گوێم لێ نەبوو دووبارەی کەرەوە.

– خەڵکێکی زۆرم ئامادەی دادگایی جەنابت کردوو.

– ڕاستت بوێت ئەم سەفەرەم بۆ دادگای کوشتنی دژی ئینقلاب نییە؛ کە دانیشتن بۆت دەگێڕمەوە. لای کردە لاوە تا دڵنیابێت فەلامەرز لە ئاسایشدایە. ئاماژەی بۆ پاسدارەکانی دەوری کرد تا نزیکتربنەوە. لەگەڵ فەرماندەری سوپای پاسدارانی دەڤەری سەقز و سەردەشتدا ڕۆیشتنە نێو ساختمانی فەرماندەری سوپاوە. فەرماندەری سوپا ڕۆژنامەکانی تارانی پێ نەگەیشتبوو بیریشی بۆ هیچ لایەک بڕی

نەدەکــرد. دەیزانــی ناوچەی ژێـر دەســەڵاتـی ئـەو فــرۆش و بســیــەتـی "موخـەدەرات"ی تیـا نییـە تا حـاجـی بەدوایدا هـاتووبێت. بەجـوانیـشـی نەدەزانی پەلە بکاو هۆی هاتنەکەی لێ بپرسێت. حاجی هاتە قسە:

- ئەم هاتنی کـوتوپڕەی منت بێ شک زۆر لا سـەرسـامـانـەیە. منیش بم هەر وەک تۆ بیردەکەمەوە، دیارە ڕۆژنامە ناخوێنیتەوە.

- با، دەیخـوێـنمـەوە؛ بەڵام ڕۆژنامـەکـانی تارانمان دوای دوو ڕۆژ پێ دەگا.

- من کـچـەکەیان فـڕاندووم. ئەوانەی فـڕاندوویانە کۆمـەڵەیەکی چەپ گەرای چەکدارن و لەم ناوچەدان، دەیانەوێ لەگەڵ هاواڵێکی ئیعدامی خـۆیانـدا بیگۆڕنەوە. ئەو کـابرام لەگەڵ خـۆمـا هێناوە، هیـچ چارەیەکم بەلاوە نییە؛ ئەوە نەبێت هەرچی بڵێن بەگوێیان بکەم. جا وەک دەبینی لەیرا دەبێت چاوەڕوانی پەیوەندییان بم. کێیەو چۆنە و کەیە؟ نازانم.

- جا باشـە هـاتو ئەو کـابـرایەت دا بـەدەسـتیـانـەوەو "مـەحـروسـە"یان ئازاد نەکرد چی؟

- ڕێی تێ دەچێت. باوەڕ بکە کـوڕەکـەم بایە وەڵامـیـانم نەدەدایەوە... چی بکەم ئابڕوو و ناموسم بەدەستی کۆمەڵێکەوەیە نە شـەرەفیان هەیە و نە وژدان، جـانەوەرن. پاسـدارێک هـاتە ژوورەوە ڕوو بەفـەرمـاندەری سوپا:

- قـوربـان! کـابرایەک لە دەرەوەیە دەڵێت "حـاجـی" ئـیـشـی پێمـە. من لەسەر قسەی ئەو هاتووم.

حـاجی فـڕەفڕی کۆپتـەری شـینۆک گـوێی سـەنگین کـردبوو هەسـتـایە سەرپا و وتی:

- چی دەڵێت؟

فەرماندەی سوپا بۆی گێڕایەوە. حاجی پەلەپەل وتی:

– با بێتە ژوورەوە.

فەرماندەری سوپا وتی:

– بەچاکی لەش و پەیکەری بپشکنن نەکا خۆی بتەقێنێتەوە. وەلەدوزنان! هەموو کارێکیان لێ دەوەشێتەوە. لە حەرامزادەگیدا دەرس بەشەیتان دەڵێن.

زۆری نەکێشا کوڕێکی گەنجی بالابەرز هاتە ژوورەوە بێ سەلاو وتی:

– هاتووم هاوڕێ فەلامەرزم پێ بسپێرن، هاقالان چاوەڕوانین.

– ئەی کچەکەم؟

– ئازادی دەکەین. بەڵێنی ئێمە، بەڵێنی پیاوە.

– لەیرا یا لە کوێ؟

– کچەکەت لە تاراندایە و دوای ئازادی هاوڕێ فەلامەرز ئازاد دەکرێت. دڵنیابە جێگەی ئەمنە و بەسەلامەتی دەیگێڕینەوە.

فەرماندەری سوپا ڕوو بە"حاجی":

– دەتوانم پرسیارێکی لێ بکەم.

– ئەگەر پرسیارەکەت ئەم پیاوە ئاڵۆز دەکا نا مەپرسە و لێی گەڕێ؟

– نەخێر، دەمەوێ بزانم چۆن ئەوەندە زوو زانییان جەنابت تەشریفی هێناوە؟ خۆ هەمووی جگەرەکێشانێک نابێت.

کوڕە گەنجەکە کەنین کەوتە سەر زاری و بەپێکەنینەوە:

– جا توخوا ئەو قسەیە؟ دووسێ هیلوکۆبتەر فڕە فڕو گرمە گرم ئەم

دەڤــــەرەی نـاوەتـە یـەک، کێ بێت نـەزانێت کــــابـرایـەکی گـــــەورەی جەمـهوریـەتی ئیسـلامی هـاتووە. وەک حاجی دەزانێت ئێمە چاوەڕوانی هاتنیمان دەکرد و لەوەی دڵنیا بووین، دەبێ هـەر ئەو بێت.

حاجی قیڕاندی:

– شـەهـاب! شـەهـاب!

شەهاب قومی هاتە ژوورەوە.

– بڕۆ فەلامەرز خانم بۆ بهێنە.

– سـەرچاو!

لە چرکەیەکدا فەلامەرزیان هێنایە ژوورەوە.

حاجی ڕوو بەفەلامەرز:

– واتە تەواوی داواکانی هاوالّەکانتم جێبەجێ کردووە. ئێستا تۆپ لە گۆڕەپانی ئەواندایە.

من لەیرا بم یا بگەڕێمەوە؟

کوڕە گەنجەکە وەڵامی دایەوە:

– گـەڕانەوەت لەوێ پێـویسـتـە. تا دەگـەیتـە ئەوێ کـچـەکـەت بەرەڵا کراوە.

فەلامەرز ڕوو بەحاجی:

– داوایەکمان ماوە. ئەڵبەتە داوای تایبەتی منە، دەتوانم بیکەم؟

– دەی دەتوانی.

– دەمەوێ یەکێک لە شـەهـاب قومی هـەڵدەم.

– هـەر ئەوەندە؟

– هـەر ئەوەندە.

حاجی قیڕاندی:

– شەهاب! وەرە پێشەوە دوای تێکە. شەهاب هاتە پێشەوەو دوای کردە فەلامەرز.

فەلامەرز دووسێ جار بەدەری قوونی "شەهاب"دا سووڕایەوە و لەپڕ بەتەواوی هێزی هەڵی دایە ناو گەڵی و وتی:

– نامەرد! تف لەو زیندەگییەیت.

شەهاب ئایەکی کردو تەختی زەوی بوو. ڕەنگی ئەوەندی تر ڕەش داگەڕا. لە ژانا خۆی لوول دەدا: پێچی دەخوارد چو مار.

کوڕە گەنجەکە باوەڕ بەخۆیانە وتی:

– دەتوانین بڕۆین؟

– دەتوانن.

– با ماشینێک پاسدارمان لەگەڵا بێت تا لە خاڵی پشکنین وەدەر دەکەوینەوە تا تەشقەڵەمان پیانەکەن.

– ماشینتان پێیە؟

– پێمە لە دەرەوە ڕام گرتووە.

ڕوو بەفەرماندەری سوپا:

– چەند کەسێکیان بخە گەر با دەست نەخەنە ڕێگەیان.

کوڕە وتی:

– بڕۆین؟

– بڕۆن.

فەرماندەی سوپای لە ژوور وەدەرکەوت و چەند کەسێکی کردە هاوڕێیان کە بێ دەردەسەر لەژێر دەسەڵاتی پاسداران وەدەر بچن.

نەڕاندییە سەر پاسدارەکاندا:

– نەکا بێ دڵییان بکەن. ئەوی ئەوان دەڵێن ئەنجامی دەن، ملهوڕی و زرتە زەلامی هەرکامتان بیکەن سەروکارتان بەلای منەوەیە.

یەکێک لە پاسدارەکان لە فەرماندەکەوە نزیک بوویەوە: ئەگەر داوای چەکەکانمانیان کرد چی؟

– بیاندەنێ.

– ئاخر...

– ئاخر بێ ئاخر. وەک وتم ئەوی دەیانەوێ بێ ئەملاولا بیکەن، تەواو.

کابرا پای دا بەزەویداو وتی:

– بەڵێ قوربان!

سـەد خـۆزگـەم بەجەبـهەی شـەڕی ئێراق و ئێران! خـۆمـە کـێشـە و مـەرافـەی ئـەیرا لـەوێ زۆرترە. من یـەکـێک تـا ئـەیراو بەس، هـەرچی لەیـەکی دەدەمـەوە پێشـمـەرگـەیی بە مـن ناکـرێت. ئەم ناوە هـەڵـەیە، نەدەبوو ناوی وایان لێ نابا.

– کام ناو؟

– ناوی پێشـمـەرگـە؛ دەبێت پێشـەکـەی لاون. ئەم ژیانـە بۆ خـۆی "مـەرگ"ی تەواوە. مـن ئەم بەزمـەم پێ ناکـرێت و سـبـەی دەڕۆمـە لای مامۆستا و پێی دەڵێم لە توانامدا نییە، توچی؟

کۆرش لا سەری هەڵکڕاند:

– کـوڕە هـەر ئـەسـپێ خـواردمی، باش بوو تۆ درکـانـدت؛ لە ڕووم نەدەهات لێت بپرسم .ئەم جۆرە ژیانە کوڕی خـۆی دەوێت. نەک من و تۆ لە ناچاریدا هاتووین، مەگەر نا؟

ـ ئاغای شەمخوری باو هەزار ئا. بەڵام نەتپرسی ڕووله کوێنه نەیت؟

– ئەی زوو نەتوت ئەودیو؟

– وتم؛ بەڵام بەو دیوا چوونا هەر کەس بۆ خۆی نییە. دەبێت لایەنێک بتپاڵێوێت؛ ئەگینا لەوێڕا سازمانی ئەمنیەتی ئێراق خراومان پێ دەکا.

– ئەوانیش ساواکیان هەیە؟

لە جوێی یەک ساواک سیانیان هەیە؛ شتێکە بەناوی جۆراو جۆر. ئەمە موخابەراتە، ئەمە ئەمنە، ئەو ئستخباراتە.

– تۆ چوزانی؟

– یەکێک لە پێشمەرگەکان هەشت نۆ مانگێک لەوێڕا گیرابوو. باسی دەکرد سەد ئەوەندی ساواک دڕندەترن، هەر بۆ فیز خەڵک دەکوژن.

– باشە ئێمە ئەوە دوو مانگە لەیرا پێشمەرگەین. مامۆستا کارێکمان هەر بۆ دەکا، نایکا؟

– هەستە بڕۆین بۆ لای.

دەنگی فڕۆکە هاتە گوێ. مەودای خۆشاردنەوەی نەهێلایەوە هەرکەسە لەلای خۆیەوە خۆی بەزەویدا داو ئیتر هەر تەقینەوەی بۆمبای جۆراوجۆر و بەنۆرە دەتەقینەوە. سێ فڕۆکەی جەنگیی فانتۆمی چواردە بنکەی ئاگردەدا. تەقینەوەکان هێندە زۆر و گرمەی گەورە گەورەی لێ هەڵدەستا هەر یەکە دەیوت بەخوا کەسی نەهێلاوە. کە بۆمباردومان تەواو بوو خۆشبەختانە تەنها پێشمەرگەیەک بریندار بووبوو، ئەویش سەرپایی تیمار کرا.

فەرهاد هەروا لە زەویدا ڕوو بەدەم ڕاکشابوو:

– ئاغای شەمخوری ماوی؟

– جا توخوا ئەمە مانە؟

– گوێی مەدەیە کرماشان پاڵەوان خوڵقێنە.

کۆرش بەدەم خۆتەکاندنەوە:

– بیلەم ڕیامە گوڕ باوک ئەو کەسە من خستیەسەو. یە زندەگیە من دیرم؟ تف وەی ڕۆژە.

- سەختی لێ مەنوە بابچیمنە لای مامۆستا تا بزانیم کاری ئەڕامان کات یا خەیر؟

چەند پێشمەرگەیەک لە دەوری ژوورە قوڕینەکەی مامۆستا کۆبوونەوە. فەرهاد و کۆرشیش چوونە نێوانیانەوە.

فەرهاد لە یەکێک لە پێشمەرگەکانی پرسی:

- مامۆستا لە ژوورەوەیە؟

- نەخەیر.

- نەخەیر؟

لە ژووری بێتەلە. تەلگوراف دەکا بۆ برادەران دەربارەی ئاکامی بۆمباردومانەکە.

شینایی دەشت و دەری خەملاند بوو. هەتاو پرشەی دەهات، باڵندەکان تاک و تەراک دەهاتن و دەچوون. مامۆستا دەفتەرێکی بەدەستەوە بوو لە ژووری بێتەل وەدەر هات. فەرهاد و کۆرش لێی نزیک بوونەوە.

فەرهاد وتی:

- مامۆستا پێنج دەقیقەیەک دەتوانین بەخزمەتت بگەین؟

- ئێستا یا دوایی؟

- بکرێت ئێستا.

- وەرن لەگەڵما.

کەوتنە دوای. ژوورەکەی مامۆستا لە سێوەری تاشە بەردێکی تیژو بوڵەندا لە بەردو قوڕ پێک هێنرابوو. بەدارو پەل و پۆ و گەڵای دار گوێز و بەڕوو داپۆشرابوو، قوڕی بەسەردا سواق درابوو.

– ئێ فەرموون. شتێک ڕووی داوە؟

– نەخەیر مامۆستا. هەموو شت ڕووبەرایە، شتێکە ئێمە دەرەقەی ئاوا ژیانێک نایەین.

– دەتانەوێ وازبهێنن؟

– وازهێنان نا. دەمانەوێ بڕۆینە ئەودیودا لە ئێراقدا ببینە پەنابەر. مامۆستا بەدەم پێکەنینەوە:

– ئێمە ڕێ لە کەس ناگرین، پێشمەرگایەتی بەحەزو دڵ و داوە. پێشمەرگە نموونەی لێ بوردن و ئازایەتی و قارەمانیەتییە. بێگومان پڕە لە دژواری و زەحمەت و دەردەسەر. ئەمنیش لەو باوەڕەدام بەهەموو کەسێک ناڕوا بەڕێوە، ئێوە ئازادن. سبەی نامەتان بۆ ڕێکخراوی نێو ئوردوگای پەنابەران بۆ دەنووسم و وەرن وەریگرن.

لە بارەی فەرهادەوە بڕێک ئاگادار کرابوویەوە. دەیزانی لە نێو شاری کرماشاندا ناوباوێکی گەندەڵ و ناجۆری بەدواوەیە. خۆ لە نێو پێشمەرگایەتیدا کەس هیچی لێ نەدیبوون، بەڵام هەمیشە پێکەوە بوونی ئەو دووانە سرنجی خەڵکی ڕاکێشابوو. بۆ ساتێک فەرهاد و کۆرش لەیەک دوور نەدەکەوتنەوە؛ هەر دەرکەوتنا دەیانوت: عاشقە و مەعشووق هاتن.

هەلێکی چاکمـان بۆ هەڵکەوتووە دەمـەوێ بەهەمـوومـانەوە بڕیاری لەسـەر بدەین. لە قـۆناغی یەکـەمدا وەسـتاکـارانە تیـا سـەرکـەوتین و ئەوەسـا هـاورێ "فـەلامـەرز"مـان لە نێـوانداپە. ئەمـەش دەگـەڕێتـەوە بۆ لێـهاتوویی و کـارامـەیی هـاوالانمان لەنێـو شـاری تـاراندا. ڕاسـتـە بۆ ڕێکخـراوێکی وەک ئێـمـە کـە پەیرەوی ژیانی پڕ لە ئـاسـایش و دیموکـراسین، مـندالّ فـڕاندن شـیـاو نـەبێت؛ قـەینا ئەو مندالّەش با هـی زالّمێکی وەک خەڵخالّی بێت.

ڕۆژگارێکی پڕ لە خوێن و فرمـێسکیان بۆ ئەم میللەتانە پێک هێناوە. ناچارین زۆر کـار و کردەوە بکەین بڕوامان پێی نیی. وا نەکـەین زەرەر و زیانـێکی قـورس و قـەبە دەگـاتـە ڕێکخـراو و سـەرئەنجـام ڕەوتی داهاتووی گەلەکەمـان. سەرو کـارمان لەگەڵ تاقمێکدایە، تەنها بیر لە بەرژەوەندیـی خـۆیان دەکـەنەوە. سـواری گـەردنی ئەم مـیللـەتە بوون و بەبیرو بۆچوونی هەزار و چوارسـەد سـالّ لەمـەو پێش تێ دەفکریەن و بەداخـەوە فـەرمـانڕەوایی دەکـەن. دیـارە دونیـای ئازاد بـەچەپ و ڕاستیـەوە کـەم تەرخـەم و زەبوونانە دەنـوارنە ڕووداوەکـان و چۆنیـەتی فـەرمـانڕەوایی و شـەڕی نێـوان ئەم دوو ولاّتەدا. هـەردوو ولاّتی بـەشـەڕ هـاتوو، شـەڕیان پێ ڕاناگیـرێت. بیانەوێ، دەتوانن. بەدبەختی لەوەدایە بەردەوامی ئەم شـەڕە خوێناوییـە ئەوڕۆکە بووە بەمەبەست نەک بەڵگە و نەردەبان. مـانـەوەی دەسـەلاّتدارانی هـەردوو ولاّت لـەگـەڵ بەردەوامـیی

شەڕدا پەرچ دراوەتەوە، تەنها گەندەڵی و دواکەوتوویی دەسەڵاتدارانی جەمهوری ئیسلامی نییە. میللەت کەوتوەتە ژێر دوو بەردە ئاشەوە، دەوڵەتی ئێراق لەوان لپ و لەوس خوێناویترە. ئێمە وەک ڕێکخراوێکی سیاسی لە ئاوا ڕۆژگارێکدا ناچارین خۆمان بپارێزین، نەیکەین تیا دەچین.

مەبەست لە فڕاندنی ئەو کچۆلە ئازادکردنی هاوڕێ فەلامەرز بوو بەچاکی و بێ زەرەر و زیان ئەنجام دراوە مایەی خۆشبەختیمە بۆ داهاتووی ڕێکخراومان. وەک دەزانن ئێمە بەڵێنی بەرەڵاکردنی ئەو کچەمان داوە. مەبەست لەم کۆبوونەوە ئەوەیە داخوازی تریان لێ بکەین یا لەیرەدا بیبڕینەوە. وەک دەزانن ژمارەیەک زۆر لە هەڤاڵان دەست بەسەرن و ڕەنگە زۆریان لە خۆڕا بکوژیەن. لەوانە گوزەشتە جۆری ژیان و مامەڵە لە نێو زیندانەکانی جەمهوری ئیسلامیدا بۆخۆی جۆرێکی دیکەی مەرگە، بڕیار بەلای ئێوەوە. یاسەمین ماندووانە چاوێلکەکەی لەسەر پارچە موکێتەکە داناو چاوی پرواند. بەزمانی بێ زمانی دەیوت:

– ئیتر یەکجار ماندووم. بەترپەنی و دەردەسەر و هەرسات چاوەڕوانی مردن چەندین ساڵ پیرتری کردبووم. بەلای هاوالانیەوە ڕێزی لە ناخیاندا چەسپابوو. بەنموونەی ملمـلان و کۆڵنەدانی ڕێکخراویان دەزانی.

یەکێک لە برادەران هاتە قسە:

– پێش ئەوەی بێمە سەر چەقی باسەکەم پێشنیازێکم هەیە لام وایە بکرێت، یارمەتییەکی زۆرترە بۆ ڕسوایی وچۆنیەتی مامەڵەی پیاو کوژەکانی دەستگا خوێناوییەکانی ئاخوندگەل. ڕێکخراوی ئێمە لە

بەیاننامەیەکدا بۆ هەڤالان و هەروەها میللەتی ئێران وەدەری خا چۆنیەتی ئازادکردنی هەڤاڵ فەلامەرز. ئەم برادەری ئێمەیە لە زەمانی شادا لە سلول مەرگدا مودەتەهای بردووەتە سەر. کەچی پیاوکوژەکانی دەوڵەتی تاران بەتۆمەتی دەرباری و ساواکی ئەگەر تا بیست و چوار سەعات پێش ئازادکردنی ڕێکخراو فریای نەکەوتبا ئیعدام دەکرا. لەیرەدا قووڵایی ژان و نەبوونی یاسا و وژدان و بەرەڵایی وەدەردەخا. ئێمە لە ڕووی چ کەیل و کێشانەیەوە پابەندی قەوڵ و بەڵێن بین؟ تازە لەگەڵ تەرازوودا جێی نابێتەوە. منیش دەڵێم بەتاوانی باوک و کەس و کار، بێ تاوانێک سزا نادرێت. لەبیرتان نەچێت ئێمە لەشەڕداین، شەڕەکەش خوێناوییە. مان و ژیان و پاشەڕۆژی ڕێکخراو کەوتووەتە ئەستۆمانەوە. من لام وایە ئەوی بەرژەوەندی ڕێکخراوو داهاتووی وڵاتە، بیکەین. ناکرێت خێڵەکییانە بیرکەینەوە؛ وەک وتراوە سیاسەت بێ باوک و داکە. بەڵێن و وەعد و پەیمان لە دونیای سیاسەتدا یانی بەرژەوەندی.

با لەو قسە کۆنانە گەڕێین و فیداکارترین لاوانمان بەبێ تاوان دەڕوا. لێ گەڕێن با هەزاران وەعدی وامان بۆ هەر کوێ دەڕوا با هەر بڕوا.

یەکێکی دی لە برادەران ناسراو بوو بەبێ دەنگ و لەسەرخۆ هاتە نێوانەوە:

- من جۆرێکی دیکەی بۆ دەچم. ئێمە لە سەردەمی ڕژێمی ڕابوردوودا بەترۆریست دراین لە قەڵەم؛ ئێستاش لەم سەردەمەدا دەوڵەتێکی بێ سەروبنی وەک جەمهوری ئیسلامی وەک دەبینین بۆ خۆی دەستی داوەتە کاری ترۆریستی؛ ئەوەسا سەفارەتخانەی وڵاتان

داگـیـر و دەست بەسـەر دەکـا. یانی پۆپەی کـاری تیـرۆریسـتی نێـودەوڵەتی. باوەڕتان هەبێت سـبـەی ئاوڕێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بداتەوە دیسانەوە ئێمە بەتیرۆریست دەدەن لەقەڵەم، ئەگەر تاکو ئێستا ناومانیان لە لیستی ترۆریستە ناسراوەکانا تۆمار نەکردبێت. من دەڵێم بۆ ئەوەی دەوڵەتی تاران سوود و بەهرەی میدیایی لە ڕفاندنی ئەم کچە وەرنەگرێت، بەچاکی دەزانم بەرەڵای کەین. جگە لەوە ڕێگە زۆرە بۆ تۆڵەسـەندنەوە لە زۆرداران. بەندە وەک ئەندامـێکی سەرکردایەتی لەوەی دڵنیام ڕێکخراوی ئێمە لەوە بەدەسەڵاتترە کە دوژمن تێی دەفکرێت. بەتواناوە ئەوی بمانەوێت بیکەین پێـمـان دەکرێت.

یاسەمین دووبارە چاوێلکەکەی لە چاو کرد و وتی:

- من ئەم کۆبوونەوەیە لەیرەدا کۆتایی پێ دێنم و سبەی دووبارە هەر لەم ڕووەوە کۆدەبینەوە. لەوەی دڵنیام تا سبەی سەرجەم دەگەینە ڕایەکی شیاو و پەسەند.

# فەرهەنگۆک

ڕەها: بەرەڵا.

حەشوکە: لەرزین.

نوش دارو: دەرمانی ئاوی حەیات کە نەگەیشتە "زۆراب"ی کوڕی ڕوستەمی زاڵ، لە داستانەکانی شانامەی فیردەوسییە.

زوراو: قارەمانێکی نێو شانامەی فیردەوسییە لەلایەن باوکییەوە -ڕۆستەمی زاڵ- کوژرا،

بیمارستان: نەخۆشخانە.

پەرکەم: سەرەع.

خەروار: خەرمان، کۆمەڵ.

بنچەک: ڕەگەز.

فێ: سەرع، پەرکەم.

میکرۆب: ئەنگەل.

قاوش: هۆڵ.

ڕێنما: چاوساق.

ناسورەدین شا: شایەکی دەسەڵاتداری دەورەی قاجاری بوو.

موزەفەرەدین شا: کوڕی ناسرودین شا بوو.

موحەمەد عەلیشا: کوڕ موزەفەرودین شای قاجار بوو.

ئەحمەدشا: دوا شای دەسەڵاتی قاجاریە بوو.

مەشرووتە: ڕاپەڕینی میللەتانی ئێران بۆ ژیانی دیموکراسی.

ڕەزاشا: ڕەزامیر پەنج لە ڕووی لێزانین و ئازایەتییەوە دوای هەروژاوی دەسەڵاتی قاجاریە بوو بەشا.

زیندانی قەسر: زیندانێکی بەناوبانگی سەردەمی قاجاری و پەهلەوی و هەروەها

جەمهوری ئیسلامییە.

بەدەرەک: بە جەهەنم.

جحانم: جهەنم، دۆزەخ.

پرسنل: دەستە، تاقم.

شلی لوغان: هەراو بەزم.

لۆمۆند: ڕۆژنامەیەکی کۆنی شاری پاریسە گەلێک ناسراوە.

جفە: ئەو موجەوهەراتەیە بەناوچاوانی تاجەوە.

نیکخواه: چەپگەرایەکی سەردەمی شا بوو ویستی شا بکوژێت سەرنەکەوت بەئیعدام مەحکوم کرا شا عەفوی کرد و کاری پێسپارد و لەلایەن جەمهوری ئیسلامییەوە کوژرا.

فەرەیدون: ناسراوێکی نێو دەرباری شاهەنشاهی پەهلەوی بوو.

کۆمیسون: لیژنە.

درزی کردووە: بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی نهێنی.

هوەیدا: سەرەک وەزیرانی زەمانی شا بۆ ماوەی سێنزە ساڵ.

گرکان: بورکان.

تایمس: ڕۆژنامەی بەناوبانگی بەریتانیا.

سوکان: فەرمان.

ناجور: ناحەز، ناپەسەند.

مارخۆر: ئەوانەی وا کارامەی کارێک دەبن.

شای دەف ژەن: بە ئاغا محمد خانی قاجار دەوترا کە لەلایەن کەریم خانی زەندەوە گونی دەرهێناو بوو بەنیرەمەک لەبەر ئەوەی دەنگی ژنانە بوو، لە جوێی بانگ کردن دەیدا لە دەف.

هەخامنشی: زنجیرەیەکی دەسەڵاتی مێژووینی ئێرانە بەدوای دەسەڵاتی مادا پێک هاتووە.

تەک تیرئەندازە: قەناس، تفەنگ چی.

ماد: دەسەڵاتی پێش هەخامنشیانە باپیرەی ئێمەی کوردە...

قولەک چاڵ: جێگەیەکە بەسەر چیای ئەلبورزەوە دەنواڕێتە شاری تارانا...

عیمارە: شارێکی خوارەوەی ئێراقە و هاوسنووری ئێرانە.

ئەزهاری: سەرەک وەزیری شای پێش بەختیار ناسراو بوو بەبوودەڵە و خوێڕی.

لوسکە: هەتیوە حیزە.

ڕکێف: سەیتەرە.

چەوت: لار، گێڕ.

خراو: جنێو.

سەکف و فول: چاوهەڵتەکان.

سیمرخ: باڵندەیەکی ئەفسانەییە.

مێردزمە: جانەوەرێکی ئەفسانەییە.

ئیستەرەم: هەر دەبێ.

پەکۆ: بەه بەه.

ئاوێزان: هەڵواسراو.

کورە: تۆپ.

خوارکرد: داینواندەوە.

بوقەتەی مل: پشتی گەردن.

بن: ژێر چەناکە.

نەوازش: دڵنەوازی.

پاپیەچ: تۆمەت، بوختان.

مەواجیب: مووچە، مەعاش.

بەرەبەلو: جۆرێکە لە دەمانچەی شل و پەنجاکان.

بۆم: بۆمبا.

میراژ: جۆرێکە لە فڕۆکەی جەنگی وڵاتی فەرانسە دروستی دەکا.

کەوانەی کێشا: گوللەیەک لە زەوی کەوێ و دووبارە بەرزبێتەوە.

هەروش: پەلاماری خەڵکی زۆر.

ئیجباری: سەربازی.

گۆڕانکاری سپی: کودتای سپی، ئینقلابی سپی.

وردەڵیک: دوای دابەشکردنی زەویوزار بەهۆی ئینقلابی سپییەوە چینی وردەخاوەن زەوی هاتەکایەوە.

گویای: وا وەدەردەخستن، وا بەبەرچاوکەوتن.

لاقرتێ: گاڵتە، جەفەنگ.

تەوهین: ئیهانەت، کەمایەتی پێکردن.

زاڵو: جانەوەرێکی خوێن مژە.

تاغوتی: ئەوانەی سەر بەدام و دەزگاکانی شا بوون.

ئەلویداع: خوداحافیز، by by.

پانیل: پارتیشن، بۆ جیاوازی نێوان دووبەش بەکاردەبرێت.

شاری نوێ: جندەخانەی ئەوسای شاری تاران لە خوارەوەی شارەوە بوو.

میرازگردنە: لێدان، تێهەڵدان.

تۆپی خمسەخمسە: جۆرێکە لە تەقینەوە دەتوانرێت بە"قەوس" بڕوات.

زەرگۆیی: زرتە زەلامی، ملهوڕی.

ڕۆڵ: دەور، نەقش.

بەستەگی: مورتەبیت، پەیوەنداری.

تەبار: وڵات، ناوچە، دیار.

ئەهریمەن: شەیتان.

تاکیواکی: دەستگای پێوەندی نێوان بۆ ئەندازەی چەند کیلۆمەترێک.

سەقز: شارێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە.

هەراسان: ترساو، تۆقیاو.

بادیگارد: حمایە، پارێزەر، حەرەس.

برۆنز: مادەیەکە زۆرتر بۆ داڕژتنی پەیکەر بەکار دەڕوا.

شیوازریگال: جۆرێکە لە وێسکی خواردنەوە و جۆری باش.

خاویار: هێلکە ماسی.

ئیمپریال: شاهانە.

زەنگوڵەی بەفر: ئاوێک لە بەرزاییەوە دەتکێتە خوارەوە بەهۆی سەرماو سۆڵەوە

دەرچیت و شۆڕدەبێتەوە.

قەڵوەز: لاپاڵێکی نمدار و سێوەر.

خورخورە: ناوچەیەکە لە فەرمانداری سەقز لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کوێستانێکی تەواوە.

هۆبەتو: ناوچەیەکە لە سەقز لە هاوینا گەلێک فێنکە.

زەربافت: ئەو پارچەیە بەتەلقرمەی زێڕین دەچنرێت.

برناخ: دوا سانتیمەتری کەپو لە نێوان دوو ئەبرۆدا.

دایکورکاند: دەست بەگریان کرد.

پایگا: قاعیدە.

بیمەبادا: بێترس.

قەرەباغی: سەرۆکی سوپای ئێران زەمانی شا.

فردوست: شیربرای شا.

هویزەر: ئەو جەنەراڵەی نەیهێڵا سوپای ئێران کودەتا بکا...

بازرگان: یەکەمین سەرەک وەزیر.

سولیوان: دوو باڵیۆزی ئەمەریکا لە زەمانی شادا.

سەنا: ئەنجوومەنی ڕیش سپییەکان.

پرسیارئامێز: ئاوری پڕ لە پرسیار.

قەبرغە: لاکەلەکە.

ڤیترا: شووشەی ڕەنگی بەهەم پەیوەست.

هەرزەگی: سەر بەهەوا، بێبەند و بار.

ئارمان: شیعار، دروشم.

پەنهانی: بەدزییەوە، بەنهێنی.

ڕوکنی دوو: دەستگای ئیستخباراتی سوپای شاهنشاهی.

مەبادا: نەکا.

دەرەجەدار: عەریف.

تیمسار: لە عەمید بەسەرەوە.

پایگا: مەقەر.

گوێقوڵاخ: ئامادە، سرک، سلوک.

لالە: چرای ئاوێنەدار، مۆمدان.

ڕاکێت: موشەک.

ئەبولفەزل: ئیمامێکی گەورەی شیعە.

شیرازە: بڕبڕاکە.

هووراکیشان: شیعاردان، هوتاف کێشان.

سینەما ڕێکس: سینەمایەک بوو لە زەمانی شادا سوتێنرا خرایە سەر ساواک، دوایی وەدەرکەوت لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە سوتێنرا بۆ ڕسواکردنی ساواک.

یاپشە یاپشە: لەسەرخۆ نەرمنەرم بەڕێگەوە ڕۆیشتن.

وا دەنوا: وا وەدەرکەوت.

هەردە: کۆمەڵە شاخێکی شانبەشانی نزم.

دەوەن: بەردی زەلام.

ئەڵماسە: هەتاو دەدا لە بەفری باریو دەبرسکێتەوە.

شینۆک: هیلۆکۆپتەرێکە نەفەربەر لە وڵاتی ئەمەریکا دروست دەکرێت.

مەحروسە: پارێزراو.

چوو: وەک.

کوێنە؟: لە کوێیەوە؟

بیلەم: لێم گەڕێ.

ڕیامە: گوم پیاکرد.

خستیەسەو: بۆیەتی، خستیەتەوە.

دیرم: هەمە.

بچیمن: بڕۆین.

ئەرامان: بۆمان.

خەیر: نەخەیر، نەو.